

# زمانی کوردی لەبەردەم دەروازەی دنیادا

نووسینی: جەبار جەمال غەریب

---

کۆکردنەوە و ئامادە کردنی: ڕەحمان نەقشی

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# پێرست

١- زمانی کوردی لەبەردەم دەروازەی دنیادا ........................................................... ٣
٢- دیوانی نالی سندوقی ڕەشی زمانی کوردییە ........................................................... ٨
٣- ئەوانەی زمانی کوردییان پاراست و ئیعتیباریان دایە ........................................................... ١٣
٤- مرۆڤ بە ئۆکسجین و ڕۆژنامەش بە زمان دەژی ........................................................... ١٨
٥- هەرگیز زمانی کوردی لە رووی پاڵپشتی ئاکادیمی و زانستییەوە هێندەی ئێستا هەتیو نەبووە ............. ٢٤
٦- کە زمان کەوتە فڕین تەنیا بەکاربەرەکانی دەتوانن باڵی بشکێنن ........................................ ٢٩
٧- وەزارەتێک زانست و ئەدەبناسی و خوێندەواری لێک جیا بکاتەوە جگە لە نەزانین هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێ ........................................................... ٣٤
٨- هەر سەردارێکی کورد بیەوێ لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا وانە لە مێژوو وەرگرێ، دەبێ چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب بخوێنێتەوە ........................................................... ٤٠
٩- کۆمەڵگەی نەریتی، ئەوەندەی لە قاچێکی ڕووت دەترسێ، نیو ئەوەندە لە شەڕی ناوخۆ، کوشتاری داعش، بۆمبی ئەتۆمی ناترسێ ........................................................... ٤٥
١٠- زمانی کوردی بۆ بەرگری و تەحەدا هەستایە سەر پێ و نەبەزی ........................................ ٥١
١١- لە هەشتایەکان، کوردی نووسین و تەقەکردن لە بەعس هاوشان بوون ................................... ٥٧
١٢- چەند لە سەرۆک شارەوانییەکانی پایتەخت مێجەر سۆن دەناسن؟ ........................................ ٦٣
١٣- دەبێ لەخۆمان بپرسین، ئایا لە ئاستێکداین زمانمان هەبێ؟ ........................................ ٦٩
١٤- چی بکەین زمانەکەمان لەناو نەچێ؟ ........................................................... ٧٥
١٥- چۆن زمان لە لەناوچوون بپارێزین؟ ........................................................... ٨١



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

# زمانی کوردی لەبەردەم دەروازەی دنیادا..

## بەبێ ئەوەی وەزارەت و وەزیری هەبووبێ سەدان ساڵە لەبەردەم دوژمنەکانیدا شکۆی خۆی پاراستووە

## جەبار جەمال غەریب

**(١)**

ئایا وەزیرێک دەتوانێ چارەنووسی زمانی کوردی بخاتە مەترسییەوە؟ ئایا لیژنەی زانستیی وەزارەتێک کە توانای زانستییان هاوشانی ئەنیشتاین بێت، دەتوانن زمانی کوردی بخەنە بەردەرگا؟ ئایا نەبوونی تێڕوانینێکی فەلسەفی بۆ زمانی نیشتمانی لە بەرنامەی حکوومەتدا لەپشت ئەو پشتگوێخستنەی زمانی کوردییەوەیە؟ لە هیچ لە بەرنامەکانی حکوومەتی کوردستاندا هەرگیز زمانی کوردی ناوی هاتووە، بۆ پەرەپێدانی رێکاری تایبەت و بودجەیەکیان تەرخان کردووە؟ کە پەرلەمان یاساکانی بە زمانی کوردی نانووسێ هۆیەکەی ئەوەیە کە زمانەکە ناکامڵ و ناتەواوە یان زمانی یاسادانەرەکان سەقەت و ئیفلیجە؟ ئایا زمانی دایک، هەروەک خودی دایک کە هەر بۆ مەتبخ و چێشتلێنانە! ئەویش بۆ سەر عەرەبانە و بۆ ناو زبڵخانە باشە؟ ئایا بەڕاست ئینسانی کورد زمانەکەی خۆی بەلاوە گرنگە؟ هاووڵاتی زمانی کوردی بە بەشێک لە کارێکتەری خۆی دەزانێ؟ ئایا گرنگیدان بە زمان پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیرییەوە هەیە یان هەڵوێستێکی نیشتمانییە؟ ئەو بەرگرییەی لە زمانی کوردی دەکرێ نمایشێکی ڕواڵەتییە یان ویستی کەسانێکە تا ئێستا دڵیان بە زمانەکەیانەوە بەندە؟ لەچاو پرسێکی وا گرنگ بۆ ژمارەیان ئەوەندە کەم بوو؟ ئەگەر شۆڕش بۆ مانەوە و پارێزگاری لە زمانی دایک کراوە، چۆن شارەزا و پسپۆڕ و زانایانی باڵای! (مەبەست وەزارەتە) ئەو شۆڕشەیە جورئەت دەکەن ئاوا سووک لە زمانەکە بڕوانن؟ ئایا کەمکردنەوەی گرنگیی زمانی کوردی پەیوەندیی بە نزمیی ئاستی زانستی و فێربوونەوە هەیە لە تەواوی زانکۆکاندا؟ ئایا وەزارەتی خوێندنی باڵا تێڕوانینێکی تایبەتی هەبووە بۆ لێکۆڵینەوە لە زمانی کوری وەک زمانی نیشتمانی؟ ئەگەر کورد شۆڕشی بۆ مانەوەی زمانەکەی کردووە، بۆچی نارەزایی خەڵکە شۆڕشگێڕەکە تەواوی شارەکانی دانەپۆشی؟ ئایا هیچ کوردێک هەتا ئەمڕۆ کتێبێکی کڕیوە تەنیا لەبەرئەوەی بە زمانی کوردی نووسراوە؟ ئەو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

پاشاگەردانییە چییە سەرتاپای جومگەکانی زمانی کوردیی لە بواری زانستی و ڕاگەیاندن و بازرگانی و کولتووری و نەتەوەییدا گرتووەتەوە؟

ڕاستە بڕیارەکەی وەزارەتی خوێندنی باڵا بیرۆکەی نووسینی ئەو کۆمەڵە وتارەی لا وروژاندم و بووە هۆی کەڵەکەبوونی ئەو پرسیارانەی سەرەوە و دواخستنی هەندێ بابەتی دیکە، بەڵام من نامەوێ ئەو وتارانە لەوەدا بچووک بکەمەوە کە تەنیا وەڵام بێت بۆ ئەو هەڵوێستە گاڵتەئامێزەی وەزارەتی خوێندنی باڵا، بەڵکوو دەمەوێت لە هەموو ئەو چارەڕشیانە بکۆڵمەوە کە لەژێر دەسەڵاتی کورددا بەسەر زمانی کوردیدا هاتووە. جگە لەوەش ئەو شوێنانەی بوونە هۆی ژێرپێ خستنی ئەو زمانە، چەند ڕێگایەکیش بۆ ڕزگارکردنی زمانی کوردی لە ستەمی وەزارەتەکان و بێ ڕەحمیی بەکارهێنەرەکانی بخەمە ڕوو.

***زانیاری:*** بەپێی ئامارەکانی (Merriam Webster) ئێستا ٧٠٩٩ زمان لە سەرانسەری جیهاندا قسەی پێ دەکرێ. ژمارەی قسەکەرەکان یان بەکاربەرەکانی هەر زمانێک بەردەوام لە گۆڕاندایە. نەک هەر ئەوە، ژمارەی زمانەکانیش شایانی گۆڕانن، لەبەر ئەوەی هەموو ڕۆژێک شتی تازە دەربارەی زمانەکانی دنیا دەردەکەوێت. سێ بەشی زمانەکان ئێستا ل مەترسیی لەناوچووندان، زمان هەیە کەمتر لە هەزار کەس ماون قسەی پێ دەکەن. تەنیا ٢٣ زمان زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی سەر زەوی قسەی پێ دەکەن.

ئۆکسفۆردیش زۆر سادە پێناسەی زمان دەکات: سیستمێکی پەیوەندییە (communication) لە دەنگ، وشە پێکدێت. یان سیستمێکی پەیوەندییە خەڵکی وڵاتێکی تایبەت بەکاری دەهێنن.

ئەو پێناسە و تەعریفانە باسی خوێن و دەربەدەری و کیمیایی تێدا نییە. ئەو سیستمە زمانییەی کورد بەکاری دەهێنێ هێندە سادە و ساکار نییە. دەکرێ لەسەر دەنگ و وشە ملیۆنان کەس بۆ سەدان ساڵ بکوژرێن یان بچەوسێنەوە! نەک خەڵکی ئەورووپا و ئەمەریکا، هەتا خوێندنی باڵاش، هەتا سەردارانی ئەمڕۆی کورد باوەڕ بەوە ناکەن کە زمانی کوردی چ قوربانییەکی ویستووە تا ماوەتەوە و گەیشتووەتە ئەمڕۆ. ئەوەتا زمانەکان بۆیە لەناو دەچن، چونکە قسەپێکەرەکانی ڕۆژ بە ڕۆژ کەم دەبنەوە. ئەرێ کورد، دەزگا زانستییەکانی. خوێندنە باڵاکانی چییان کردووە تا زمانەکەیان لە مەترسیی مردن دوور خەنەوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***ئەوەی زۆر گرنگە:*** زمان تەنیا ئەداتێک نییە بۆ خۆدەربڕین (self-expression)، تەنیا ئالیەتێک نییە بۆ گوزارشتکردن لە پێویستییەکان و خۆبەتاڵکردنەوە. ڕاستە ئەوە یەکێکە لە ئەرکە هەرە سەرەتایی و بنەڕەتییەکانی، بەڵام زمان ئەرکی زۆر گەورەتری لەسەر شانە، ئەرکەکانی زمان هەمەلایەنن. یەکێک لە ئەرکە هەرە ئاڵۆز و گرنگەکانی (سیستمی بیرکردنەوەی زمانە). ئەوەش پەیوەندdی بەو دوو خاڵەوە هەیە، یەکەمیان، توانای بەکارهێنانی زمان و ئاستی قووڵبوونەوە لە وردەکارییەکانی. دووەمیان، ئاستی وشیاری و هەبوونی زانیاری و بیرکردنەوە و شارەزایی بابەتی. زمان کارێکتەرێکی سەربەخۆ و ئازاد و بیرکەرەوەیە. ئێمە لە زماندا بیر دەکەینەوە، بەبێ زمان هیچ بیرکردنەوەیەک لە ئارادا نییە. گەورەترین کێشەی داهێنان بۆ زمانە پەراوێزەکان (کە کوردی یەکێکە لەوان) بیرکردنەوەیە بە زمانێک و نووسینە بە زمانێکی دیکە. بیرکردنەوەیە بە زمانی ئینگلیزی یان عەرەبی نووسینە بە زمانی کوردی. بۆ نموونە بیرکردنەوەیە بە تورکمانی (بۆ تورکومانێک) و قسەکردنە بە کوردی و بە پێچەوانەشەوە. ئەوە ئەگەر بۆ ئاستی یەکەمی زمان کە (خۆدەربڕینە) جۆرێک بێ لە پەیوەندی و جوانی و تێکەڵبوونی کولتوورەکان و ژیاندۆستی. بەڵام لە بواری نووسین و بەرهەمهێنانی داهێنانی فکریدا کارەسات و وێرانەیە. لەو حاڵەتەدا ئێمە دەبینە شاهیدی دوو مەرگ، یەکەمیان مەرگی زمان و دووەمیان مەرگی داهێنان.

### دیوە مێژووییەکەی زمانی کوردی (چەند نموونەیەک).. بیرخستنەوە و پەند!

**بابەتاهیری هەمەدانی** (**عوریان**) (٣٩٠، ٣٩١ .. ٤٧٥) دەشێ یەکەم کەس بووبێ بە زمانی کوردی (لوڕی) نووسیبێتی، واتا زیاتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا ژیاوە، سۆفییەکی گەورە و عارفێکی مەزنی سەردەمی خۆی بووە. سەرەڕای شارەزابوونی لە زمانەکانی دیکە، بابەتاهیر لەو سەردەمەدا متمانەی بە زمانی کوردی هەبووە و خۆشەویستترین کۆڕپەی کە شیعرەکانی بووە بەو زمانەی سپاردووە، زمانەکەیش لە ئاستی متمانەی ئەودا بووە و ئێستا شیعرەکانی بۆ پاراستووە. ئەوەش گەورەترین بڕوانامەیە زمانێک بیداتە بەکارهێنەرەکەی. ڕاستە بابەتاهیر بە زمانی فارسییش شیعری نووسیوە، دەشێ بەرهەمی دیکەشی هەبووبێ، شیعرە فارسییەکانیشی بەهایەکی گەورەیان هەیە، بەڵام ئەوەی بابەتاهیری کردووەتە تاقانە، شیعرە کوردییەکانییەتی (ئەمەش تەنیا ڕای خۆمە، من هەرگیز ڕای زانستی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی نانووسم).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ - ١٧٠٧) واتا ٣٦٧ ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لەدایک بووە، هەموو کتێب و حیکمەت و نووسینی ئەوکاتە دەشێ بە زمانی عەرەبی، فارسی یان تورکی بووبێ، بە دڵنیاییەوە بەکوردی نەبووە، (بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لە ناوچەکەدا باڵادەست بووە)، دەسەڵاتی هەرە باڵا تورک بوون، تورکیش ئەوەی قبووڵیان نەبووە زمانی کوردی بووە. عەلامە و زانا و شەهادەبەخشەکان کورد نەبوون و باوەڕیشیان بەو زانیارییانە نەبووە کە بە زمانی کوری نووسراون، ئەو شاعیرە بوێرە لەبەرئەوەی باوەڕی بە توانا و بیرکرنەوە و فکری خۆی هەبووە، شارەزای توانا و دەسەڵاتی خۆیشی بووە بەسەر زمانی کوردیدا، بۆیە شیعرەکانی بە کوردی نووسیوە. پرسیشی بە کەس نەکردووە ڕێگای پێ بدات یان نا، هیچ وەزارەتێکی باڵا نەبووە زمانەکەی ئەوەندە بە سووک بزانێ سەرپشکی بکا لە نووسین یان نەنووسین پێی. ئەو تەنیا باوەڕی بە دوو هێز هەبوو:

یەکەمیان. هێزی لەبن نەهاتووی زمانی کوردی بۆ گواستنەوەی ئەمانەت لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، باوەڕی بەوە هەبوو کە زمانی کوردی شیعرەکانی لە زەمنێکەوە دەگوازێتەوە بۆ زەمەنێکی دیکە. دەیپارێزت و لەبەردەم کات چۆک دانادا. گرنگە ئەوەندە متمانەت بە زمانەکەی خۆت هەبێ، ئەو متمانەیەش هەم زمانەکەی پاراست و هەم شیعرەکانی لە مردن ڕزگار کرد. زمانی کوردی ئەوەشی سەلماند وەک زمانە زیندووەکان هێزێکی جاڵجاڵۆکەیی گەورەی هەیە بۆ بەرگەگرتن و مانەوە، گەشەکردن، خۆتازەکردنەوە. (جاڵجاڵۆکە لەوەدا تاقانەیە کە لە هەر شوێنێ بوەستێ ئەوێ سەنتەرە. سەنتەر بەو مانایەی کە دەتوانێ بەئاسانی بە هەر ئاڕاستەیەکدا بیەوێ بڕواتە پێشێ، ئەوەش سیفەتی سەرەکیی زمانی زیندووە).

دووەم. باوەڕی بە توانای داهێنەرانەی خۆی هەبوو، دەیزانی پلەی شیعرەکانی، ریزبەندی و پۆلێنکردنی شیعرەکانی بەوە بەرز نابێتەوە کە بە زمانی نەتەوەی سەردەست بنووسێ. قبووڵکردنی میزاجی زمانی دەسەڵات لە گەشەکردنی توانای داهێنان هاوکاری ناکات، بەڵکوو خەیاڵی دەکوژێ. ئەو گەوهەرەکانی خۆی دەناسی، دەیزانی نرخی گەوهەر لە ماهییەتەکەی یان لە جەوهەرەکەیدایە، نەک لەو پەڕۆ و قەپێلکەی تێیدا هەڵدەگیرێ.

تێبینی: یەکەم. سەرەڕای ئەو دوو خاڵەی سەرەوەش، تەسلیمبوون بە زمانی دەسەڵات یەکەم تەسلیمبوون و یەکەم مەنزڵی ملکەچبوون و لەدەستدانی ئیرادەی بیرکردنەوەی ئازادە. لەبەردەم زمانی دایکدا تۆ خاوەن ماڵی، خاوەن دەسەڵاتی، خاوەنداری پاشا و یاسادانەر و یاساشکێنی، بەڵام لەبەردەم زمانی دەسەڵاتدا (چ دەسەڵاتی سیاسی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بێ، چ دەسەڵاتی مەعریفی بێت) تۆ میوانی، ملکەچ و بێ ئیرادەی، بیرکردنەوەی تۆ لەژێر زەبری زمانەکەدایە، نەک زمانەکە لەژێر هێزی بیرکردنەوەی تۆدا بێت. جیاوازیی کەسێکی خاوەن ماڵ و میوان یان خزمەتکار ئەوەیە خاوەن ماڵ لەکوێدا بیەوێ لەوێ دادەنیشێ، چی بوێ ئەوە دەڵێ، بەڵام خزمەتکار شوێنی دیارە و لە باشترین حاڵەتیشدا میوان شوێنی بۆ دیاری دەکرێ، ئەوەش دەبێتە سنووری ژیانی.

**دووەم**. تەسلیمبوون تەنیا بە سیستمی زمانەکە نییە، بەڵکوو تەسلیمبوونە بە سیستمی بیرکردنەوەی زمانەکەش. ملکەچکردنە بۆ ئالیبیەتی بیرکردنەوەی زمانەکە کە بەرهەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئاکاریی کۆمەڵگەکەی خۆیەتی.

**سێیەم**. بەکاربەرەکانیش دەبێ توانای بەرهەمهێنان و داهێنانیان بە زمانەکە ببەخشن. واتا تۆ کاتێک نەوەیەکی خۆت لەسەر بەکارهێنانی زمانێکی (دیکە) ڕادێنی واتا هەموو توانا فکرییەکانی ئەو نەوەیەی خۆت دەدەیە ئەو زمانە. واتا دەستهەڵگرتنە لە توانا مرۆڤییەکانی خۆت بۆ خزمەتکردنی کایەیەکی دیکە.

چوارەم، لە سێبەری زمانی دایکدا نەبێ هیچ زمانێکی دیکە نابێتە هاوکار و یارمەتیدەر، بەڵکوو دەبێتە جێگرەوە و داگیرگەر.

زەمەن تێپەڕی و ئەو کوردانەی لەپێناو مەقام و بەخشیش و دەسەڵات و سامانی دنیا، بە زمانەکانی (دیکە) جگە لە کوردی نووسییان، لەبیرچوونەوە و لەناو کتێبخانەکانی ئەوان تۆزیان لێ نیشت، لە باشترین حاڵەتدا وەک میوانی ئێسکگران لە کتێبخانەی نەتەوەکانی دیکەدا مانەوە (لێرەدا مەبەستە لەو کوردە داهێنەرانە نییە کە بە هۆی ژێردەستییەوە تەنیا زمانی نەتەوەکانی سەردەست فێربوون و لە نیعمەتی زمانی دایک بێبەش کران، بەبێ ئەوەی دەسەڵاتیان تێدا هەبێ)، بەڵام ئەحمەدی خانی لە گەورەترین دەروازەوە چووە ناو مێژووی ئەدەبیات و شکۆی نەتەوەکەیەوە، تا کتێبخانەی کوردی مابێ و خوێنەری کوردی و کوردینووس هەبن ناوی بەرز ڕادەگیرێت و رێزی بەرهەمەکانی دەگیرێت، ئەوە جگە لەو بەشدارییە گەورەیەی لە بنیاتنانی کولتوور و فکری نەتەوەکەیدا کردوویەتی. جوانییەکانی بەهۆی زمانە کوردییەکەیەوە لە نەوەیەکەوە دەگوازرێنەوە بۆ نەوەیەکی دیکە. ئەوەتا دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە دوور و درێژە، ڕۆژهەڵاتناس و کوردناس لەوپەڕی ئەمەریکا و ئەورووپاوە دێن و فێری زمانی کوردی دەبن، تا (مەم و زین)ی ئەحمەدی خانی بخوێننەوە، تا لە ڕێگای شیعرەکانییەوە سەردەمەکەی بناسن. هەر لەو ڕێگەیەشەوە شانازیی ئەوەی بەرکەوتووە کە وەک یەکەم شاعیر دەستنیشان بکرێ کە بیری نەتەوایەتیی گواستووەتەوە ناو ئەدەبیات، بەتایبەتی بۆ ناو شیعر. بەهۆی شیعرەکانی ئەوەوە دوو جۆر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ناسیۆنالیست لێک جیا کرانەوە (یەکەمیان، ناسیۆنالیستی کولتووری، ئەو جۆرە لە ناسیۆنالیستە لەگەڵ دروستبوونی زماندا پەیدا بووە. جۆری دووەمیان ناسیۆنالیستی سیاسییە، کە ئەوەیان لە شۆڕشی فەڕەنسا بەئاشکرا دەرکەوت) کاری کۆمەڵناسەکانی ئاسان کردووە بۆ وێناکردنی شێواز و چۆنیەتیی ژیانی لە کۆمەڵگەی کوردیدا.

١٦ی نیسان(ئەپریل)ی ٢٠١٧

## دیوانی نالی سندوقی ڕەشی زمانی کوردییە

(٢)

هەر تاکێک کە زمانی کوردی لە سینگیدایە دەبێ هەست بەو شانازییە بکات کە گەوهەرێکی لە نەمان و لەناوچوون پاراستووە.

سەد و نۆزدە ساڵ لەوەوبەر ڕۆژنامەی (کوردستان) بە زمانی کوردی دەرچووە، لە وڵاتێک یان لە پایتەختێک کە زمانی کوردییان نەزانیوە، عەرەبی زمانی فەرمی و کولتوورییان بووە، لەناو ئەو هەموو ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبە عەرەبییانەدا، میقداد بەدرخان و هاوکارەکانی شەرمیان نەکردووە و بەوپەڕی باوەڕ بەخۆبوونەوە رۆژنامەکەیان بە زمانی کوردی دەرکرد. ئەوە لە کاتێکدا وڵاتەکە عەرەبی بوو، زمانی تورکی دەسەڵاتدار بوو، ئەوانیش دوورخراوەی سیاسی بوون. زمانی کوردییش لە ڕووی هونەری و وشەسازیی تازەوە بۆ ڕۆژنامە زۆر هەژار و لاواز بووە. ئەوان چاوەڕێی بڕوانامە و دەستخۆشی لە هیچ وەزارەتێک و دەزگایەک نەبوون، تاکە یەک سەرچاوەی لەبن نەهاتوویان هەبوو، ئەویش ئەوە بوو کە زمانەکان هاوشان و هاوئاستن، ئەو هێزە نهێنییەی زمانەکەی بەرهەمهێناوە هێزی ئەوەشی داوەتێ لەبەردەم ئەرکەکانی سەردەمە جیاوازەکاندا دۆش دانەمێنێ و توانای وەڵامدانەوەی پێویستییەکانی قسەکەرەکانی هەبێ. ڕۆژنامەی (کوردستان) یەکەم تاقیکردنەوە بوو کە زمانی کوردی پێیدا تێپەڕی، بێ گومان لە ڕووی ڕۆژنامەگەرییەوە، ئەو کاتە هەم هونەر و هەم کایەیەکی تازە بوو، بابەتەکانی هەمەچەشن بوون و بابەتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕۆژیش بوون، سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری.

نامەوێ یەکە یەکە باسی ئەو کەسانە بکەم کە بەڕاستی لەوپەڕی میحنەتدا زمانی دایکیان لەبیر نەکرد و ڕەنجی فەرهادیان دا بۆ بەزیندوو مانەوەی و گەشەکردنی. ئەوانەی بە یاساغ و لەژێر جەور و ستەمدا زمانی کوردییان خوێند و فێری بوون، بوونە خەزنەیەکی لەبن نەهاتوو بۆ دەوڵەمەندکردنی زمانەکەیان. تا ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری کوردانی ڕۆژهەڵات، باکوور و ڕۆژئاڤا لە ژێرزەمین و بەنهێنی بە هەوڵی خۆیان فێری خوێندن و نووسینی زمانی کوردی بوون و دەبن. چەندان نیشتمانپەروەری بوێر، بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات ماڵی خۆیان کردە قوتابخانەی نهێنی و بەخشییانە ئەو مامۆستا و قوتابییانەی دەیانویست بە ریسککردن بە ژیانیشیان بێت زمانی دایکیان فێر ببن.

ئەو بابەتە دەرگایەکی فراوانترمان بە ڕوودا دەکاتەوە، لەبەر ئەوەی کورد خەیاڵدان و بیرەوەری (میمۆری)ی سفرە، بەتایبەتی کە لەسەر کورسی دانیشت، بۆیە دەبێ هەمیشە بیرەوەری زیندوو بکەیەوە.

## زمانی کوردی و سیاسەت

دەشێ دەستەواژەکە لەجێگای خۆیدا نەبێ، بۆیە ناچارم تۆزێک ڕوونی بکەمەوە، سیاسەت دنیا بەڕێوە دەبات، نەخشەی وڵاتەکان دادەڕێژێ و ژیان بە گرووپ و زمانێک دەبەخشێ و گرووپ و زمانێک بێبەری دەکات. سیاسەتم لێرەدا بە لێکەوتەکانییەوە بەکارهێناوە (سیاسەتی دابەشکردنی کوردستان، سیاسەتی ئابووری، کۆمەڵایەتی، تا سیاسەتی کولتووری و زمان) ئەو دابەشکارییە تایبەتە بە کورد، لە نەخشە و پرۆگرامی لێکۆڵینەوەی هیچ نەتەوەیەکدا بەو ئاراستەیە جێگای نابێتەوە، هەر بۆ نموونە، سیاسەتی زمان وەرگرە، لە مێژووی چ نەتەوەیەکی دیکەدا هەیە، هەموو دەوڵەتانی دنیا کۆک بن لەسەر ئەوەی زمانێک بەسەر زمانە هاوسێکانیدا دابەش بکرێت و ئەو زمانە هاوسێیانە مافی لەناوبردن و قەدەغەکردنی ئەو زمانەیان هەبێت! لە مێژووی چ نەتەوەیەکدا هەیە قسەکردن بەو زمانە سروشتییەی منداڵ لەسەر لانکە و ناو خێزان و کۆڵان و کاتی هەلووکێن فێری دەبێت قەدەغە و حەرام بێت؟ چ نەتەوەیەک هەیە بە یاسای زلهێزەکان و یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ئاستی جیهان زمانەکەی پەک خرابێت و لە هیچ شوێنێکی فەرمیدا قسەی پێ نەکرێت، سزای ئەو کەسانەی قسەشی پێ دەکەن بە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

یاسا بدرێت؟ (لەگەڵ ئەوپەڕی نەفرەت و بێزم بۆ ئەو چەند پەرلەمانتارە سەمەرەیەی کورد لە بەغدا کە دەیانگوت ئەو دەوڵەتە کوردییە بەنەفرەت بێ کە لە ڕێگای یاساوە دروست ناکرێ).

پاشخانی سیاسەتکردن بە زمانی کوردی دوای هاتنی ئیسلام و زاڵبوون و سەردەستەبوونی زمانی عەرەبی، نەهامەتییەکی زۆر گەورە بەسەر زمانی کوردیدا هات، بە ڕادەیەک هەموو شتێکی سڕییەوە، کە هیچ دەستنووسێک، چەرمێک، بەردێک و سواڵەتێک، وێنە و پەیکەرێک، پەرستگایەک، دیوارێک، نەخشێک ئاساواری نەماوە. بەبیانووی ئاینی جیاواز مێژووی کۆن لەناو برا. کورد هیچ نووسراوێکی پێش هاتنی ئیسلامی نەماوە، وەک ئەو نەتەوەیە لەسەر بەرد هەڵتۆقیبێ. مێژوویەکی ئەوەندە ون، ئەوەندە شاراوە، ئەوەندە داپۆشراو، ئەوەندە لەناوچوو کە هەرگیز وێنەی لە مێژوودا نادۆزییەوە. ڕاستە هەموو ڕۆژهەڵات بەر ئەو جۆرە هێرشانە کەوتوون، هێرشی جیاواز و لە کاتی جیاوازدا، بەڵام هیچ نەتەوەیەکیان وەک کورد هەموو شتێکی لەدەست نەدا، ئەوەیش بە لای منەوە لەبەر دوو هۆ:

**یەکەمیان**: هێرشەکانی سەر کورد زۆر دڵڕەقانە بوون، بەرگریی کوردیش ئەوەندەی دیکە ڕقی هێرشبەرانی ئەستوورتر کردبوو. دیسانەوە دەبێ بیر لەوە بکەینەوە، لەو کاتەوەی کە کورد تێکشکاوە هەڵنەستاوەتەوە، ئەو نەوەیەی شەڕی لەشکرەکانی ئیسلامییان کرد بۆ ئەبەد دەنگیان کپ کرا. واتا ڕاستیی شەڕەکان و چونیەتیی لەناوبردنی ژێرخانی کولتووری کوردی زۆر شاراوەیە، چونکە لەو کاتەوە سەرکەوتووەکان قسە دەکەن و دەنووسن و دەگێڕنەوە. سەرکەتووەکانیش هەمیشە لە بەرژەوەندیی خۆیان مێژوویان گێڕاوەتەوە. واتا ئەو کوردەی بە شمشێرەوە کوژرا کە دەیویست هیمدادی بگاتێ، نەوەکانی تا ئەو ساڵانەش بەردیان لەسەر سینگی کەڵەکە دەکرد.

**دووەم**: دوای تەسلیمبوونی کورد، کورد جارێکی دیکە خۆی پێ نەگیرایەوە و نەیتوانی هەستێتەوە سەر پێ. نەوەی دواتریش کە هیچی دەربارەی خۆی نەدەزانی، ترسەکەیشی وەکو میرات بۆ مابووەوە، بۆیە لە دڵەوە بەردێکی لەسەر ڕابردووی خۆی دانا و نەوەکانی دواتریش تاکە سەرچاوەی رووحییان ئاینی تازە بوو، بۆیە لە دڵەوە ئیمانیان قبووڵ کرد و لەپێش هەموو شتێکیان دانا. لە بەراورددا نەتەوەکانی دیکە شتێکیان لە ڕابردووی خۆیان هێنابوو، فارسەکان تا ئەمڕۆش جەژنە کۆنەکانیان بە جەژنی خۆیان دەزانن، کولتووری کۆن بە ئاشکرا بە ژیانی ڕۆژانەوەیانەوە دیارە، ئەوە جگە لەوەی لقێکی گەورەی ئیسلامیشیان بۆ خۆیان پچڕیوە، بە ڕادەیەک ئینتیما بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شیعە وەک ئینتیما بۆ فارس وایە، هەموو شیعەیەک هەوڵی فێربوونی زمانی فارسی دەدات. تورکەکانیش کە لە فارسەکان زیاتریان نەکردبێ کەمتریان نەکردووە. بۆ چرکەیەکیش تورکبوونی خۆیان لەناو ئیسلامدا لەبیر نەچووەوە، تا دەسەڵاتیان بۆ خۆیان قۆرخ کرد و بۆ نزیکەی ٦٠٠ ساڵ بوونە خەلیفە و دەمڕاستی موسڵمانان. کولتووری تورکی بە هەموو وڵاتانی ئیسلامیدا بڵاو بووەوە و تورکی بووە زمانی سەرەکی. بە ڕادەیەک لەو ساڵانەی دواییدا لە میسر کۆنگرەیەکی نیشتمانی کرا بۆ پاککردنەوەی کولتوور و زمانی عەرەبی لە دەسەڵات و زمان کولتووری تورکی.

لەو ماوە دوور و درێژەدا کورد هەرگیز هەلی ئەوەی دەست نەکەوت خزمەتی زمانەکەی خۆی بکات، بەڵکوو زانایانی کورد خزمەتێکی هێجگار گەورە و بێ بەرامبەری زمانی عەرەبی و فارسی و تورکییان کردووە. سەرەڕای ئەوەی کە زمانی عەرەبی وەک زمانێکی موقەدەس ناسێنرا. کولتووری بیابان خوێندن و خوێندەواریی کردە پیشەی گرووپێک و تاکە یەک بابەت. زانایان زۆر باسی شارستانیەت و دەسەڵاتی کوردی دەکەن پێش ئیسلام و دوای ئەوەیش، بەڵام من هیچ بەڵگەیەکی جدی بۆ لێکۆڵینەوەکانیان نابینم. کورد بوو بە کۆیلەیەکی ملکەچی زمانەکانی دیکە. لێکدانەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو بابەتەش کارێکی زۆر زۆری دەوێ، دەشێ بۆ بابەتەکەی منیش ئەوەندە پێویست نەبێ.

ئەوەی زۆر پێویست و دیارە، لە سەردەمی عوسمانییەکان کە نزیکەی ٦٠٠ ساڵی خایاند بە تەواوی (لە ٢٢ - ٧ - ١٢٩٩ بۆ ٢٩ - ١٠ - ١٩٢٣) لەو ماوە درێژەدا کورد ئیماراتی لێرە و لەوێ، لە وەختی جیاوازدا دروست کردووە، ئیماراتەکان جارێک دۆستی یەکتر و سەد جار دوژمنی یەکتر بوون، بە ئالیەتێک دروست دەکران هەمیشە بەژەوەندییەکانیان دژی یەکتر دەکەوتەوە، خێڵە گەورەکان هەوڵی فراوانکردنی دەسەڵاتی خۆیان داوە و خێڵەکە بچووکەکانیان خستووەتە بندەستی خۆیان و لە شێوەی ئیمارات دەرکەوتوون، هەمیشەش سنووری گەورەبوونیان لە سنووری خێڵەکەیان تێنەپەڕیوە. ئەوەش دوای ڕێککەوتنی گوماناوی و پەیوەندیی نابەرامبەریان لەگەڵ ئیمپڕاتۆڕە گەورەکانی ناوچەکە. ئەو مێژووە کە دیسانەوە کورد نەینووسیوەتەوە (مێژووی دەسەڵاتی خەلیفەکانی ئەمەوی و عەباسی، بەتایبەتی مێژووی عوسمانییەکان) ئەوەی بەدەستمان گەیشتووە بە چاک و خراپییەوە هی نەتەوە سەردەستەکانە. هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن کە لە هیچ کام لە (قۆناغەکانی) ئەو ماوەیەدا کورد دەوڵەتی نەبووە و زمانی کوردی ئاوڕی لێ نەدراوەتەوە و هەمیشە لەبن دەست و پێدا بووە. سەرەڕای ئەوەش کە زمانەکە خزمەت نەکراوە، فەرامۆش کراوە، تەنانەت لە لایەن کورد خۆشیەوە. دوژمنایەتیش کراوە و هەموو هەوڵێک دراوە بۆ



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەوەی ناشیرین بکرێت. زانا بڕوانامە بەخشەکانی ئیسلام زمانی کوردییان بە زمانی خێو و جن و مەخلووقی نەگریس دادەنا، ئەو سووکایەتیکردنە بۆ ناو کولتووری کۆمەڵایەتیشیان شۆڕ بووەتەوە (فارسی شەکەرە، تورکی گەوهەرە، کوردی زمانی خەرە).

گێڕانەوەی ئەو مێژووە پڕ میحنەت و کارەساتەم مەبەست بوو، هەروا بەکورتیش بەسە بۆ ئەوەی بزانین نەوەی نەتەوەیەکی هەتیو لە رووی مێژوویی و جوگرافی و کولتوورییەوە چ ئەرکێکی لەسەر شانە، لە کوێی دنیادا وەستاوە. هەر تاکێک کە زمانی کوردی لە سینگیدایە دەبێ هەست بەو شانازییە بکات کە گەوهەرێکی لە نەمان و لەناوچوون پاراستووە.

## گەوهەرەکەی ناو سینگ

ئەوە کاری منە پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو ماڵوێرانییەی ئێستا بەسەر ماڵی زمانی کوردییاندا هێناوە، هەندێک لەوانە بەسەر بکەمەوە کە ئەو گەوهەرەیان خستە ناو سینگی یەکەیەکەی نەوەکانەوە.

نالی، خدری ئەحمەد شاوەیسی نالی بەگی میکائیلی (١٨٠٠ - ١٧٩٧..١٨٧٣)، تا ئێستا نالی تەنیا وەک شاعیرێک بە لای زانا و لێکۆڵەرەوەکان گرنگ بووە، بە لای کەمەوە لە پلەی یەکەمدا، بەڵام ڕۆژ بەڕۆژ کە مەترسییەکانی سەر زمانی کوردی دەبینین، ئەو ڕاستییەمان زیاتر بۆ دەردەکەوێ کە نالی بە پلەی یەکەم زیندووکەرەوە و پارێزەری زمانی کوردییە (بەتایبەتی ئەو زاراوەیەی ئێستا بەکار دێت)، نالی دیوانەکەی کردە ئەو کۆمارەی کە کوردی لە ژیانی واقیعیدا بۆی دروست نەکرا، سندوقی ڕەشی زمانی کوردی دیوانی نالییە، با خەڵکانی دیکەیش پێش ئەو بە زمانی کوردی نووسیبێتیان. نالی شانازیی ئەوەی بەردەکەوێ کاتێک کورد لە هەموو دنیادا دەردەکرێت و جوگرافیایەکی نامێنێ بە سەربەخۆیی تێیدا بژیت، ئەو بە حیکمەت و وشە کۆمارێکی ڕاستەقینە بۆ زمانەکەی بنیات دەنێ. کۆمارێک کەس ناتوانێ سنوورەکەی بشکێنێ. دیوانەکەی هەمان ڕۆڵی کتێبی پیرۆزی هەیە بۆ نەتەوەی کورد. وەختێک سنوور و جوگرافیا و کولتوور و گوند و شار نامێنن، هەموو شتێک دەکەوێتە مەترسییەوە، دیوانێک هەیە بە ناوی دیوانی نالی، هەموو نەتەوە و زمانەکەی وەک خۆی دەپارێزێ و دروستیشی دەکاتەوە. زانا بڕوانامە بەخشەکانی سەردەمەکەی تانەی لێ دەدەن و پێی دەڵێن (ئەوە چییە خۆ کوردییە) هەر وەک ئەوەی نوێنەری وەزارەتی خوێندنی باڵای ئێستا بن. بەڵام ئەو، نالی، وەک ئێمە سەرکز گوێی بۆ نەگرتن و پێی گوتن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

(ئێوە نادانن)، چونکە هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی تالیبی مەعنا دەکا. نالی وەک سەرکردەی سۆفییەکان لە ئەشکەوتی سەدەی نۆزدەدا دڵی رووناک بووەوە، ڕێگایەکی دیکەی بۆ تەواوی سۆفییە دڵ رووناکەکانی سەردەمەکەی خۆی و دواتریش کردەوە. زمانێک نالی و مەولەوی، مەحوی رووناکیان کردبێتەوە و شیعریان پێ نووسیبێ، هەرگیز هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەر نابێ. ببوورن من هەر ڕستەیەک دەبارەی شیعر و شاعیران بنووسم، هەست بە شەرمەزارییەکی قووڵ دەکەم بەرامبەر مەولەوی. مەولەوی باخچەیەکە ئەوەندە لێم نزیکە بۆنی مەستم دەکات، بەڵام کاتێک دەستی بۆ دەبەم و دەستم نایگاتێ. من لە بابەتەکەم دوور نەکەوتوومەتەوە، لە زمانی کوردی دەدوێم لە بەردەم دەروازەی دنیادا، هەڕەشەی دوژمنەکانی و بێڕەحمیی بەکاربەرەکانی.

٢٤ی نیسان(ئەپریل)ی ٢٠١٧

## ئەوانەی زمانی کوردییان پاراست و ئیعتیباریان دایە

(٣)

**یەکەمیان**: **ئەدەبی زارەکی** (Oral literature)، گێڕانەوەی ئەزموونەکانی خەڵک و مێژووی شەڕ و شۆڕ و داستانی عاشقانە و گاڵتە و حیکمەت و پەند و مەتەڵەکانیەتی. لە کتێبی (ئینسایکۆپیدیای ئەدەبی زارەکی)دا سیمۆن ڕۆتلیج دەنووسێ: مەبەست لە ئەدەبی زارەکی rature0 ئەو ئەدەبەیە کە بە وشەی گوتراودا دەگوازرێتەوە، لەبەرئەوەشە پشت دەبەستێ بە (زمانی قسەپێکراو) و تەنیا لە کۆمەڵگەی زیندوودا دێتە ژیانەوە، کاتێک کۆمەڵگەی زیندوو لەناو دەچێ، زارەکی وەزیفەی خۆی لەدەست دەدات و دەمرێ، ئەو ئەدەبە پێویستی بە خەڵکە کە لە کۆمەڵگەیەکی زیندوو و چەسپاودا بن، ژیانی دەوێ. ئەدەبی زارەکیی کوردی دەوڵەمەند و هەمەلایەن، فراوان و فرەبابەتە. تەنیا لە ئەدەبی زارەکیدا دەزانی کۆمەڵگەی کورد چەند زیندووە، تەنیا لە ئەدەبی زارەکیدا دەزانی زمان چ بەرهەمهێنێکی فکر و بابەتە، ئەو هێزەی لەپشت خەڵقکردنی ئەدەبی زارەکییەوەیە پێمان دەڵێت زمانی کوردی چ هێزێکی جاڵجاڵۆکەیی هەیە بۆ بەرهەمهێنانەوەی رووداو، ئەفسانە، چیرۆک و داستان! ئەدەبی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زارەکیی کوردی پێمان دەڵێت کە بەکاربەرەکانی ئەمڕۆی زمانی کوردی، دکتۆر و بڕوانامە باڵاکانی چەند هەژار و دەستەوەستانن لەڕاست توانای ئەو زمانە. ئەوە کیمیاگەرەکانن ناتوانن دەستەواژەی کیمیا دروست کەن، ئەوە دکتۆرەکانن ناتوانن سوود لە گەنجینەی فەرهەنگی کولتووری پزیشکیی سروشتی وەرگرن و بەرامبەر زمانەکەی خۆیان نامۆ و هەژارن، نەک زمانەکە بێ توانا و هەژار بێ. هەرچەند ئەدەبی زارەکی لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە و نهێنییە قووڵەکانی ژیانی کۆمەڵگەی تێدا نەدۆزراوەتەوە.

**دووەمیان: ئەدەبی نووسراو.** پێش ئەوەی لەو ئەدەبە بدوێین، پێویستە بڵێم ڕاستە زمانی کوردی یەکێکە لە زمانە کۆنەکان، واتا سترێکچە و سیستمی دروستکردنی ڕستەو وشە و ناو تێیدا بەئەندازە و تۆکمەیە، تا ڕادەیەک دەرککردن بە ئالییەتی کارکردنی بە شارەزایانی بوارەکەش نامۆیە، ئەوەش چونکە پاشخانی نەماوە و ڕەگی قرتێنراوە، ئەو پاشخانە کەڵکی بۆی نییە و فریای ناکەوێ. وەک ئەوە وایە زمانێکی تازە بێت و لەناو زمانەکانی دیکەدا نەشونمای کردبێ. ترسی ئەوەش ئەوەیە کە گرووپ و تاکەکەسیش دەتوانێ کاریگەریی خراپی لەسەری هەبێ. وەک ئەو قەباعەتەی ئێستا ڕاگەیاندنەکان بەسەر زمانی کوردیدا دەیهێنن، ڕۆڵی میدیا لە شێواندانی زمانی کوردیدا بابەتێکی تایبەتە و دەگەڕێمەوە سەری.

بۆ ئەدەبی نووسراو، ئەوەی نالی تەلیسمی زمانی عەرەبی و زمانی دەسەڵاتیان شکاند و کوردیان گێڕایەوە سەر عەرشی کتێب (پێش نالی ئەزموونی دیکە هەبووە، بەڵام من بەدوای ڕەگی ئەو شێوەیەی ئێستاوەم). دەنگ و تۆنی کوردی چووەوە ناو مزگەوت، ئەوەش یەکەم بزماری گەڕانەوەی ئیعتیبار بوو بۆ زمانی کوردی، دوای زیاتر لە هەزار ساڵ لە دوورخستنەوەی. نامەی دۆستان و شاعیرانە لەنێوان خوێندەوارانـدا دەگۆڕدرایەوە. لە سەدەی نۆزدەدا کە هاتوچۆی ڕۆژهەڵاتناسان لەوپەڕی گەرمیدا بوو، ئەو ڕۆژهەڵاتناسانە سەرەڕای کاری خۆیان خەریکی کاری کولتووری و فەرهەنگیش بوون، زوو هەستیان بەوە کرد کە زمانی کوردی هەڕەشەی لەناوچوونی لەسەرە، ویستیان بەهۆی ئەدەبی زارەکییەوە بەشێک لە زمانەکە و کولتوورەکەشی بپارێزن. لەم بوارەدا چالاکترینیان ئۆسکارمان بووە، کە بەوپەڕی جۆش و خرۆشەوە کۆمەڵێک بەند و داستانی هێجگار گرنگی لە نەمان و لەناوچوون پاراستووە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەوە، سەرەڕای ئەوەی کە لە دووەمین دەیەی ئەو سەدەیەدا شەڕێکی قورس و ماڵوێرانکەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەڵدەگیرسێ و دواتر ناوی شەڕی یەکەمی جیهانیی لێ نرا و ڕۆژگارێکی ڕەش بۆ تەواوی خەڵکی سەر زەمین بەدیاری دێنێ، لەگەڵ ئەوەشدا لەو سەدەیەدا زمانی کورد هەنگاوی گەورە و پتەو بەرەو پێشەوە دەنێ. پایە گرنگەکانی خۆی پتەوتر دەکات و سەرەڕای هەموو ئاستەنگەکان نەشونمایەکی بێ وێنە دەکات. گۆڕانێکی فەرهەنگی و ڕۆشنبیریی گەورە لە کوردستانی باشوور بەسەر زمانی کوردیدا دێت، لەو سەدە دوور و درێژەدا هەموو نەوەکان لە ئاستی خۆیان خزمەتێکی گەورەیان بە زمان و ئەدەبی کوردی کرد. بە جۆرێک تا ئەمڕۆش مانەوە و گەشەکردنی ئەو زمانە بەو کولتووره مەزنەوە بەندە کە نەوەکانی سەدەی بیست جێیان هێشتووە.

## کردنەوەی قوتابخانە

ڕاستە کە خوێندەوارانی کورد لە هەموو گۆشەکانی کوردستان هەوڵی گەورەیان بۆ خزمەتکردنی زمانی کوردی دابوو، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە تاکەکەسی بوون و کاریگەرییشیان سنووردار بوو. تا کردنەوەی قوتابخانە و ئازادکردنی خوێندن بە کوردی لەو بەشەی کوردستاندا. (لە خوێندن و قوتابخانە کرنەوەدا هەرگیز نابێ خەمخۆری و کاریگەریی نەجمەدین مەلا لەبیر بکرێت). قوتابخانە نەوەیەکی تازەی دروست کرد، ئەو نەوەیە پێش ئەوەی کوردیخوێن بن، کوردی لە ناخ و بیرکردنەوەیاندا بوو، بە کوردی دەژیان و بە کوردی بیریان دەکردەوە، ئەو نەوەیە زانست و خوێندەواری نەتەوەپەرستییان پێکەوە گرێ دابوو، ناوێکی شایان بە خۆشیان هەبوو، منەوەر. بە ڕاستی نەوەیەکی ڕووناککەرەوە و دووربین بوون، خوێندەواریی چەند مانای ناسینی وشە و بیرکاری و جوگرافیا بوو، ئەوەندەش مانای دڵسۆزی و خۆنەویستی و نیشتمانپەروەری بوو، ڕاستە سەرەتای سەدەی ڕابردوو شەڕ و نەهامەتی بوو، کوشتن و وێرانکردن بوو، بەڵام دەرکەوتنی قوتابخانە بەو شێوازە تازەوە توانی قەرەبووی بەشێکی زۆری ئەو زیانە بکاتەوە کە لە رووی مەعنەوی و رووحی و هۆشیارییەوە بەر کۆمەڵگەی کوردی کەوتبوو. بە ڕادەیەک کاریگەرییان لەسەر پێشکەوتنی زمانی کوردی هەبوو، کە زمانەکە لە خەم ڕەخسی و چووە ئاستێک کە نەتوانرێ لەناو ببرێ، نەک هەر ئەوە لە ڕۆژە هەر تاریکەکان کە کورد لە رووی جوگرافی و کولتووری و ساسییەوە تەسلیم بووبوو، یان زەبری کوشندەی پێ کەوتبوو، لەو ڕۆژانەدا تەنیا زمانی کوری توانی وەک چرایەک ئومێدی نەمردن و نەفەوتان لەو تاریکستانەدا هەڵ بکات، فەزڵ و دەستخۆشیش بۆ نەوەی منەوەری کوردیزانە. ئەوەش دەرگایەکی دیکەمان بەسەردا دەکاتەوە کە دژایەتیکردنی زمانی کورد هاوشان بووە لەگەڵ دژایەتیکردنی کورد بەگشتی. دەرکەوتن و گەشانەوەی زمانی کوردی لە هەر بەشێکی کوردستان وەک گەورەترین مەترسی سەیر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کراوە، یەکەمیان لەبەر ئەوەی نیشانەی بوونی نەتەوەیەکی دیکەیە. دووەم زمانەکانی (عەرەبی و فارسی و تورکی) بەرگەی بوونی زمانێکی دیکەیان لە ناوچەکە نەدەگرت، وەک دوژمن و نەیار و جێگرەوە سەیریان دەکرد، بۆ ئەو ماوە دوور و درێژە ئەو سێ زمانە چەند دژی یەکتر بوون، شەڕی زیاتر بڵاوبوونەوە، داگیرکرنی جوگرافیای زیاتریان کردووە، چەند دژی یەکتر بووبن لە سروشتی خۆیاندا لەسەر سەرکوتکردنی زمانی کوردی کۆک بوون، تەنیا دژایەتیکردنی زمانی کوردی هاوسەنگیی نێوانیانی ڕاگرتبوو. ئەو نەوە منەوەرە چەند قوتابخانە کاریگەریی لەسەریان هەبووبێ، بۆ خۆشیان زانا و هۆشیار بوون و فێربوون و زانست و کوردی فێربوونیان بە بەشێک لە ئەرکی نیشتمانی دەزانی.

## زمان و بەخشندەیی

زمان و بەخشندەیی یان زمان و لێبوردن، دابەشکردنی کوردستان و لەتوپەتکردنی زمانی کوردی تەنیا زیانی بۆ کورد وەک نەتەوە نەبوو، تەنیا کوردی نەخستە ناو شۆڕش و کارەستاوە، بەڵکوو بن پێخستنی زمانی کوردی، بێباکیی نەتەوەکانی دیکە، بێباکیی زانا و عاریف و عالمانی و ئیسلامی بەرامبەر ئەنفالکرنی زمانی کوردی کارەساتێکی گەورەی بەسەر تەواوی ڕۆژهەڵاتدا هێنا، زمانەکانی ڕۆژهەڵات ڕۆژ بەڕۆژ بەتاڵ دەبنەوە لە بەخشندەیی، لە لێبووردن، لە یەکتر قبووڵکردن، لە خۆشەویستی و لە ئینسان دۆستی. ڕاستە زمانەکانی ڕۆژهەڵات لەبەرامبەر تەجاوزکردنە سەر زمانی کوردی سزایەکی وا توند دران، بەڵام بێدەنگبوونیان، هەوڵدانیان بۆ وەرگرتنی بەشی خۆیان و دابەشکردنی میراتی زمانی کوردی بەسەر خۆیاندا، هەرسێ زمانە سەرەکییەکەی وەک سێ تاوانباری گەورە لەسەر میراتی زمانی کوردی کەوتنە گیانی یەکتر و ئەوەندەی پێیان کرا یەکتریان خوێناوی کرد. تا ئەو ڕۆژەش لە دڵەوە بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیەی کردییان ئاسوودەیی لە خۆیان نابینن و ناتوانن بەرامبەر ئەو هەموو وشەی هەڕەشە و کوشتن و جنێوەی ڕۆژانە چ بەرامبەر خۆیان و چ دژی یەکتری بەکاری دەهێنن، وشەی لێبوردن و خۆشەویستی دروست کەن. دەشێ خوێنەوارانی شارەزا بڵێن (نەخێر ناو فەرهەنگەکانیان پڕە لە وشەی جوان و لێبوردن و خۆشەویستی) منیش دەزانم ڕاست دەکەن، بەڵام وەڵامیشم هەیە. فەرهەنگەکانیان پڕن لەو وشە ناسکانە، بەڵام با سەیری وتارەکانیان، ڕۆژنامەکانیان، کتێب و نووسینی دەوڵەتیان بکەین، بزانین لەو سەد ساڵەی ڕابردوودا، بەرامبەر یەک جار وشەی خۆشەویستی، چەند جار وشەی کوشتنیان بەکار هێناوە. بەرامبەر یەک وشەی لێبوردن چەند هەزار جار وشەی لەسێدارەدانیان بەکار هێناوە. وەک ئەوە وایە بەرامبەر هەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دە ساڵ شەڕکردن ڕۆژێکی ئاشتییان هەبێ، هەر لەبەرئەوەشە کە ئەو وشانە ڕاستە بۆ دیکۆر لە فەرهەنگەکانیاندا مایەوە، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی ئەو وشانە مانا و لێکەوتکانیان بۆ نەوەکانیان بگوازنەوە. هەر بۆیە ڕۆژ بەڕۆژ ئەگەری شەڕ، ئەگەری پێکدادان و یەکترسڕینەوە لەنێوانیاندا زیاترە. سادەتر، پاشەکشەکردنی وشەی خۆشەویستی، لێبوردەیی جێگای بۆ تووڕەیی و خوێن چوڵ کرد و ڕۆژهەڵات بووە گۆمی خوێن.

## زمان و چەک یان زمان و سیاسەت

لەو هاوکێشەیەی سەرەوەدا دوو جار وشەی زمان هەیە، بەرامبەر هەر یەک لە وشەی سیاسەت و چەک. واتا زمان تەنیا و سیاسەت و چەک پێکەوە بەرەوڕووی دەبنەوە. لێرەدا سیاسەت بۆ ڕاڤەکردن و بەڕێوەبردنی ژیان و سیستم نییە، بەڵکوو سیاسەت زمان بچووک دەکاتەوە، زمان قەدەغە دەکات، بەنەفرەتی دەکات تا چەکی لەدژ هان بدات، توندوتیژی دژی بەکار بێنێ. سیاسەت بە جۆرێک زمانی کوردیی بچووک کردەوە و پەراوێزی خست و ئەتکی کرد، کە دواتر شۆڕشگێڕانی کورد سەرکەوتن و بوونە دەسەڵاتدار، نەیانتوانی (تابۆ)ی زمانی سەردەستە و سەپاو بشکێنن، ئەندام پەرلەمانی نوێنەری گەل لە ماوەی ٢٧ ساڵ لە حوکمکردنی کورد نەیانتوانی تاکە یەک یاسا بە کوردی دەرکەن. نەک هەر ئەوە، پەرلەمانی کوردستان سانسۆری خستە سەر سروودی نەتەوەیی و قەدەغەی کرد. من وەک کوردێک دوور لە سیاسەت ئەوە بە درێژکراوەی ئەنفال دەزانم.

ڕاستە من نووسەری ئەفسانە و داستانم، بەڵام کە دەربارەی کورد دەنووسم، پێویستم بە ئەندێشەیەکی فەنتازی و خەیاڵێکی فراوان نییە تا ئەفسانە بخوڵقێنم. بۆ ئەوەی ڕووداو و کێشەی دوور لە واقیع دروست کەم. لەوە ئەفسانەتر چییە نەتەوەیەک دوای گرتنەدەستی دەسەڵات نەتوانێ دەست لە زمانی داگیرکەر بەردات و زمانەکەی خۆی بەکاربێنێ و ئیعتیباری بۆ بگێڕێتەوە! نەک هەر ئەوە بیشی پەرستێ! ئەرێ ئەوە ئەفسانە نییە دوای سەدان ساڵ چەوسانەوە، بە قسەی خۆت ڕاپەڕیو و سەربەخۆ بیت، دوای ئەوە زمانەکەی خۆت نەفی بکەی و وەک دەرمان بەدوای داگیرکەرەکەتدا بگەڕێی؟ ئەوەیە تەسلیمبوون لە ڕۆحەوە، ئەوەیە دروستکردنەوەی قەفەز لەلایەن کۆیلەوە (ئەو ڕستەیە تەنیا لەناو چیرۆکی گابریل گاریسا مارکیز و ژیانی کورددا هەیە). دیمەنەکە چەند سینەماییە، هەزاران کۆیلە ئازاد کراون، قەفەزەکانیان شکێنراوە، کەچی دەبینی هەموویان سەرقاڵی ئەوەن قەفەزە شکاوەکانیان چاک بکەنەوە) سڵاو وەزارەتە باڵاکان، ئێوە شایانی باشترین قەفەزن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شکاندنی کۆتـەکانی دەست ئاسانە، شکاندنی کۆتـەکانی مێشک و رۆح قورسە. کۆتـەکانی دەست تەنیـا تۆزێـک ئازایەتی و چەکوچێکی دەوێت، شکاندنی کۆتی رۆح و مێشک، ڕزگارکردنی کۆیلە لە رۆحەوە بیرکردنـەوە و بڕیـاری یەکلاکـەرەوە و گۆڕانی هەمەلایـەنی دەوێـت. سـەرەڕای ئـەوە، ڕێگایـەکی دیکـەش هەیـە، کەسێک لـەدەرەوە دێـت و دەتوانێ کۆتی دەستی زیندانییەک بشکێنێ، بەڵام جگە لە زیندانییەکە خۆی، کەس ناتوانێ کۆتی رۆحی بشکێنێ. ئـەوەی گرنگـە وڵات مـەتر بە مـەتر و شـاخ بـە شـاخ ئـازاد نـاکرێ، وڵات تەنیـا کاتێـک ئـازاد دەکـرێ کـە هاونیشتمانەکانی ببنـە خـاوەنی یـەک کیلۆگرام لـە جەستەی خۆیـان، ئـەویش مێشکیانە. من دیسـانەوە لەبیرمـە بابەتەکـەی ئێمـە زمـانی کوردییـە لەبـەردەم دڵڕەقیـی دوژمنـەکانی و رۆحـی کۆیلـەی بەکاربەرەکانیـدا، ئێـوەش لەبیرتانە؟

١ی ئایار(مای)ی ٢٠١٧

---

## مرۆڤ بە ئۆکسجین و ڕۆژنامەش بە زمان دەژی

(٤)

### زمانی کوردی و سەدەی بیستەم

گەنجینە و گەوهەرێکی مەزن لە سەدەی نۆزدەوە دێتە ناو سەدەی بیست، سەدەی بیستیش بەوپـەڕی بەخشندەییەوە بەشی گەورەی خۆی دەخاتە سەر، لەو بەیەکگەیشتنەدا زمانی کوردی نەشونمایەکی گەورە دەکات.

ئەو گەوهەرەی لە سەدەی نۆزدەوە دێت، بەرهەمی شاعیرانی کوردە، شیعری کوردی لـە بابـەتاهیری عوریانەوە بۆ خـانی و نـالی، کـوردی و سـالم، مەولـەوی، وەفـایی، حـاجی و شێخ ڕەزا و چەنـدان کـوردیزان و زانـای قـاڵبووی

دیکەیە. بەشێکی دیکەی ئەو گەوهەرە بەرهەمی ئەو شڵەقانە مەعریفی و سۆفیگەرییە بوو کە مەولانە خالیدی نەقشبەندی (١١٩٣ک..١٢٤٣ک) ڕابەرایەتیی دەکرد. دیوی گرنگی ئەو چالاکییە ململانێ و دژایەتیی نێو خۆی تەریقەتەکان بوو. دنیایەک لە فیکر و ئاستێک لە یەکترقبووڵکردنی هێنایە ئاراوە.

دەرکردنی ڕۆژنامە و بەکارهێنانی زمانی کوردی لە کایەیەکی دیکەی مەعریفی و شکاندنی تەلیسمی ڕۆژنامە دەرکردن بە نسیبی دوا ساڵەکانی سەدەی نۆزدە بوو. جگە لەوانە، سەدەی نۆزدە چەندان خاوەن بیر و زانای بە دیاری دایە سەدەی بیست، لەنێویاندا حوزنی موکریانی و ئەمین زەکی بەگ و تۆفیق وەهبی و جەمیل سائیب و ئەحمەد موختار بەگی جاف و نەجمەدین مەلا و چەندانی دیکە. ئەوە جگە لە پیرەمێرد کە بە تەنیا بۆ خۆی دەزگایەکی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆشنبیری و کولتووری بوو.

میراتی کولتوور و فەرهەنگ و سامانی زمانی کوردی سەدەی نۆزدە بۆ سەدەی تازە، واتا سەدەی بیستەم، کە بە سەدەی نوێکردنەوەی دنیا دادەنرێ، کەم نەبوو. سەدەی بیستیش بە کەم سەیری سامانە رۆشنبیرییەکە و زمانی کوردی نەکرد و گەورەترین پێشوازیی لێ کرد، سەرەتای ئەو سەدەیە بە لەدایکبوونی گەوهەرەکانی گۆران و بێکەس دەستی پێکرد، عەلائەدین سجادی و دڵدار و دڵزار و هێمن و هەژار و دەیان مرواریی دیکەی بەدوادا هاتن (کە من لە ئاستی بەسەرکردنەوەی هەموویاندا نیم )، (ببوورن من تەنیا باسی ئەزموونی بەکارهێنانی زمانی کوردی لە باشووری کوردستاندا دەکەم).

## زەبری کەمەرشکێن و هەستانەوەی زمان

لە سەرەتای سەدەی بیستدا دنیا شڵەقا و شۆڕش و جەنگ و ئاشووب ماڵ بە ماڵی سەر زەوی گەڕا، ڕاستە بەشێکی قورسی ئەو نەهامەتی و ئاشووبە بەر کوردستان کەوت، وێرانکاری و ڕاو و ڕووت هەموو کوردستانی گرتەوە، بەبێ ئەوەی کورد خاوەن شەڕ یان خاوەن بڕیار بێت، کوردستان بووە مەیدانی جەنگ و هێرش و کوشتار. لە هەمووشی سەختتر کوردستان لەدوای جەنگ بە فەرمی و بەوپەڕی دڵڕەقی و دوژمنکارانە دابەش کرا. ئەو دابەشکردنە گەورەترین زەبر بووە لە تەواوی سەر زەوی بەر نەتەوەیەک کەوتبێ. ئەوەی بۆ بابەتەکەی من لێرەدا پێویست و گرنگە ئەوەیە: کە ئەو دابەشکردنە زاڵمانە کە هەموو دنیا لەسەری کۆک بوون، ئینسان و جوگرافیا و سامان و ئاو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و شاخ و شار و گوندی لەت و پەت کرد. تراژیدیترین چیرۆکیش دابەشکردنی گوندێکی نزیک نسێبیینە لە کوردستانی باکوور، ئەو دابەشکردنە ڕاست گوندەکەی کرد بە دوو کەرتەوە. ماڵی باب لە تورکیا و ماڵی کوڕ لە سووریا، ماڵی دایک لە تورکیا و ماڵی کچ لە سووریا. لە وەختێکدا پێش دابەشکردنی کوردستان خەڵکی گوندەکە نیوەڕۆیان لە ماڵێک و ئێواران لە ماڵێکی دیکە نانیان دەخوارد، جەژنان لە ماڵی یەکتر بوون و مردووی یەکتریان دەناشت، دوای دابەشکردن گوندەکە لە ناوەندیڕا بە تەلدڕ و دیواری دڕک دابەش کرا، کچ لەو دیو و دایک لە دیوەکەی دیکە، مەڕ لەو دیو و بەرخ لە دیوەکەی دیکە، بزن لە تورکیا و کاریلە لە سووریا، مانگا و گۆلک، برا و خوشک، دڵدار لەمدیو و دولبەر لەودیو، لە هەردووک دیودا هەموویان سەریان بە سیم و تەلدڕ کردبوو و بۆ یەکتر دەگریان، ڕۆژێک و دوو ڕۆژ و سەد ڕۆژ تا ئەمڕۆ بۆ یەکتر دەگرین، بۆ هەمیشە ناوی گوندەکە بووە گوندی گریان. من نووسەری ئەم چیرۆکە نیم، هیچ چیرۆکنووسێک بە ماریۆ ڤارگاس یۆسا و بۆرخیسیشەوە ناتوانن چیرۆکێکی ئاوا بنووسن. نووسەری ئەو چیرۆکە سیستمی نوێی جیهان بوو کە ئێستا بووەتە موقەدەس و سەد ساڵی ڕێکە بەردەوامە. (ببوورن تراژیدیا بردمی وەک چۆن گەلەکەمی برد)، ئەوەی پێویست و گرنگە: کە هەموو شتێک دابەش بوو، کە هەموو شتێک لەدەست چوو، کە دەسەڵاتی سڕایەوە، تاکە یەک شت ما نەتەوەیەکی چل ملیۆنی بسەلمێنێ، ئەوەیش زمان بوو، ئەویش زمانی کوردی بوو. ئەو زمانە کە ئێستا خوێندنی باڵای ناکامڵ و بازرگانیی چاوچنۆک و نانیشتمانی و بەرپرسی ملهوڕ هەموو بوونە دوژمنی.

مەبەستەکە ئەوەیە: سەرەتای سەدەی بیست، لە دەیەی دووەمیدا کورد تەنیا زمانی مابوو، شەڕی توندی کورد لەسەر مانەوەی زمانەکەی بوو. دەبێ هەموومان باش بزانین و ڕۆژانە بیری خۆمانی بێنینەوە کە هەین، کە ماوین، تەنیا و تەنیا بەهۆی زمانەکەمانەوەیە. ئەگەر وەک بەرنامەی بۆ دانرابوو، ئەگەر وەک نەخشەی بۆ دارێژرابوو، نەوەی خوێندەواری کورد، مەلا و زانای نیشتمانپەروەری کورد زمانی کوردییان فەرامۆش کردبا، ئێستا نەک ئەو چەند شارە هەموو دنیامان خستبایە ژێر دەسەڵاتی خۆمان، شتێک بەناوی کوردستان و کورد نەمابوو.

لە زەمەنی وتارەکەدا، ئێمە لە سەرەتای سەدەی بیستەمداین، ئەوەی هەمانە سامانێک لە شیعری کلاسیکیی زێڕین، کۆمەڵێک زانا و پیاوی کولتووری گەورە، نەوەیەکی عاشقی داهێنان و زمان و شارستانییەت، وڵاتێکی شکاو.

## ڕۆژنامە و سەرەتای سەدەی بیستەم و زمان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەدوای سەدان ساڵ، لە حکومداری بەنۆرەی (عەرەب، تورک، فارس)، کورد کەوتە دەست حکومدارێکی دیکە، کە ئەویش هەر داگیرکەر بوو، ئینگلیزی داگیرکەر، کە لە چەند خاڵێکدا لە هەر سێک داگیرکەرەکەی دیکە جیاواز بوو:

*یەکەم: هیچ کێشەیەکی جوگرافیی لەگەڵ کوردستاندا نەبوو، وەک نیشتمان.*

*دووەم: زمانێکی ئەوروپایی هەبوو، کە ڕەگوڕیشەیەکی ڕۆژهەڵاتی نەبوو، بۆیە ململانێیەکی نەتەوەیی لەگەڵ کورددا نەبوو.*

*سێیەم: لە رووی شارستانییەوە، هەم پێشکەوتووتر و هەم جیاوازتر بوو.*

*چوارەم: ئایینی لەگەڵ کورددا جیاواز بوو، بە پێچەوانەی هەموو تێگەیشتنەکانی ئەو سەردەمە، جیاوازیی ئایینی ببووە هۆکارێک بۆ یەکتر قبووڵ کردن، نەک یەکتر سڕینەوە وەک حکومدارەکانی پێشتر.*

*پێنجەم: لە هەمووی گرنگتر ئەو حکومدارە (خوێندەوار بوو)، دەشیویست لە ڕێگای خوێندەوارییەوە پەیامەکانی خۆی بگەیەنێ، بۆیە گرنگیی بە دوو شت دا،*

*یەکەمیان، خوێندەواری و کردنەوەی قوتابخانەی مۆدێرن. دووەم، دەرکردنی ڕۆژنامە.* بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ گەیشتنی سوپاکەی، یەکەم ڕۆژنامەی کوردییان بڵاو کردەوە بە ناوی (تێگەیشتنی ڕاستی) وەک لە ناونیشانەکەیدا دەردەکەوێ پەیامێکی سیاسی لەپشت ڕۆژنامەکەوەیە. تێگەیشتنی ڕاستی، واتا ڕاستییەک هەیە دەبێ هەوڵی تێگەیشتنی بدەین، یان ڕاستییەک هەیە ئەو ڕۆژنامەیە دەیەوێ تێمان بگەیەنێ.

لەپاش ئەوەی هێزی ئینگلیز لە خوارووی کوردستان نزیک بووەوە، لە بەغدا ڕۆژنامەیەکی بە ناوی (تێگەیشتنی ڕاستی بڵاو کردەوە، تێگەیشتنی ڕاستی لەلایەن فەرماندەی گشتیی لەشکری ئینگلیزەوە دەرکراوە. لەساڵی ١٩١٨ و ١٩١٩ بەردەوام بووە، لەو ماوەیەدا ٦٧ ژمارەی لێ دەرچووە، مێجەرسۆن سەرپەرشتیی کردووە و بەشی زۆری کارەکانی شوکری فەزڵی کردوویەتی، زانا و قەشە و ڕۆژهەڵاتناسی فەڕەنسی (ئەنستاس ماری کەرمەلی) هەموو ژمارەکانی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستیی لە بەرگێکدا پاراستووە و لە فەوتان ڕزگاری کردوون و دوای نەمانی دەست کتێبخانەی مۆزەخانەی عێراقی کەوتوون. (تەواوی ئەو زانیارییانەی دەربارەی ڕۆژنامەی تێگەیشتنی ڕاستی نووسیمن، لە کتێبی، تێگەیشتنی ڕاستی.. شوێنی لە ڕۆژنامەگەری کوردیدا، کەمال ئەحمەد مەزهەر، چاپخانەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا ١٩٧٨) ئەو حکومدارە نوێیە بە ڕاستی جیاواز بوو، یەکەم هەنگاوی (یەکەم مانگی گەیشتنی) ڕۆژنامە دەردەکات، ئەوەش گرنگیی خۆی هەیە:

**یەکەم**: جیاوازی زۆرە دەسەڵاتدارێک بیەوێ لە ڕێگای ڕۆژنامە و لە ڕێگای وتار و نووسینەوە ڕاستییەکانت! (تێ بگەیەنێ) لەگەڵ دەسەڵاتێک لە ڕێگای کوشتن و وێرانکردنەوە، لە ڕێگای بڕسیکردنەوە ڕاستییەکانی خۆیت پێ بسەلمێنێ، (هەر سێ دەسەڵاتەکەی دیکەی عەرەب و فارس و تورک تەنیا زمانی سەرکوتکردنیان دەزانی).

**دووەم**: ڕۆژنامەکەش جگە لە پەیامەکەی، بابەتەکانی بەگشتی شیعری شاعیران نالی و حاجی قادری کۆیی و کوردی و مەحوی و وەفای و مەولەوی ..بووە، لەگەڵ بابەتی مێژوویی و هەواڵ و ڕۆشنبیریی گشتی. هەر بۆ نموونە، لە ژمارەی پەنجا و شەشی، ٢٥ی تشرینی دووەمی ١٩١٨ نووسیویەتی (لەمە عەجایەبتر چییە ئەو تەرەقییەی ئەوروپاییەکان بە ٧٠٠ ساڵ کردیان، ژاپۆنییەکان بە ٣٠ ساڵ بۆیان مەیسەر بوو.)

**سێیەم**: تەنیا بڵاوبوونەوەی ڕۆژنامەکە بە زمانی کوردی داننانە بە شەرعییەتی زمانەکەدا، گێڕانەوەی هەیبەتە بۆی، خزمەتکردنیەتی لە ڕووی ڕێزمان و ڕێنووس و فەرهەنگەوە.

**چوارەم**: دەرکردنی ڕۆژنامەیەک لەو ماوە کورتەدا سەرکەوتنێکی گەورە بوو بۆ سیاسەتی فەرهەنگیی ئینگلیزەکان، لە کاتێکدا زمانە باڵادەستەکان کە هەم هاوسێ و هەم هاوئایین بوون، لە ماوەی زیاتر لە هەزار ساڵ بواری دەرکردنی تاکە ڕۆژنامەیەکیان نەڕەخساند.

**شەشەم**: بەکارهێنانی ڕۆژنامە بۆ ناردنی پەیام و وتوویژ لەنێوان هێزەکان و نەتەوەکاندا، بەکارهێنانی ڕۆژنامە وەک شێوازێک، کایەیەکی بەرگریکردن، وەک ئینگلیزەکان لە تێگەیشتنی ڕاستیدا بە قازانجی خۆیان کردیان، بەو کارەش دەرگایەکی فراوانیان بەسەر ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کردەوە، ئەوەیش ئەوەبوو کە کوردیش دەتوانێ لە ڕێگای ڕۆژنامەوە یەپامەکەی خۆی بگەیەنێ، بۆیە لە کاتێکدا شێخ مەحموود ناچار دەبێ شار بەجێ بهێڵێ، تاکە شتێک گرنگیی پێ دەدا و لەگەڵ خۆی دەیبات چاپخانەیە، بۆ ئەوەی کە لە ئەشکەوتیشدا بێ ڕۆژنامە دەربکات. بەوەش کورد بووە خاوەنی ڕێگایەکی مۆدێرنی بەرگری لەخۆکردن. لەو ڕۆژەوە بەدەگمەن بزووتنەوەیەکی ڕزگاریخوازی کوردی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەبینییەوە لەپاڵ کاری سیاسی یان چەکداری، ڕۆژنامەشی دەرنەکردبێ. بۆچی دەرکردنی ڕۆژنامە بۆ ئەم وتارە ئەوەندە گرنگە؟ لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە، مرۆڤ، زیندەوەر، درەخت هەموو شتێکی زیندوو بە ئۆکسجین دەژی، ڕۆژنامەش بە زمان دەژی. چەند ڕۆژنامە گرنگیی پێ بدرێ، زمانیش ئەوەندە خزمەت دەکرێ و ئەوەندەش نوێ دەبێتەوە.

زمانی کوردی چەند لە بواری کۆمەڵایەتیی ئالیەتێک بووە بۆ پەیوەندی و خۆشگوزەرانی و لێدوان و نووسین، ئەوەندەش ئەداتێک بووە بۆ جەنگ. هەم جەنگی قورسی لەلایەن بێگانە و هاوزمانەوە لە دژ کراوە، وەک ئەو جەنگەی بڕوانامە باڵاکان دژی دەکەن، هەم لە جەنگی مانەوەدا بووە. ئەوەش وای کردووە زمانی کوردی وەک سروشتی زمان قۆناغەکانی گەشەکردنی خۆی تێ نەپەڕێنێ. وشە بە ئارەزووی خۆی وەرنەگرێ، خۆی پاک نەکاتەوە و هاوسەنگیی لەنێوان (زارەکان) یان دیالێتیکەکان دروست نەکات. لەدوای ئەو هەموو ساڵە لە بەکارهێنان و پێنووسینی، هێشتا کێشەی ڕێنووس و کێشەی زمانی ستانداردی هەیە. ڕاستە لەچاو کۆنیی زمانەکە و ژمارەی ئەو کەسانەی قسەی پێ دەکەن، کۆنیی شارستانیەتی دنیا، مێژووی نووسین لە زمانی کوردیدا زۆر دوور نییە. هەر سێ زمانە گەورە ڕۆژهەڵاتییەکە کولتوور و بەرهەمیان زیاتر و کۆنترە، جگە لەوەش کارێکیان کردووە هەموو کارێکتەرە بەتواناکانی کوردیش بە بیانووی (یەک نیشتمان!!) و (یەک ئایینەوە!!) خستووەتە خزمەتی خۆیان. لەگەڵ ئەوەشدا، لە بواری نووسینی ئەدەبیات بە بەراورد لەگەڵ دەوڵەتە تازەکاندا زۆر دوا نەکەوتووە. نووسینی ئەدەبیاتی پەخشانی، بەتایبەتی چیرۆک و ڕۆمان (هەموو شێوەکانی گێڕانەوە) زمانی بردە ئاستێکی بەرزتر، بەشێوەیەک کە مانەوە و بەرەوپێشچوون مەترسی لەسەر نەمابوو. لێرەوە باسی دەرکەوتەکانی مۆدێرنە دەکەین، ڕۆژنامە، خوێندەوار، ئامێری چاپ و کتێب، پەیوەندیی هەموو ئەوانە بە گەشەکرنی زمانەوە، هەرگیز ئەوەمان لەبیر ناچێ کە بابەتەکەمان زمانی کوردییە لەبەردەم هەڕەشەی دوژمنەکانی و دڵڕەقیی خوێندنی باڵادا.

٧ی ئایار(مای)ی ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## هەرگیز زمانی کوردی لە رووی پاڵپشتی ئاکادیمی و زانستییەوە هێندەی ئێستا هەتیو نەبووە

**(٥)**

گۆڕانکارییە گەورەکانی سەرەتای سەدەی بیستەم، بەتایبەتی دوای کۆتایی جەنگی عموومی (کە جارێ ناوی یەکەمی بەسەردا نەبڕابوو) کایەی جیاواز و بیرکردنەوەی جیاوازی خوڵقاند، هەندێکیان لە خزمەتی گەشەی زمانی کوردیدا بوون.

*سێ هۆی زۆر گرنگ لەپشت گەشەکردنی زمانی کوردییەوەن لەو سەردەمەدا (دەشێ هۆی دیکەش هەبن):*

*یەکەمیان: سەرهەڵدان و بەهێزبوونی فکری ناسیۆنالیستی*

*دووەمیان: کردنەوەی قوتابخانە*

*سێیەمیان: ڕۆژنامە*

هەموو ئەو هۆکارانە پێویستیان بە بەکارهێنانی زمانە، ناسیۆنالیستی جگە لەو خۆشەویستییە قووڵەی بۆ نەتەوەی دروست دەکات، خزمەتێکی دڵسۆزانەی زمان و خاکیشی پێویستە. دەرگای کورد بە ڕووی ئەوروپادا ئەو سەردەمە تورکیا بووە، هەم بەهۆی شوێنی جوگرافییەوە، هەم بەهۆی ئەوەی کوردستان لەژێر دەستی ئەواندا بووە، هەم بەهۆی ئەوەی کە ئەستەنبوڵ شوێنی بەیەک گەیشتنی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵات بووە. گۆڕانکارییە گەورەکانی تورکیا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر کورد هەبووە، محەمەد ئەمین زەکی وەک نموونە. بیری ناسیونالیستی و محەمەد ئەمین زەکی بەگ ئەمین زەکی بەگ (١٨٨٠ز..١٩٤٨ز) یەکێک بووە لە ئەفسەرە هەرە دڵسۆزەکانی سوپای عوسمانی، سەکردایەتیی دەیان شەڕی بۆ کردن، جێگای باوەڕیان بووە، لە ڕەسمکردنەوەی سنووری دەوڵەتان پشتیان پێ بەستووە، کتێبەکانی لە بواری سەربازییدا سەرچاوە و پڕۆگرامی خوێندنی پەیمانگا و کۆلێژە باڵاکانی سەبازییان بوون. کاتێک بەو هەموو دڵسۆزی و شکۆیەوە، دوای شەڕە ماندووکەرەکان، کە دەچێتەوە ئەستەنبوڵ، حزبە تورکە نەتەوەییەکان دەبینێ، دەزانێ دنیا گۆڕاوە و لەو گاڵتەیە بەئاگا دێت کە ناوی دەوڵەتی عوسمانی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەوڵـەتی نەتـەوە جیاوازەکانـە، چونکـە هـەرگیز لـە ڕۆژهەڵاتـدا دەوڵـەتی نەتـەوە جیاوازەکـان نـەبووە و ناشبێ، دەوڵـەت هـی یـەک تاکـە نەتـەوەی سەردەسـەتە و نەتـەوەکانی دیکـەش خزمـەتکار و کۆیلـەن. تـا ئـەمڕۆش هـیچ ئاسۆیەک نییە ئەو یاسایە بگۆڕێ و تەنیا دەوڵەتی یەک نەتەوەیی هەیە، نەتـەوەکانی دیکە کرم و مارمێلکەن و دەتـوانی قـەلاچۆیان کەی. نـاتوانم ئـەو گۆڕانکارییـە وەک خۆی، بـە قەڵـەمی محەمـەد ئـەمین زەکی نەنووسمەوە. دەنووسێ:

(لەدوای ئەمە، کە لە جێگای تعبیری عمومیی (عوسمانی) لفظی (تورک) و (تورانی) لە تورکیـا بـاوی سـەند، بـە تەبیعەت، وەکو ئەفرادی میللەتەکانیتر، منیش لەناو ئەو کۆمەڵەدا غیرەتی خۆم چاکتر حس کرد و غروری قـومی، مەجبوری کردم کە لە هەموو فرسەتێکدا ئەم حسەی خۆم اظهـار بکـەم، بـەڵام درحق بـە اصل و تـاریخی قومەکـەم هیچم نەئەزانی، چونکە تـا ئەو وقتە نە لە مەکاتبدا فکرێکی وامان درابویە و نە لـە دواییشـدا ظرورتـی تـدقیقی تـاریخی کوردمان دی بوو، کلمەی جامعەی (عثمانی) ئەعسابی قومییەی هەمومانی تـا دەرەجەیـەک خـاو کردبـووەوە. (بەشێک لە پێشەکیی کتێبی کورد و کوردستان جلدی ٣،٢،١.. محمد امین زەکی، چاپخانەی دارسلام، بغداد)).

پێناسێکی سادەی ئـەمین زەکـی بـەگ، پیـاوێکی خانـەدان، زانـا، خوێنـدەوار و وریـا و ڕۆشـنبیر، خـاوەن بڕوانامـەی بەرز، هەمیشە پۆستی بەرزی هەبووە، سەرکردەی سوپا، ئەندازیار و نەخشەڕێژی سنوور، دنیا دیدە، بەوەفا، دڵسۆزی یاسا و دەستوور، ناسراو، چەندان سیفەتی دیکە.

***لەو چەند دێرە پێشەکییەی کە من تەنیا (٨) دێڕیم وەرگرتووە، چیمان پێ دەڵێ:***

**یەکەم: محەمەد ئـەمین زەکـی (تعبیـری عمـومی عثمـانی)** مەبەستی لـە عمـوومی هـەموو نەتـەوەکانی نـاو جوگرافیـای ئیمپڕاتۆریەتی عوسمانییە، کەواتە مامۆستا ئەمین زەکی وەک نوێنـەری خوێنـدەوار و کـورد بەگشـتی، لـەناو وشـەی عوسمانیدا کوردیشیان دیوە، ئەوەش وای کردووە کە بـاوەڕ بەوە بکەن دەوڵەتی عوسمانی بەشی ئەوانیشی پێوەیـە. گۆڕانکارییە گەورەکە لە خاڵی دواتردایە.

**دووەم: (لفظی (تورک) و (تورانی) لە تورکیادا باوی سەند).** گواستنەوەی بیری ناسیۆنالستی ئەوروپایی بۆ تورکیا،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

گەشەکردنی تورکچییەتی و تورکپەرستی بەئاشکرا، پەردە لەسەر ناسنامەی ئیمپڕاتۆرپەتی عوسمانی هەڵدەماڵێ، چیدی ناسیۆنالستی تورکی بەو یارییە نهێنییەی سەرانی دەوڵەت ڕازی نابن و دەسەڵات دەگرنە دەست و ناوی وڵاتەکەش دەکەنە تورکیا، بێ ئەوەی هەستی نەتەوەکانی دیکە، کە بەشێکی جوگرافی و مێژوویی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەن، لەبەرچاو بگرن. ئەوەش وا دەکات خاڵی سێیەم لەدایک بێ.

سێیەم: (بە تەبیعەت، وەکو ئەفرادی میللەتەکانیتر، منیش لەناو ئەو کۆمەڵەدا غیرەتی خۆم باشتر حس کرد)، یەکەیەکەی وشەکانی مهحەمەد ئەمین زەگی شایانی لێوردبوونەوەیە، لێکدانەوەیەکی زۆر سروشتی و ئینسانیی دروستبوونی هەستی نەتەوەییە. (وەک ئەفرادی میللەتانیتر) مێژوونووسان، کۆمەڵناسان و سیاسییە ئەکادیمییەکان (ئەوانەی وەک خوێندنی باڵا شمشێریان لە کورد هەڵنەکێشاوە) لەسەر ئەو دوو وشەیە ڕەگی جووڵانی هەستی نەتەوەیی و هەتا بیری جیابوونەوەش شرۆڤە بکەن. کورد ڕازی بووە وەک (ئەفراد) لەو دەوڵەتەدا خزمەت بکات، ئەفرادی هەموو ئەو میللەتانەی ئیمپڕاتۆرپەتی عوسمانییان وەک وڵاتی خۆیان قبووڵ بێ. بەڵام ئەو دەوڵەتە، بیری تەسکی ناسیۆنالیستی لە وتاری نەتەوەییاندا هەموویان وەک بێگانە تەماشا دەکات، ئەوەش سەرەتای قۆناغی بوغزێکی تازەیە بەرامبەر بە (ئەوانی دیکە)، ئەوانی دیکە وەک تاک، وەک نەتەوە. لە ماوەیەکی کەمدا ئەو بانگەشە نەتەوەییە و بوغزاندنی ئەوانی دیکە دەگۆڕێت بۆ ڕقێکی ئەستوور و کارەساتی زۆر گەورەی لێ دەکەوێتەوە، کورد قوربانییەکی زۆر ملهوڕی نەتەوەپەرستەکانی تورکیای دا، نەتەوەکانی دیکەش، لە پێشیانەوە ئەرمەن. هەر ئەوەشە پاڵ بە ئەفرادی نەتەوەکانی دیکەوە دەنێ کە غیرەتی خۆیان باشتر هەست پێ بکەن (حس بکەن). غیرەت بە چی و هەیبەتی چی؟ ئەوە لە خاڵی دواتردایە.

چوارەم: (غروریی قومی، مجبوری کردم کە لە هەموو فرسەتێکدا ئەم حسەی خۆم اظهار بکەم). کاتێک دەبینێ، تورکچییەکان یان تورکپەرستەکان هەموو شتێک بە هی خۆیان دەزانن، لە زەمینەی فکریدا غەیرە تورک دەکەنە دەرەوە، غروری قەومی کە بنەمایەکی گرنگی بیری ناسیۆنالیستییە، کۆڵەکەیەکە کارێکتەری تاک و گشتی نەتەوەیی لەسەر وەستاوە، لەناخەوە سەرهەڵدەدات، وەک بەرپەرچدانەوەیەک لە فورسەتێک دەگەڕێ بۆ نمایشکردن و نیشاندانی یان وەک محەمەد ئەمین زەکی دەڵێ (ئەو حسەی خۆم ئیزهار کەم).

ئیزهاری غروری قەومی بۆ محەمەد ئەمین زەکی تەمەنی تێ چوو، هەزار وشە و لاپەڕە و کتێبی تێ چوو، بەڵام



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئیزهاری ئەو غرورە بۆ کورد زۆر زۆری تێ چوو، تێچوونەکەی زۆر قورس بوو، دەیان ساڵ و دەیان نەوە، لافاوی خوێن و کاروانێکی بێ بنی قوربانی، وێرانکردنی سەدان شار و هەزاران گوندی تێ چوو.

ئەو چەند دێڕەم لە پێشەکیی کتێبێکی بێ نەزیری ٤٣١ لاپەڕەیی وەرگرتووە، دەتوانم بڵێم هێندەی کتێبەکە گرنگە. بەشێکی دیکەی پێشەکییەکە ئەرکی من سووکتر دەکات، ئەویش گۆڕینی غروری قەومییە بۆ کردار، محەمەد ئەمین زەکی دەنووسێ (بعض لە دۆستان ویستیان کە ئەم کیتابانە یا بە عەربی و یا بە تورکی بنووسم، بەڵام بە ڕاستی لام مناسب نەبوو، کە تاریخی کورد و کوردستان، لە طرف کوردێکەوە و لە هەموو زیاتر بۆ کورد بە زمانێکی غەیرەکورد بنوسرێ).

ئەو چەند دێڕە (غروری) قەومیمان پێ دەناسێنێ، ئەو کەسەی نەیبێ هەرگیز هەست بەو هەیەجانە گەورەیە ناکات، کە لە ناخی ئەمین زەکی هەڵقوڵاوە، من هیچ داواکارییەکم لەوانە نییە کە نییانە. شکانی غروری قەومییە لای وەزیر و ڕاوێژکارەکانی کە زۆر بەئاسانی دەست بۆ بڕیارێک دەبەن کە پەیوەندیی بە فەرامۆشکردنی زمانی کوردییەوە هەیە، هەرگیز زمانی کوردی لە رووی پاڵپشتی ئاکادیمی و زانستییەوە هێندەی ئێستا هەتیو نەبووە. ئەوە هەر ئاماژەیەکە دەنا لە درێژەی ئەم وتارەدا دێمە سەر ئەو ناوەندانەی زمانی کوردییان خستووەتە ئاستێک پێویست بێ بەرگریی لێ بکرێ، بە جۆرێک شەرمەزاریان دەکەم تا قیامەتە چاویان هەڵنەیە.
ئەمین زەکی، وەک ماڵی خۆی لە دڵەوە خزمەتی دەوڵەتی عوسمانی کرد، تا ئەو ڕۆژەی دەزانێ ئەو دەوڵەتە بەشی نەتەوەکەی ئەوی تێدا نییە، ئەو (ئەفرادی میللەتانی ترە)، وەک کەسایەتییەکی کامڵ بڕیار دەدات، سەرەڕای ئەوەی پێشنیاری بۆ دەکەن، کە بە عەرەبی یان تورکی بنووسێ، گوایا زمانی کوردی بڵاو یان باو نییە، خاوەن بڕوانامە و زانا! هەموویان بەو دوو زمانە دەخوێننەوە، بەڵام غروری ئەو پیاوە ئەوە قبووڵ ناکات، لای ئەو ناکرێت کوردێک مێژووی کورد بە کوردی نەنووسێ.

من ئەو پێشەکییە بۆ پشتگیریی ڕایەکی دیکەی خۆم بەکار دەهێنم، نووسینی پەخشان (چیرۆک و ڕۆمان و لێکۆڵینەوە) پەرە بە زمان دەدات و لە ئاستێکەوە دەیباتە ئاستێکی بەرزتر. بۆ ئەوەش دوو تێبینیی محەمەد ئەمین زەکی دەنووسمەوە، ئەویش هەرتک تێبینییەکەی دوای ئەوە نووسیوە کە بڕیاری داوە لێکۆڵینەوەکانی بە کوردی بنووسێ، لە کاتی نووسینی ئەو کتێبەدا ئەو تێبینییانەی ڕەچاو کردووە:



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**یەکەم**: کلماتی کوردیم وەکو چۆن ئەبێژرێ، وا نوسی بەلام املای کلماتی عربی و فارسیم تیک نەدا، چونکە اولا حقم نەبو، ثانیا ڕەنگە سریش لە خویندەوارا تیک بدا.

**دووەم**: لەباتی ژێری اظافە (ی) و لە جیگەی سر(ە) و لەباتی بور (و)م دانا، نەم ویست حەرفی زیادە دانێم. واقعا تلفظی (ل) و (ر) و (و) لە زمانی کوردیدا چند نوعیکە، بەلام ئەمانە لە موقیعی خۆیدا بە سرنج دان فرق ئەکرێ. (پێشەکیی کتێبی کوردستان و کورد. نووسینی محەمەد ئەمین زەکی ،لاپەڕە:٤)).

هەوڵم دا ئەو دوو تێبینیەی مامۆستا محەمەد ئەمین زەکی وەک خۆی بنووسمەوە. پشتگیرییەکە لێرەدایە، کاتێک کوردی نووسین لە شیعرەوە دەگوازرێتەوە ناو پەخشان، زیاتر گرنگی بە زمان و ڕێنووس دەدرێ، ئەگەر نووسەر بە کوردی نەینووسیبایە هەرگیز بیری لە چۆنیەتیی نووسین و پیتی کوردی نەدەکردەوە. نەزاکەتی نووسەرەکەشمان نیشان دەدات. کەلیماتی کوردی وەک عەرەبی و فارسی نووسیوە، چونکە بە مافی خۆی نەزانیوە، بەبێ ئاگاداری و ڕەزامەندیی نووسەرانی کورد دەسکاریی ڕێنووسی کوردی بکات، ئەوە نیشانی دەدات کە ئەو ویستوویەتی ڕێنووسی کوردی بەکار بێنێ، بەڵام بۆی نەگونجاوە.

لە خاڵی دووەمدا تێبینییەکانی وردترن. لە وردەکاریی ڕێنووس دەدوێ. لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانەی بەسەر ڕێنووسدا هاتووە، بەلای منەوە ڕایەکەی دەبارەی نووسینی پیتە قورس و لاوازەکان تا ئێستا جێگای سەرنجە.

بڕیاری بە کوردی نووسینی ئەمین زەکی بەگ ڕاستە تەگەرەی زۆری دێتە ڕێگا، بەڵام هەرگیز پەشیمان نابێتەوە، کتێبە بەنرخەکانی بەو زمانە دەنووسێ. ئەوەی مەبەستم بوو لەو بابەتە ئەوەبوو کە یەکێک لە هۆکارەکانی بە کوردی نووسین و گەشەکردنی زمانی کوردی لە سەرەتای سەدەی بیستەم سەهەڵدانی بیری ناسیۆنالیستی کوردی بووە. ئەمین زەکیش نموونەیەکی هەرە دیار بوو. ئەوەی ماوەتەوە لەسەر ئەمین زەکی بەگ بینووسم ئەوەیە، ئەو پیاوە لە تەمەنێکی زووەوە سلێمانی بەجێ دێڵێت و بەبێ ڕەزامەندیی باوکی بۆ خوێندن دەچێت بۆ بەغدا و ئەستەنبوڵ، بە ئەرک و فەرمانبەری بەشی زۆری شارەکانی تورکیا و عێراق دەگەڕێت و دەچێت بۆ بەشی هەرە زۆری وڵاتە ئەوروپییەکان، لە داڕشتنی سنووری بەشی زۆری وڵاتەکان بەشداری دەکات، چەندان جار دەبێتە وەزیر و نائیب. لە ١٩٤٨ لە گەرمای هاوینی بەغدا بێزار دەبێت و دێتەوە سلێمانی، شەوی ١٠ تەمووز پیرەمێرد تا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

درەنگانی شەو لای دەمێنێتەوە، هەمان شەو لەدوای ئەو هەموو سەفەر و گەڕانە، لە هەمان ئەو ژوورەی تێیدا لەدایک بووە، کۆچی دوایی دەکات. غروری نەتەوەیی وا لە دەروونیدا دەچەسپێ، دوای نووسینی ئەو هەموو بەرهەمە و ئەو هەموو خزمەتە، وەسیەت دەکات کە لەسەر گۆڕەکەی بنووسرێ (ئەگەر مردم نەمدی قەومەکەم سەربەرز و ئازاد... بزانن دەناڵێ رۆحەکەم تا ڕۆژی میعاد).

بابەتەکەمان هەستانەوەی زمانی کوردییە لەسەر شانی ئەوانەی غرورییان هەبوو لەبەرابەر ئەوانەی ئەمڕۆ دەیانەوێ غروری بشکێنن.

١٣ی ئایار(مای)ی ٢٠١٧

## کە زمان کەوتە فڕین تەنیا بەکاربەرەکانی دەتوانن باڵی بشکێنن

**(٦)**

چیرۆک یان داستان و گێڕانەوە نەک پێویستیان بە هونەر و تەکنیک هەیە، بەڵکوو وەک کەرەستەی یەکەم پێویستیان بە زمان هەیە لە ئاستێکی باڵادا. وشە و دەستەواژە بۆ وەسفی ڕووداوی سادە، ڕستە و دەربڕین بۆ گواستنەوەی هەست و بیرکردنەوەی ئاڵۆز. دوای کۆتایی شەڕی گەورە یان جەنگی عموومی (شەڕی یەکەمی جیهان بە شەڕی گەورە یان عموومی ناو دەبرا هەتا ساڵی ١٩٣٩ز کە شەڕێکی دیکەی گەورەی تێدا هەڵگیرسا بۆ جیاکردنەوەیان یەکەم و دووەمیان بۆ دانان، بۆیەش ژمارەیان هەڵبژارد، بۆ ئەوەی کراوە بێ، چونکە ئەگەری چەندبارەبوونەوەی هەمیشە لەئارادایە)، هاتنی سوپای ئینگلیز و کردنەوەی قوتابخانە و برەودان بە ڕۆژنامە و چەندان هۆی دیکە، دەرگای بەسەر هونەرێکی گرنگ و سەرسامکەردا کردەوە، ئەویش هونەری چیرۆکنووسین بوو، کە بە بەشێک لە هونەری پەخشان دادەنرێ. لە چیرۆکدا هەموو هەستەکانی مرۆڤ ئامادەییان هەیە و کار دەکەن، بە هەستی حەوتەمیشەوە. تەنیا لە ڕێگای زمانەوە دنیایەک هاوشێوەی ئەم دنیایە دێتە وجود. هێزی بینینی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارێکتەر یان چیرۆکنووس لە ڕێگای زمانەوە دەخرێتە سەر کاغەز، وێنەی جووڵاو و وێنەی سروشت و ئاووهەوا و شار و گوند هەمووی بەهۆی زمانەوە وەسف دەکرێن، لە چیرۆکدا شیرینی و سوێری، تاڵی و مزری بەهۆی خوێ و شەکر و سماق و بیبەرەوە ناناسرێنەوە، بەڵکوو بەهۆی ئەو تامکردنەوەیە کە لە ڕێگای وشەوە دەنووسرێنەوە، ناسینەوەی نەبرەی دەنگ و هاوار و گریانیش بەهۆی لەرینەوەی ژێیەکانی قوڕگ و لێوەوە نییە، بەڵکوو بەهۆی ڕستە و زمانەوەیە، گوێگرتن و هەستکردن و لەزەتی سێکس و خۆشەویستی و خەیاڵاتەکانیش هەموویان لە ڕێگای زمانەوە دەخرێنە سەر کاغەز و بە هونەرێکی زمانەوانییەوە ئامادە دەکرێن. کەواتە دەبێ زمان چەند دەوڵەمەند بێ، چەند فرەڕەهەند و فراوان بێ، تا بتوانێ وەڵامی هەموو ئەو پێداویستییانە بداتەوە. لێرەدا من سێ تافی زمان لە یەکتر جیا دەکەمەوە. دەشێ خەڵکی دیکە ناوی قۆناغ یان شتێکی دیکەی لێ نابن.

*یەکەم: تافی خشۆکیی زمان.*

*دووەم: تافی هەستانە سەرپێی زمان.*

*سێیەم: تافی باڵگرتن و فڕین.*

ئەو کاتەی زمان بۆ گواستنەوەی پێداویستییەکانی ڕۆژانە بەکاردێت ئەوە سەردەمی خشۆکییەتی، ڕەنجکێشان و خۆشۆڕکردنەوە و عارەقکردنەوەیەتی لەبەر پێی بەکاربەرەکانی. هەر زمانێکیش ئەدەبی پێ نووسرایەوە بە تایبەتی چیرۆک و بەتایبەتتر ڕۆمان، واتا ئەو زمانە لەسەردەم یان تافی خشۆکی دەرچووە و هەستاوەتە سەر پێ، جیاوازیی ئەو تافەش دیارە لە تافی خشۆکیدا چاو لە نزمەوە بۆ بەرزی دەڕوانێ و لە تافی هەستانە سەرپێ لە هەمان ئاستی شتەکانە و بەرزتریشە، لەو تافەدا زمان خۆی لە تۆزی ماندووبوون دەتەکێنێ و شتێک لە مۆسیقاش دەگێڕێتەوە. کاتێک زمان دەچێتە تافی سێیەمەوە کە نووسینەوەی زانست و فەلسەفە و هونەری ئەلیکترۆن و سینەماش دەگرێتە ئەستۆ. دەچێتە تافێکی زۆر باڵاوە، ئەویش تافی فڕینە و لە ئاسمانەوە بۆ شتەکان دەڕوانێ، قەبارە و شێوە بە دنیا دەدات. بۆ گەشەکردنی چیرۆک یان هونەری گێڕانەوە، سەرەڕای هەموو ئەو هۆکارانەی ئاماژەم پێ کردن دوو هۆی سەرەکی دێنە پێشەوە:

*یەکەمیان: دامەزراندنی چاپخانە.*

*دووەمیان: دەرکردنی ڕۆژنامە.*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیاردەکانی مۆدێرنە هەموویان وەک بازنەیەکی نەپچڕاو یەکتر تەواو دەکەن. بەرهەمهێنانی کاغەز، سەرەڕای هەموو هۆکارەکان، کاغەز هاوبەشێکی سەرەکییە لە زۆربوونی کتێب و دەفتەردا. ئاسانکردنی پرۆسەی نووسین لە ڕێگای بەرهەمهێنانی جۆری جیاوازی قەڵەم و پاندان کە بەکارهێنانیان ئاسان بێ، دروستکردن و بەرهەمهێنانی مەرەکەب (جەوهەر) لە ڕێگای کارگەوە. ئەوانە و چەندان هۆکاری دیکەش ڕێگایان بۆ نووسنی چیرۆک و بەرهەمی پەخشانی ئاسان کرد. ئەوانە هەموو هاوبەشن لە بەرهەمهێنانی پێداویستییەکانی نووسین. دەشێ بپرسن، لە هۆکارێکی زۆر گرنگ بپرسن، ئەویش لە باری یان گەشەی کۆمەڵایەتییە، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، فراوانبوونی ڕەهەندی بیرکردنەوە و هاتنە ناوی بابەتی فکریی جیاواز . بەڵێ ئامادەکردن یان گەشەکردن یان (بەشار بوونی) گوندی کوردییە. چیرۆک و گێڕانەوە هونەری شارن. ئەوە شاریشە مانای جیاواز و گەمەی جیاواز بە وشە و دەستەواژە و سەرتاپای زمان دەدات. زمان و شار بابەتێکی فرەئاست و ئاڵۆزە بۆ بوارێکی دیکە.

## شەڕ هۆکارێک بۆ تێکەڵبوونی کولتوورەکان

بابەتەکەمان ناچێتە سەر هۆیەکانی هەڵگیرسانی شەڕ و ئەوەندەی پێویستیش بێ لە نەهامەتییەکانی شەڕ دواوین. ئەنجامێک کە لە شەڕ بەدی هاتووە، تێکەڵبوونی کولتوور و شارستانی و ئەزموونی گەلان بووە. هێز و دەسەڵاتی ئەورووپا یەقی دابووەوە، ناچار بەرەو دەرەوە هەنگاوی نابوو. لەو یەقدانەوەیەدا جگە لە شەڕ ئینسان و کەلوپەل و شێوازی ژیانیشی لەگەڵدا هاتبوو. لەو شەڕە گەورەیەدا خەڵکانی سەر بە نەتەوەی جیاواز و وڵات و شارستانیەتی جیاواز پێکەوە بەشدارییان کردبوو. هەر ئەوەش وای کرد بەرهەمی کارگەکانی ئەورووپا بە ڕۆژهەڵاتدا بڵاو ببنەوە. ئەوەش گۆڕانکارییەکی گرنگی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتدا هێنایە دی و کارگەکانیشی پڕ ئیش و سەرمایە کردن.

ئەوەندەی پەیوەندیی بە کوردەوە هەیە، هەموو ئەو هۆکارانە بە پلەی یەکەم لە کوردستانی باشوور هاتنە دی، بەتایبەتیش لە سلێمانی و هەولێر. پێش ئەوەی بێمە سەر ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی کە پێویستیان بە زمانێکی گەشەکردوو هەیە، بە زمانێک هەستابێتە سەر پێ، چونکە من بڕیارم دابوو ئەوە بابەتی وتاری ئەم جارەم بێ، دەبێ ئەوە ئاشکرا بکەم بۆچی لە دهۆک یان ئەو ناوچانەی بە کرمانجی سەروو (بادینی) قسە دەکەن لەو کاتەدا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو گۆڕانکارییانەی لێ نەهاتنە دی، سەرەڕای ئەوەی کە ئەوانیش لە شوێنی نالی و سالم و بەرهەمی کلاسیک، خاوەنی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری و فەقێ تەیران و بەرهەمێکی زۆری ئەدەبی کلاسیک بوون؟ من بەرهەمی کلاسیک بە بناغەی هاتنە دنیا یان بەدیهاتنی ئەدەبی مۆدێرن دادەنێم. (بێ گومان ئەو پرسیارە بۆ هەموو زارەکانی دیکەش ڕاستە، بەتایبەتی (هەورامی) وەک بەشێک لە کرمانجی خواروو).

**یەکەم هۆکار**: لەو ناوچانەدا (کە ئەو زارانە بەکار دێن) سەنتەرێکی گرنگی شارەزایانی سوپای تازەهاتووی لێ نەبووە، بەتایبەتی کەسێکی رۆشنبیر و زمانزانی وەک مێجەر سۆن (کە دواتر باسی ڕۆڵی گرنگی ئەو دەکەین لە برەودان بە زمانی کوردی).

**دووەم**: ئەو ڕۆژنامەیەی دەریان کرد (تێگەیشتنی ڕاستی بە (زاری) سۆرانی بوو). ئەوەش گرنگی و پێویستیی ئەو زارەی بردە پلەی یەکەم.

**سێیەم**: نەبوونی چاپخانە لە دەڤەرەکە بە پیتی (بادینی).

**چوارەم**: شوێنی جوگرافی، نەبوونی شارێکی گەشەکردوو، کە هەمووان لەدەوری خۆی کۆ بکاتەوە. شاری سلێمانی وەک سەنتەرێکی بەڕێوەبردن. جگە لەوەی سەنتەرێکی رۆشنبیری و سەنتەری جووڵانەوەی نەتەوەیی بوو لەوکاتەدا.

**پێنجەم**: فەرامۆشکردنی ناوچەکانی دهۆک و دەوروبەری لە ڕووی ئیداری و ئابوورییەوە لەلایەن دەسەڵاتی پێشوو و سوپای ئینگلیزیشەوە. دەشێ هۆکاری شەشەم، تەریککردنی ئەو دەڤەرە بە ئەنقەست بووبێ، بەهۆی ئەوەی نزیک بووە لە تورکیا لە ڕووی جوگرافییەوە، کە ئەوکاتە لە بەرەی دژە ئینگلیزەکاندا بووە. هەموو ئەوانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبوو کە لەو کاتانەدا (مەبەستم ساڵانی سەرەتای سەدەی بیستەمە) جووڵانەوەیەکی گەورە لە ڕووی گەشەکردنی زمانەوە بەسەر (زاری) بادینیدا نەیەت و منیش هەر کاتێک باسی گەشەی زمان دەکەم، نەتوانم نموونەی زیندوو لەو ناوچەیە بهێنمەوە.

(لە خەوما)ی جەمیل سائیب و (مەسەلەی ویژدان)ی ئەحمەد موختار بەگی جاف، دوو بەرهەم و دوو نموونەی هێگجار ناوازەن هەم لە ئەدەب، هەم لە زمانی کوردیدا، هەم لەو ئاستە بەرزە هونەرییەی کە هەیانە. وەک هەموو شتەکانی دیکە، کورد کەم مێژوویەکی روون و بێ گومان و بە دۆکیومێنتی هەیە. مەبەستەکەم، ئەو دوو بەرهەمە کامڵە چۆن دەکرێ یەکەم چیرۆکی درێژ یان نۆڤڵێتی کوردی بن؟ من گومانم هەیە پێش ئەوان شتێکی دیکە هەبووبێ! یان سەرچاوەی ئەو بەرهەمە جوانانە چییە؟ واتە پاشخانی نووسینیان لە کوێوە هاتووە؟ ئەو دوو زاتە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

جەمیل سائیب و ئەحمەد موختار جاف چییان خوێندووەتەوە؟ ئەو هونەرەیان لە کوێ وەرگرتووە؟ من نامەوێ ئەم وتارە کە دەربارەی غرووری زمانی کوردییە بکەمە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی. سەرەڕای ئەوەش ئەو پرسیارانە پێویستن. دەبوو یەکەم چیرۆکی کوردی شتێک بایە نزیک لە پەند و ئامۆژگاری. نووسینەوەی حیکایەتێکی فۆلکلۆری بایە بە شێوەیەکی هەندێ مۆدێرن.

*کەچی رووبەڕووی دوو بەرهەمی ناوازە دەبینەوە، کە چەند سیفەتێکی تایبەتیان تێدایە:*

*یەکەم:* بە زمانێکی ئەدەبیی جوان نووسراون، کە هەم هەستی سادەییت دەدەنێ و هەم هەستی قووڵی.

*دووەم:* تەکنیکێکی هونەری سەرنجڕاکێشیان هەیە، وا دەردەکەون کە گێڕانەوەی ئاسایی و سادەن، بەڵام نا، تەکنیکێکی هونەریی بەرزیان هەیە، بەبێ پچڕان بەسەر دەیان رووداودا باز دەدەن و ئەو خاڵانە لە ژیانی کارێکتەرەکان زەق دەکەنەوە کە بە تەواوی کاریان پێیانە و تەکنیکی چیرۆکەکە داوای دەکات.

*سێیەم:* هیچ کارێکتەرێکی زیادەیان تێدا نییە. رووداو بە کەسانی زیادە بار نەکراون، لەکوێدا پێویستە کارێکتەری گونجاو دێتە ناو ماڵی چیرۆکەکە، وەک ئەوەی خوێنەر فەرمووی لێ کردبێ نەک نووسەر دروستی کردبێ.

*چوارەم:* ڕەگەزێکی دیکەی چیرۆک کە هەرتک چیرۆکنووس زۆر هونەری و لە شوێنی خۆیدا بەکاریان هێناوە، دوای ئەوان ئەو هونەرە بووە کێشەیەکی چارەسەرنەکراوی چیرۆکی کوردی، ئەویش دیالۆگە. شتێکی باوەڕ پێنەکراوە یەکەم یان نۆبەرەی چیرۆکی درێژی کوردی لەو ئاستە بەرزەدا دیالۆگیان بەکار هێنابێ. بە ڕای من زۆری مۆنۆلۆگیش لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا دەسەڵات نەشکان بووە بەسەر دیالۆگدا.

*پێنجەم:* لە رووی بابەتەوە ئەو دوو بەرهەمە تا ڕادەیەک لەپێش بەشی هەرە زۆری چیرۆکی کوردییەوەن. دەشێ ئەوەش بڕیارێکی قورس بێ، بە لای منەوە ئەوە ڕاستییە. بوارێکیان هەڵبژادووە کە بە ڕاستی بواری چیرۆکی هونەرییە. جێگای ئەوپەڕی شانازی و ئەوپەڕی خۆشبەختییە کە هەردووکیان بێ ئەوەی ئاگاداری یەکتر بن (مەبەستم لە کاتی نووسینی چیرۆکەکان ئاگاداری یەکتر نەبوون) کەچی بابەتەکانیان لە خاڵێکی زۆر گرنگ و سەرەکیدا هاوبەشن، ئەویش ڕەخنەیە. هەرتک چیرۆک نەک ڕەخنەئامێزن، بەڵکوو خودی ڕەخنەن. ئەمڕۆ زۆر بە ئاشکرا و بە دەنگی بەرز دەڵێین کە چیرۆکی کوردی بە ڕەخنەگرتن لە خۆ دەستی پێکردووە. ڕەخنەگرتن لە سیستمی سیاسی و بەڕێوەبردن، ڕەخنەگرتن لە سیستمی کۆمەڵایەتی. یەکەمیان واتا جەمیل سائیب لە نۆڤڵێتی (لە خەوما) ڕەخنەی زۆر توندی لە سیستمی بەڕێوەبردنی کورد دەگرێت، هەرچەندە دەسەڵاتی کورد لە رووی سیاسییەوە



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سنوردار بووە، ئەزموونی چەند ساڵێکی هەبووە، شارەزاییان کەم بووە. دانپێدانانی دەوڵەتانی نەبووە، بەڵام چیرۆکنووس هیچکام لەو هۆکارانەی سەرێی بە بیانووی ئەو هەڵە قورسانە نەزانیوە و بێ پەروا ڕەخنەی لێ گرتوون. بە شێوەیەک ڕەخنەکە لە زۆر شوێندا دەگۆڕێت بۆ ساتێر و تەنز و هەندێ جاریش بۆ گاڵتەپێکردن. کە دواتر وردتر دەستنیشانیان دەکەم. دووەمیان واتا ئەحمەد موختار بەگی جاف، لە نۆڤڵێتی (مەسەلەی ویژداندا یان چۆن بووم بە خانەدان) لە جوانترین پارچەی ئەدەبیدا سیستمی کۆمەڵایەتی و ئیداری و دینی ڕیسوا دەکات و ڕەخنەی ئەوەندە جەوهەرییان لێ دەگرێ تا ئەمڕۆ ئەو بەناو سیستمانە نەیانتوانیوە وەڵامی بدەنەوە .ئەو ڕەخنانەی ئەحمەد موختار جاف لەسەر زمانی پاڵەوانەکەی کە ناوی (زۆرابە) لە سیستمی کۆمەڵایەتی دەگرێت، هەتا ئەمڕۆ کۆمەڵناس و زانایان بەدەگمەن کۆمەڵگەیان بەرەو رووی ئەو ڕەخنە لۆژیکییانە کردووەتەوە. لە شوێنی خۆیدا وردتر باسییان دەکەم. زمانێ بەو ئازارەوە کەوتبێتە فڕین بە بڕیارێک ناسڕدرێتەوە.

٢٠ی ئایار(مای) ٢٠١٧

---

## وەزارەتێک زانست و ئەدەبناسی و خوێندەواری لێک جیا بکاتەوە جگە لە نەزانین هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێ

(٧)

پێش ئەوەی بێمە سەر ئەزموونکرنی ژیان لە چیرۆک و ڕۆماندا، کە هەرتک نووسەری گەورە جەمیل سائیب و ئەحمەد موختار جاف وەک پێشەنگ و نموونە بە فریام کەوتوون. دەکرێ لە ئەزموونکردنێکی دیکەوە دەست پێبکەم کە رووحی هەردووکیان (ژیان و چیرۆک)ە، ئەویش زمانە، بە پێناسەی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد (تا ئێستا زمان باشترین هۆکاری دەربڕینە مرۆڤ دایهێنابێ). ئەگەر لە سەرەتای سەدەی بیستەم جوگرافیای کوردی لەت لەت کرابێ، ئەوە هەر لەو سەردەمەدا زمانی زیندوو کردووەتەوە و بە ڕاستی هێناویەتییە ناو ئەزموونی نووسینەوە. بۆ پشتگیریی ئەو ڕایەم پەنا دەبمەوە بەر رۆژنامە، کە من وەک هۆکارێک و دیاردەیەکیش بۆ گەشەکردنی زمان کەڵکم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لێ وەرگرتووە. بۆ ئەووەش کەڵک لەو پێشەکییە وەردەگرم کە مامۆستای جەمال بابان بۆ چاپی دووەمی نۆڤلێتی (لە خەوما)ی نووسیوە:

## کەی دەست کرا بە کوردی نووسین؟

لەساڵی ١٩٢٠دا و لە زەمانی میجەرسۆندا، لە ڕێگای ڕۆژنامەی پێشکەوتنەوە کە ئەوسا لە سلێمانی دەردەچوو، داوا لەو کەسانە کرا کە حەز لە نووسین دەکەن، بە کوردی لە بابەت سیاسەت و فەلسەفە و ئامۆژگاری و باسی کشتوکاڵ و سەفەرنامە و حیکایەت و سەرگوزەشتەی ترەوە بنووسن و بۆیان بنێرن. سێ پاداشت بۆ یەکەم (٥٠) روپیە و بۆ دووەم (٣٥) بۆ سێیەم (٢٥) روپیە. ماوەی دوازدە ڕۆژ دانرا بۆ پێشکەشکردنی نووسینەکان. (پێشەکیی نۆڤلێتی لە خەوما، جەمیل سائیب، پێشکەشکردن و لێکۆڵینەوەی، جەمال بابان).

## بەڵگەکانی ناو ئەو چەند دێڕە

**یەکەم:** ساڵی ١٩٢٠ جارێ سەرەتای سەدەی بیستەمە کە بە کاتی گەشانەوەی زمانی کوردی ناوم بردبوو.
**دووەم:** سەردەمەکە بە زەمانی مێجەرسۆن ناوزەد کراوە.
**سێیەم:** ڕۆژنامەکە نووسەرانی لە خۆی کۆ کردووەتەوە، کە گرنگی بە زمانی کوردی دەدەن، نووسەرانێک کە لە ڕۆژنامەکەدا نووسیویانە (مستەفا پاشای یاموڵکی، شێخ نووری شێخ ساڵح، جەمال عیرفان، جەمیل سائیب و زۆرانی دیکە).
**چوارەم:** پێشبڕکێ ڕادەگەیەنرێ، پێشبڕکێی جوانووسین بە زمانی کوردی. لەوەش چ ئەنجامێکمان دەست دەکەوێ؟

**یەکەم:** کاتێک ئینگلیزێک دەسەڵاتی هەیە پێشبڕکێ لەسەر نووسینی نایاب بە زمانی کوردی ڕادەگەیەنێ لەبەر هۆکارێکی زۆر سادە، ئەویش چونکە خوێندەوار بووە، با پیشەی ئەو سیاسی بێت، با ئەو حاکمی شارێک بێ نە سەر بە زمانەکەیانە، نە سەر بە ئایینەکەیانە، نە لە رووی کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندییەکی پێیانەوە هەیە، نە باپیرانی پاشخانێکی مێژووییان بەو نەتەوەوە هەبووە، تەنیا و تەنیا لەبەر ەوەی خوێندەوار بووە، ئەو زمانەی خۆشویستووە کە لە رووی زانستییەوە ناسیویەتی، هەوڵی بۆ داوە، لەبەرئەوەی ویستوویانە ڕێزی خۆیان بۆ زمانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ئەو نەتەوە نیشان دەن کە لەناویاندا دەژن، بەرزیی ئاستی ڕۆشنبیریی مێجەر سۆن، کوردی زانینەکەی، دڵسۆزییەکەی بۆ وڵاتەکەی و بۆ کارەکەی، هەموو ئەوانە لەپشت ئەو گرنگیدانەوەن بە زمانی کوردی.

**دووەم:** لەبەرامبەردا، بەتەواوی دوای ۹۷ ساڵ، وەزارەتێک کە وەزیرەکەی لەوسەری دنیاوە نەهاتووە، کە وەزارەتێک بانگەشەی خوێندنی باڵا و زانستی و ئەکادیمی دەکات، وەزارەتێک گوایە پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری بە زمان و نەتەوەی کوردەوە هەیە، وەزارەتێک کە نە وەزیرەکەی، نە ڕاوێژکار و هەمەکارەکانی حاکمی سیاسی و ئیداری نیین، هاوزمان و هاومێژوون (بە ڕواڵەت)، تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوەی جەمیل سائیب ناناسن، نازانن ئەحمەد موختاری جاف کێیە، بە هەر هەموویان ڕۆژنامەیەکی (پێشکەوتن) و (بانگی حەق)یان نەدیوە، لەسەر نووسین بە زمانی کوردی ئیهانە نەکراون، لەبەرئەوەی پێیان وایە پزیشک و دکتۆرەکانیان کاریان بە خوێندەواری نییە. من لێرەدا ناچارم لە بابەتەکە دەرچم و داوای لێبوردن لە چیرۆکنووسی گەورەی جیهان و ڕووس بکەم بمبووری، چونکە ئەو هەم دکتۆرێکی سەرکەتوو، هەم زمانزانێکی مەزن بووە، ئەوەندەی نیوەی نەتەوەکەی خزمەتی بە زمانی رووسی کردووە. ئەو وەزارەتەی زانست و ئەدەبناسی و خوێندەواری لێک جیا دەکاتەوە، جگە لە نەزانین هیچی دیکە بەرهەم ناهێنێ. پرسیارێکی هەرە گرنگی ئەو کۆمەڵە وتارەم وەڵام نەداوەتەوە، چۆن وەزارەتێک باڵا بێت و باسی زانست بکات، جورئەتی ئەوە دەکات زمانی کوردی بخاتە زبڵدانەوە؟ هەر لە کاتی وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە، دەبێ لەوەش بدوێم، ئەرێ چ کارەساتێکە ئەو قوتابخانە تایبەت و خانەوادە تایبەتترانەی ملیان هاوشێوەی زەڕافە درێژە، شانازی بەوەوە دەکەن کە منداڵەکانیان ئینگلیزییەکەیان فوولە و کوردییەکەیان سەقەتە!

## جەمیل سائیب و نۆڤلێتی (لە خەوما)

ڕاستە لەو پێشبڕکێیەی لەسەرەوە باسم کرد، جەمیل سائیب پلەی سێیەمی بەدەست هێنا، ئەوەش ڕاستە کە پێشتریش خەریکی کاری نووسین و کارکردن بووە لەو بوارەدا، دیسانەوە ئەوەش ڕاستە کە خانەوادەکەی جەمیل سائیب لە باوکییەوە، مەلا ئەحمەد سائیب، یەکە یەکەی کوڕەکانی مەلا ڕەئووف سائیب، عارف سائیب، مستەفا سائیب و تا دەگاتە شەماڵ سائیب کە برازای جەمیل سائیبە، هەموویان لە بورای ڕۆشنبیری و نووسیندا دەستی باڵایان هەبووە. هەر بۆ نموونە عارف سائیب و مستەفا سائیب بەرهەمی جوانیان لەدوا بەجێ ماوە. بەڵام نکۆڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەوە ناکرێ کە ئەو پێشبڕکێیە کاریگەریی لەسەر جەمیل سائیب هەبووە تا دواتر (لە خەوما) بنووسێ، ئەو پێشبڕکێیە توانایەک و ورەیەکی وای دەداتێ کە بونیاتی ڕۆمانێک لە چیرۆکێکی درێژدا جێ بکاتەوە. دەنا ئەو خانەوادەیە رووحێکی گەورەی داهێنان و نووسین و خەمخۆرییان هەبووە، عارف سائیبی برا گەورەی لە شیعردا کەشکۆڵێکی گەورەی یادەوەری و خەمخۆرییە، لەوپەڕی دڵشکان و غەریبیدا لە شیعرێکیدا دەنووسێ:

*هەموو شارێ ترەقیی کرد و رەونەق پەخشی ئافاقە*
*سلێمانی غوباری ئالوودە، تا بێ روو لە نوقسانە*

جەمال بابان لە درێژەی پێشەکییەکەیدا کە بۆ چاپی دووەمی (لە خەومای) نووسیوە، دەڵێت: (ئەمیش هەر بە دەستێکی چەپەڵ، لە کاتی دەستڕۆیشتنی شێخ مەحموودی (حەفید) لە دێی (قەرەچەتان) شەوی ١٦ی مایسی ساڵی ١٩٢٣ کوژرا و هەر لەوێش نێژرا). ئەمیش جگە لەوەی مەبەستی عارف سائیبە، واتای ئەوەشە کەسێکی دیکەش کوژراوە، مەبەستی جەمال عیرفانە، ئەو دوو زاتە هەردووکیان لە ساڵی ١٩٢٣ز دا لە کاتی دەسەڵاتداری و شۆڕشەکەی شێخ مەحموددا کوژران. ڕاستە من دەمەوێ لە رووی گەشەی زمانەوە لە نۆڤلێتی (لە خەوما) بدوێم، بەڵام ناوەڕۆکی پڕ ترس و پڕ کارەساتی نۆڤلێتەکە ناچاری کردم ئاوڕ لەو رووداوانە بدەمەوە کە ئەو کاتە روویان داوە یان ڕەنگیان داوەتەوە. بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندیی ڕاستەوخۆیان بە نووسەرەکەیەوە هەیە.

## ئەدەب و ڕەخنە

لێرەدا مەبەستم ئەو ڕەخنەیە نییە کە لە ئەدەب دەگیرێ، بەڵکوو ئەو ڕەخنەیەیە کە ئەدەب بە هەموو لقەکانیەوە لە دیاردە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینەکانی دەگرێت. دۆکیومێنتی تەواو لەسەر ژیانی نەتەوەیەک یان کۆمەڵگەیەک، ئەدەبەکەیەتی. هەموو ئەو وتارە ستایشئامێز و مەدحکەرانەی دەربارەی سەردەمی حوکمداریی شێخ مەحموود نووسراون لەبەرامبەر ڕەخنە قورسەکانی جەمیل سائیب لەو دەسەڵاتە بچووک و بێ کاریگەرین. بۆچی ئەدەب دۆکومێنتی ڕاستەقینەیە لەسەر رووداوەکان؟ لەبەر هۆیەکی زۆر سادە، چونکە ئەدەب بەرهەمی ناخی ئینسانەکانە و مەبەستێکی سیاسیی لەپشتەوە نییە. چونکە ئەدەب لەوپەڕی خەمخۆری و قورسیی دەروونەوە دەنووسرێ. بۆ ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی خۆماڵی، نووسەری کورد زۆر بە ئەمانەتەوە دەستی بۆ بردووە، نیازپاکی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و هەستی نەتەوەیی قووڵی خۆی دەربڕیوە و نەیشاردووەتەوە، جا ڕەخنەکانی گرتووە. (پارچە هەڵبەستێکی شێخ محەمەد خاڵسی کوڕی شێخ ڕەزای تاڵەبانی کە لە 1924زدا بۆ شێخ مەحموودی ناردووە، چۆن بە دڵسۆزی و بە خۆ مەحووکردنەوە دەست پێدەکات، چونکە ئەو تەنیا مەبەستی گەیاندنی ڕەخنەکانیەتی بەوپەڕی نییەتپاکی و دڵسۆزییەوە).

## لەپاش دامان و پا ماچکردن و عەرزی دوعا خوانی

وەڕین دەست پێ دەکا بەچکە گەماڵی پیری گەیلانی... (لاپەڕە ٢٢ پێشەکیی لە خەوما).

ئەوە ئەوپەڕی خاکەڕایی ڕەخنەی ئەدەبی کوردییە (شەرمنانەشە)، ئەدیبی کورد ئەوەندەی لەگەڵ ئازارەکانی نەتەوەکەیدا ژیاوە، ئەوەش لەبەر ئەو تاوانە قورسانەی بەرامبەر نەتەوەکەی کراون، بۆیە هەمیشە ئەوەی دووبارە کردووەتەوە کە ئەو لە لووتکەی بەرگریکردندایە لە نیشتمانەکەی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەخنەکانی خۆی ناشارێتەوە، لە کەموکوڕیی بەڕێوەبردن و حوکمدارییان ئاگادارییان دەکاتەوە، ئەو زبڵدانەنەیان نیشان دەدا کە لە ئەنجامی دەسەڵاتی ئەوانەوە دروست بووە. من نۆڤلێتی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب بە لووتکەی ڕەخنەی ئەدەبی دادەنێم کە لە دەسەڵاتی کوردی گیرابێ، نەک تەنیا لە سەردەمەکەی خۆیدا، بەڵکوو بەدرێژایی مێژوو.

## سێ ئەرکی گرنگی جەمیل سائیب

**یەکەم**: ئەرکی نووسین و داهێنانی یەکەم چیرۆکی درێژی کوردی، کە دەشێ وەک ڕۆمانیش بیناسێنین، بە سەرکەوتوویی گرتە ئەستۆی خۆی. بەبێ ناوهێنانی جەمیل سائیب ناکرێت باسی نەخشەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردی بکەین. گرنگیی (لە خەوما) لەوەدایە لە سەردەمی خۆیدا بڵاو کراوەتەوە، ئەوەش لەبەر دوو مەبەست گرنگە. یەکەمیان، هەموو ئەو داهێنانانەی لە کاتی نووسین و بەرهەمهێنانیاندا بڵاو دەبنەوە کاریگەریی ڕاستەوخۆ دەکەنە سەر بەرەوپێشچوونی ڕەوتی ئەدەب و داهێنان. هاوکاریی گەشەی بەهرەی لاوان دەبن، سنوورێک بۆ نووسینی لاواز دادەنێن. دووەم، وەکو بابەت گەرماوگەرم کاریگەرییان دەبێ لە ئاگارکردنەوەی ئەو کەس و لایەنانەی ڕەخنەیان لێ دەگرێ. دەشێ لەسەر ئاستی کوردستان خەڵکانی دیکە هەبووبن بابەتی گرنگیان نووسیبێ، بەڵام چونکە لە کاتی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆیدا بڵاویان نەکردووەتەوە، بۆیە تەنیا وەک ئەرشیف و سامانی نەتەوەیی گرنگن، ڕۆڵیان لە بەرەوپێشچوونی کایە ئەدەبییەکەدا نابێت.

***دووەم ئەرکی جەمیل سائیب:*** دروستکردنی فەزایەکی تایبەتە بۆ گەشەکردنی زمان. زمانی لە تافی خشۆکەوە گواستووەتەوە بۆ تافی هەستانە پێ، زمانی کوردی بە ئەزموونێکی گرنگ و سەختدا گواستەوە، زەخیرەی وشە و ڕستە و توانای زمانی کوردی لە بوارێکی زۆر گرنگدا تاقی کردەوە. نازانم خوێندەوار و بڕوانامەهەڵگر (لەسەر وەزنی بارهەڵگر) چۆن شەرم ناکەن و تەریق نابنەوە کە دەبینن یان دەبیستن (چونکە ناخوێننەوە) خوێندەوارێک دروست پێش ٩٢ ساڵ بەو زمانە ڕۆمانی خەلق کردووە، ئەوانیش تەنیا لەبەر ئەوەی چەند وشەیەکی ناکامڵی زمانێکی دیکە فێر بوون، ئیدی نازانن بە کوردی بنووسن و تێزە ترۆهاتەکانیان بە زمانە باڵاکان دەنووسنەوە.

***سێیەم: ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی لۆکاڵیی کوردی،*** کە خۆی بەشێک بووە لێی. ئەوەش وای کردووە کە فەزایەکی ئەدەبی وا خەلق بکات لەو فەزا واقیعییە بچێت کە دەسەڵاتەکە بۆ خەڵکی خەلق کردووە، یان تا وێناکانی خۆی بۆ ئەو دەسەڵاتە بە نموونە بگوازێتەوە، ئەوەش تەنیا لە ڕێی بەکارهێنانی زمانەوە. بۆ ئەوەش خەیاڵی فراوان و زانیاری و تەکنیکێکی ناوازەی پێویست بووە.

بۆیە ئەوەندە دوور گەڕامەوە (بەردەوامیش دەبم) بۆ ئەوەی بزانین ئەو زمانە، ئەو وشە و ڕستانە، لەسەر ماندووبوون و توانەوەی ئێسکی چەندان نەوە دروست بووە، ئێستاش کە وەزارەتێکی بێ باک، چەند شارەوان و کاربەدەستێکی بێ خەم خۆیانی لێ بێ بەری دەکەن، دەبێ بزانن ئەوان گیای ئەو خاکە نین و هەرگیز ئەوەندە بەرز نابنەوە سێبەریان هەبێ.

٢٨ی ئایار(مای) ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**هەر سەردارێکی کورد بیەوێ لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا وانە لە مێژوو وەرگرێ، دەبێ چیرۆکی (لە خەوما)ی جەمیل سائیب بخوێنێتەوە**

**(٨)**

دوای زمانی کوردی دەکەوم، تا ئەو کاتەی بەتەوای نەشونما دەکات و هەڵدەستێتە پێ، بێ گومان لە مێژوودا، تا ئەوکاتەی دەبێتە پێناسی نەتەوە، تا ئەوکاتەی فەزای گشتی داگیر دەکات و کەس ناتوانێ نکۆڵی لێ بکات، تا ئەوکاتەی کە ئەرکی پاراستنی تەواوی کیانی نەتەوەیی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆ ئەوەی بتوانم لەو بەرزییەوە کە پێی دەگەم، ئەو نەهامەتییانە بنووسمەوە کە ئەمڕۆ لە هەموو بوارەکاندا بەسەر ئەو زمانەیدا دێنن. لە هەموو لایەکەوە خەریکی وێرانکردنی ڕێزمان و فۆنۆتیک و ڕستەکانین. خوێندن بە هەموو قۆناغەکانییەوە، وەزاەتی نادڵسۆز، بازرگان و ئەستووربووەکان بە پارە (چونکە ئەستوور بوو بەپارە جیاوازە لەگەڵ ئەرستۆکرات، کە ئەتەکێتی هەیە و کتێب و نیشتمانپەروەرە)، شارەوانە نەخوێندەوارەکانی، نابەرپرسانی ئوتێلدار و جاهیل، هیچەکانی هەڵاوساو بە پۆست، خەریکی کوشتنی زمانی کوردی و لەناو بردنین. هەر بەرپرسێک، هەر هەمەکار و پفدراوێک، هەر مامۆستایەکی زانکۆ کە دەبینێ زمانەکەی ئەتک دەکرێ، کە دەبینێ تەنانەت وشەی (شۆڕش) بەبێ حەوتەکە لەسەر دیوار نووسراوە ڕانەچڵەکێ و هەست نەکات خەنجەرێک لە دڵی دراوە، شایانی بەڕێوەبردنی ئەم وڵاتە نییە و مشەخۆرە.

جەمیل سائیب و ئەو نەوە خوێندەوارە ڕۆڵێکی گەلێک گەورەیان گێڕا لە سەرخستنی پرۆژەی گەشەکردنی زمانی کوردی. نۆڤلێتی (لەخەوما) بە زمانێکی تایبەت، بە چیرۆک ژیانی ئەو کاتەمان بۆ دەگوازێتەوە:

*(سەرما، قوڕ، دڵۆپە، بێ ئاگری، لەرزێکیش چووبووە ناو سکمەوە زۆرم سەرما بوو، هەموو لەشم بە جارێک داهێزرابوو، تێک شکا بوو، هیلاک ماندوو، مردوو، خەوم یەت، برسیمە، نەخۆشم، هەر نازانم بڵێم چی لەخەوما، لاپەڕە ٤١).*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کارێکتەری سەرەکیی لەخەوما، ئاوا وەسفی فەزای ئەو شارە دەکات کە چووە تا کارێکی تێدا بدۆزێتەوە. وەک نووسەرێکی شارەزا پێش ئەوەی داهاتووی کارێکتەرەکەمان نیشان دات، نموونەی ژیان لەو شارەدا باس دەکات، لەو نموونانەوە ئیدی خوێنەر تێ دەگات کە چ چارەنووسێک لە چاوەڕوانیی پاڵەوانەکەماندایە.

## یەکەم دیمەن یان نموونە:

(دەنگی شیوەن و گریان و لاوانەوە و کوڕووزانەوە یەت، ئەمما چۆن دەنگێ..لە خانچییەکەم پرسی وتم ئەم شیوەن و گریانە چییە؟ هیچی وانییە ئەو ژن و منداڵانە مێرد و باوکیان کوژراوە..کابرای تاین بە ڕەنگێ وا بێ ئەهمیەتانە وتی (ئەوە هیچ نییە) کە من لە شوێنی خۆم وشک بووم. لە خەوما لاپەڕە ٤٢).

## دیمەن یان نموونەی دووەم:

( لەو دیو خانەکەوە تەقەی تفەنگ و هەرا و زەنا و زریکە و هاوار پەیدا بوو، چەند تەقەیەک هات، بوو بە غەڵبەغەڵب و گریان و شیوەن و بانگەبانگ، دیسانەوە خۆم نەگرت....ئەم جارەش لە خانچییەکەم پرسی......ئەو وتی (من بۆ ئەمانە گەر جوابی تۆ بدەمەوە ئەبێ خەریکی هیچی تر نەبم...ڕۆژی سەد شتی وا ئەقەومێ)...وتی ئەوە ساحێبی ئەم ماڵە نازانم چەند ڕۆژێکە لەسەر جاسووسی و ماسووسی گیراوە و فەلاقەیەکی زۆر کراوە و لەپاشان داوای جەزایەکی زۆریان لێ کردووە، ئەویش پارەی نییە بیدا ماڵەکەیان فرۆشتووە...لەخەوما، لاپەڕە: ٤٣).

تا ئێرە سێ شوێنی نۆڤڵێتەکەم وەرگرتووە، لە بەشی یەکەمدا وەسفێکی زۆر وردی شوێنەکە دەکات (سەرما، قوڕ، دڵۆپە، بێ ئاگری، لەرزێکیش چووبووە ناو سکمەوە زۆرم سەرما بوو..) کە بەتەواوی خوێنەر دەباتە ناو فەزایەکەی خۆیەوە، فەزایەک کە نەک دەبیبینین هەست بە سەرما و لەرزەکەیشی دەکەین. ئەو شوێنەی وەسف کراوە (خانەکە) یەکەم شوێنی شارەکەیە، ئەوەش تەنیا وەسفی خانێک نییە، بەڵکو دەلالەتە بۆ هەموو شارەکە.

لە دیمەنی یەکەم و دووەمیدا، بە چەند وشەیەک ژیانی قورسی هاووڵاتییانی ناوچەکەی نیشانداوین. لە هەردووکیاندا یەک مەبەست هەیە (بە سووک سەیرکردنی ژیانی هاووڵاتییان، غەدر و تاوان). نووسەر سەرکەوتووە

لە پێکانی مەبەستەکەی، کە کاربەدەستانی ئەو کاتە چەند ستەمکار بوون، لە ڕێگای حوکمێکی قەرەقۆشێ وڵاتیان بەڕێوە بردووە.کە دواتر زیاتری روون دەکاتەوە.

گرنگی ئەو نۆڤلێتە تەنیا لەنووسیندا نییە، بەڵکو لە کاتی بڵاوکردنەوەشیدایە (ئەم چیرۆکە لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) ژمارە (٢٩ ساڵی ١ ڕۆژی ١ - ٧ - ١٩٢٥)دا بڵاو بووەتەوە، هەروەها باقییەکەی لە ڕۆژنامەی (ژیانی)ی ژمارە (١) ڕۆژی ٢١ - ١ - ١٩٢٦دا بڵاو کراوەتەوە. لەخەوما: لاپەڕە ٨١) بڵاوکرنەوەی لەو کاتەدا بە دوو مەبەست زۆر گرنگە:

*یەکەمیان:* بە هەموو ئەو بەڵگانەی کە لەناو چیرۆکەکە دەستمان دەکەون، ڕووداوەکانی هی ساڵانی دەسەڵاتی کوردن و بە دیارکراوییش هی سەردەمی یەکەم حوکمداری شێخ مەحموودی حەفید زادەن، لە ساڵەکانی ١٩٢٠ بۆ ١٩٢٢، ئەوەش دەری دەخات کە جەمیل سائیب توانایەکی گەورەی هەبووە لە گواستنەوەی واقیع بۆ ناو چیرۆک، چونکە بەشی هەرەزۆری نووسەران کەڵک لەو بابەتە واقیعییانە وەردەگرن کە ماوەیەکی باشی بەسەردا تێپەڕیوە، جا دەتوانن بیگوازنەوە ناو ئەدەبیات. لە هەموو ئەوانە گرنگتر ئەو دیمەن قورس و ستمکارانە ڕاستەوخۆ بۆ بکەرەکانی دەگوازێتەوە و لە قورسیی ئەو کارەساتە ئاگاداریان دەکاتەوە کە بۆ خەڵکیان خولقاندووە، بەوەش مەترسی بۆ سەر ژیانی خۆیشی دروست دەکات.

*دووەم:* هەر بەرهەمێک لە کاتی خۆیدا بڵاوکرایەوە شوێنپەنجەی خۆی لەسەر ئەدەبیاتی دوای خۆی جێ دەهێڵێت و بەشداریی دەکات لە بەرزکردنەوەی ئاستی داهێنان. ئەوە جگە لەوەی کە جەمیل سائیب بە نووسینی ئەو نۆڤلێتە ڕێکەوتی نووسینی چیرۆکی کوردی تۆمار کرد لە کاتێکی زۆر گونجاودا. (بە ڕای من هەموو ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی لە کاتی خۆیاندا بڵاو ناکرێنەوە کاریگەرییان بەسەر گەشەکردنی قۆناغەکانی ئەدەبدا نییە).

سەرەڕای هەموو ئەوانەش بە کوردی نووسیویەتی، شەرمی زمانی کوردی لە نووسینی چیرۆکدا شکاندووە. ئەو زمانەی جەمیل سائیب ئاستەکەی بەرز بکاتەوە بۆ ئاستی چیرۆک و ڕۆمان بە چەند دوژمنێکی نەزان نمرەی ناهێندرێتە خوارێ، با دەسەڵاتی فیرعەونیشیان هەبێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

ڕەخنەکەی جەمیل تەنیا لە دەسەڵاتدارانی سیاسی نییە، لە میللەتێکیشە کە بەهۆی نەریت و کۆنەپەرستییەوە هەموو شتێکان قبووڵ بووە. ئەوەی یارمەتیی ئاسانی گێڕانەوەی داوە، ئەوەی یارمەتیی نووسەری داوە هەموو وردەکارییەک بەکەمترین وشە نیشاندات، تەکنیکەکەیەتی.

ڕاستە کارێکتەرەکەی نووسەر زیندانییە، لە ژوورێک دیلە. لە ڕواڵەتدا زیندانیبوون مەودای بینین و زانیاریی کۆکردنەوە کەم دەکاتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە، لای جەمیل سائیب زیندانیبوون دەرگایەکی فراوانی بەسەر ڕووداوەکاندا بۆ کردووەتەوە، هەموو ئەو دیمەنە گرنگ و نهێنییانە دەبینێ کە هەرگیز کەسێکی ئاسایی دەستی پێیان ناگات، ئەویش بەهۆی تەکنیکەکەوەیە، بەو شێوازی نووسین و وردەکارییە، ژوورێکی بۆ زیندانییەکە هەڵبژاردووە کە لە لایەکەوە حەرەمسەرای (مەجلیسی ژنان) دەسەڵاتدارەکەی لێ دیارە، لەوێوە دەبینێ چۆن لەپەناوە واستە و بەرتیل لە ڕێگای ژنانەوە کاری خۆی دەکات. خەڵک دادەمەزرێ و پلەی هەندێ بەرز دەکرێتەوە، هەندێ لەکار دوور دەخرێنەوە، هەر بۆ نموونە:

(فڵان کەس پیرۆزەیەکیان هێناوە سالێ لە کەربەلا کڕیویانە بە هەشتا لیرە، هینی شای عەجەم بووە..فڵان کەس تۆپی تاقەی یەمەنی و دوو چەفتە سورمەی زۆر چاکی هێناوەتە خزمەتتان، ئەمر بکەی کوڕەکەی بکەن بە زابت.. بچۆ بە فیسار کەس بلێ سبحەینێ ئەم کوڕە بە زابت قەید بکات.. بارێک برینج و هیزەیەک ڕۆن و پێستەیەک پەنیریشە هێناوە...مێردی (فڵان) لە بەغدا هاتووەتەوە بەشی دوو کەوا گوروونی گوڵباتمانی هێناوە..لە خەوما: لاپەڕە،54)، بۆ هەموو ئەو بابەتە سەیر و سەمەرانەی دەسەڵاتی ئەو کاتە کە لە ژووری ژنان و بەهۆی پەیوەندیی خێزانی و ژێربەژێری و بەرتیلکاریی جەمیل سائیب دەنووسێ (ئەم ژوورە مەحکەمەی لاهای بوو، مەجلیسی لۆزان و عەسبەتولئومەم بوو، چی بوو لە زەرفی سەعاتێکدا سەد نەوع ئیشی تیا حەل بوو... نانی چەند کەس بڕاو و خوێنی چەند مەزڵووم ون بوو و چەند کەس دامەزرا: لەخەوما، لاپەڕە، ٥٤).

*شارەزایی نووسەر لە مەحکەمەی لاهای و لۆزان و عەسبەتولئومەم متمانەمان بە زانیارییەکانی زیاتر دەکات.*

هەر لەو ژوورەوە کە زیندانییەکە تێ دایە، لە لایەکی دیکەوە ژووری کاربەدەست و حکومدار دەبینێ (پەنجەرەکانی ئەم لا زۆر نزم بوون هەموو شتێکم ئەبینی، ڕوانیم گەورەکە کە ئەمری کرد منیان خستە ئەو ژوورە خۆی بە کەش و

فشێکەوە دانیشتووە و فڵقوهۆڕ نێرگەلە ئەکێشێ.. لەخەوما)، لەو نزیکەوە وێنەی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی وڵاتمان بۆ دەگێڕێتەوە. ئەگەر کورد ئەم ڕۆمانەی جەمیل سائیبی ورد بخوێندبایەوە هەرگیز وڵاتی بەو شێوەیەی ئێستا بەڕێوە نەدەبرد. هەرگیز پێویستی بە بەفیڕۆدانی ئەو ماوە دوور و درێژە نەدەبوو تا ئەزموونی بەڕێوەبردن تاقی بکاتەوە. هەر سەردارێکی کورد بیەوێ لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا وانە لە مێژوو وەرگرێ، دەبێ چیرۆکی لە خەومای جەمیل سائیب بخوێنێتەوە. لێرەوە جەمیل سائیب زمانی کوردی دەکاتە زمانی بیرکردنەوە و ڕەخنەی سیاسی و ئازارەکانی نەتەوەکەی.

ئەو ڕەخنە سیاسییەی جەمیل سائیب لە دەسەڵاتی گرتووە تا ئەمڕۆ کاریگەرە، یان تا ئەمڕۆ دووبارەکردنەوەی پێویستە، ئەوەش بە یەک ڕستە ئەوەیە، دەبێ دەسەڵات دیدێکی روونی هەبێ بۆ چارەسەرکردنی کێشەی وڵاتەکەی (هەر دەسەڵاتە دیدێکی روونی نییە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەتەوەکەی، گرووپ و جەماعەتەی دێن و دەتوانن دەسەڵات بەو عاقارەدا بەرن کە بۆ خۆیان دەیانەوێ.) بۆ نموونە، کە تورکخواهەکان باسی تورک و یەک ئایینی و هاوسێیایەتی تورکیایان بۆ دەکەن دەستبەجێ نامەیان بۆ دەنووسن و داوای هاوپەیمانییان لێ دەکەن. کە منەوەر و لایەنگرانی ئینگلیزیش دێن دیسانەوە هاوڕان لەگەڵیاندا و نامەی دۆستایەتی و پشتگیری بۆ ئەوانیش دەنووسن. مەبەستی سەرەکیی جەمیل سائیبیش ئەوەیە کە دەسەڵات تەنیا ئاگای لە رووتانەوە و سەرکوتکردنی خەڵک و گیرفان و گەندەڵییە، بۆیە سەری لە بنبڕکردنی کێشەی نەتەوەکەی و مەسەلە سیاسییەکان دەرناچێ.

**دووڕیان:**

لەخەوما منی خستووەتە بەردەم دووڕیانێکی زۆر ترسناک،کە ناکرێ دوای خوێندنەوەی ئەم نۆڤڵێتە هەروا بێباک و ئاسان بەسەر مێژوودا تێپەڕین. فەزای ناو نۆڤڵێتەکە کە جەمیل سائیب خەلقی کردووە، ئەوەندە قورس و بێ ئومێدانە و تاوانبارانەیە، کە تۆ هەرچەند کورد بیت و مەیلت بۆ کورد هەبێ، ناتوانی دەسەڵاتێکی ئەوەندە هەمەجی و تاوانکار و زاڵم قبووڵ بکەی، وەک ئەوەی لە نۆڤلێتەکەدا وێناکراوە.

لە دووڕیانەکەوە دەچینە سەر دوو تێبینی، کە هەم بنەمای سەرەکیی ڕۆمانەکەن و هەم کەرەسە، بەڕای من بەبێ ئەو دوو هۆکارەکە ئەو نۆڤڵێتە نەدەنووسرا.

**یەکەم:** جەمیل سائیب لەنزیکەوە شێخ مەحمووی ناسیوە و لەنزیکەوە کاری لەگەڵدا کردووە، نەک هەر ئەوە عارف سائیبی برای، سکرتێری شێخ مەحموود بووە، ئاگاداری چۆنیەتی بەڕێوەبرنی وڵات بووە، ئەوەش لە وێناکردنی ئەو زوڵموزۆرە لە ئەنداز بەدەرەی لە نۆڤلێتەکەدا باسی دەکات ڕەنگی داوەتەوە، واتا وێنەکانی لە واقیعەوە گواستووەتەوە، بەڵام بەشێوەیەکی هونەری کە شایانی ئەوەیە ببێتە بەشێک لە کارێکی ئەدەبی. ئەو کارکردنەی جەمیل سائیب لەگەڵ شێخ مەحموود وای کردووە کە زیاتر لەو زانیارییانە دڵنیا بین کە باسی کردوون.

**دووەم:** فەزای نۆڤلێتەکە کە فەزایەکی پڕ ترس و تۆقین و کوشتنە، پەیوەندی بە کوشتنی عارف سائیبی برای و جەمال عیرفانەوە هەیە. هەر وەک جەمال بابان لە پێشەکیی لە خەوما دەنووسێ (لە ماوە ساڵێکدا کە ١٩٢٣ز بوو، دوو عەزیز و خۆشەویستی کاکینە (پیرەمێردی خاڵی ئەو ناوەی لە جەمیل سائیب ناوە) کوژران، لە کاتێکدا کە خۆشی ئاوارە و لەگەڵ ماڵ و منداڵیا لە غەریبایەتی دەژیان. بۆیە من گومانم لەوە نییە کە کوشتنی ئەم دووانە کارێکی زۆری کردووەتە سەر دەروونی کاکینە و سەر نووسینەکەیشی، پێشەکیی لەخەوما، لاپەڕە،٢٩).

ئێمە قەرزداری ئەوەیەکین کە لە ژیان و مردندا، لە شۆڕشگێڕی و نووسیندا خزمەتی ئەم زمانەیان کردووە.

٣ی حوزەیران(جوون)ی ٢٠١٧

---

**کۆمەڵگەی نەریتی، ئەوەندەی لە قاچێکی ڕووت دەترسێ، نیو ئەوەندە لە شەڕی ناوخۆ، کوشتاری داعش، بۆمبی ئەتۆمی ناترسێ**

**(٩)**

## گەشەی زمان و گەشەی کۆمەڵگە

ئاستی زمان و ئاستی کۆمەڵایەتی دوو رووکاری دراوێکن، واتا گەشەی هەرکامێکیان دەلالەتە لەسەر گەشەی ئەوی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دیکەیان، ئەو گەشەکردنەش لە ئەدەبدا دەتەقێتەوە یان دەردەکەوێ. سەرەتای سەدەی بیستەم، سەرەتای گۆڕانکارییە گەورەکان بووە، کۆمەڵگەی کوردی شڵەقاوە و هەندێ گۆڕانکاری بەسەردا فەرز کراوە. (ئەوەی پێویستە بیزانین ئەوەیە کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بنەما و جووڵانەوەیەکی فکریی ناوخۆ نەگۆڕاوە، بەڵکوو بەهۆی ئەو پێشهاتانەوە بوو کە بە هۆی شەڕی گەورە و هاتنی ئینگلیز و کۆمەڵێک هۆکاری دیکە روویان دا).

ئەوەی گرنگە، باشترین بەڵگە بۆ نیشاندانی ئەو گۆڕانکارییانە نۆڤلێت یان چیرۆکە درێژەکەی ئەحمەد موختار بەگی جافە (مەسەلەی ویژدان، یان چۆن بووم بە خانەدان)ە. ئەم نۆڤلێتە یەکەم بەڵگەی سەرەتاکانی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگەی کوردییە لەسەرەتای سەدەی بیستەم. روونکردنەوەی ئەم ڕستەیە بەبێ خوێندنەوەی وردی مەسەلەی ویژدان کارێکی ئەستەمە. هەر بۆیە دەپرسین ئەو گۆڕانکارییە سەرەتاییانە چی بوون (مەسەلەی ویژان) باسیان دەکات؟.

**یەکەم:** مەسەلەی ویژدان پرسیار دروست دەکات: پرسیارکردن ئاستێکی بەرزی تێگەیشتن و هەستکردنە. سەرەتای هەموو گۆڕانکارییەکان لە پرسیارەوەنە.

(لەگەڵ خۆیدا بردمی بۆ لای دوکانداریکی تاجیر، بەو غەرەزەی معاوەنەتی بکەم لە دوکانەکەیدا، بەڵام هەر لە ئەوەڵەوە شعوورم بەوە کرد کە وەستای دوکاندارم. غەلوغەشێکی زۆر ئەکات، بەتایبەتی لەگەڵ ڕەشوڕووتی دەرەوەدا، کە ئەهاتن بۆ کڕینی شەکر و چایی و شتی دیکە......لێم پرسی:

*- وەستا ئایا بە شەریعەت غەلوغەشکردن لە تیجارەتا حەڵاڵە؟*

*- هەرچی تەسهیلی مەعیشەت بکات، بۆ خەڵکی جائیزە،..*

*- ئەی مەسەلەی ویژدان؟*

ئەوە تاکە پرسیارە کە پێویستی بە رامان و بیرکردنەوە هەیە، یان بە وەڵامدانەوەیەکی خێرا ،کۆتایی بە پرسیارەکە نایەت. لەبەرئەوەی هیچ یاسایەک لەنێوان ئەو دووانەدا نییە (وەستا و شاگردەکەی)، کە دادپەروەری بپارێزێ، یان مافی لێپرسینەوەی بداتێ. کارێکتەرەکەمان پەنا بۆ (حەڵاڵ و حەرام) دەبات، لەبەر ئەوەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وەستایەکەی پیاوێکە نوێژکەر و ئیماندار و لەخوا ترسە. لەڕێی پرسیارێکی ئاسانەوە دەیەوێ ویژدانی وەستاکەی بجووڵێنێ؟ لە لایەکی دیکەوە پەردە لەسەر بازرگانیکردن یان وەبەرهێنان بە ئایین هەڵدەداتەوە، کە تا ئەمڕۆ یەکێکە لە دەردە هەر قورسەکان.

*ئەحمەد موختار جاف، شاعیر و کەسایەتیی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە.* زانیویەتی ئەو مەسەلە گرنگانەی دەیەوێ بیانوروژێنێ پێویستی بە زمانێکی پەخشانیی هەیە، بۆیە پەنای بۆ نووسینی مەسەلەی ویژدان بردووە. کۆمەڵگەی کوردی بیستەکانی سەدەی ڕابردوو، کۆمەڵگەیەکی ئایینیی تەواو، ڕواڵەتەکانی ئایین بریتین لە (پاکی، ڕاستگۆیی، بەخشندەیی، دەستپاکی، فێڵ نەکردن، لێبوردەیی و چەندان سیفاتی جوان و پەسندی دیکە)، بەڵام هەموویان لە ڕواڵەتدا. کاتێک کارێکتەرە سەرەکییەکەی ئەحمەد موختار جاف، ڕووبەڕووی ئەو کۆمەڵگەیە دەبێتەوە، تووشی سەرسوڕمان دەبێت. ئەوەی تووشی منیش دەبێ لە کاتی پێداچوونەوە بە ئەدەبی ئەوکاتە، هەمان سەرسوڕمانە، هەمیشە هەست دەکەم کە بەڵێ شێوازی ژیان و بیرکردنەوە لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا لە شوێنی خۆی وەستاوە، بیرکردنەوەی ئینسانی کورد لە شوێنی خۆیدایە، ئەوەش گەورەترین کێشەیە کە بەرەو ڕووم دەبێتەوە، هەتا ئێستا دەبێ ڕۆژانە بپرسین (ئەی مەسەلەی ویژدان چییە؟) چونکە تا ئێستا هیچ ئالییەتێکی دیکە نییە سنوورێک بۆ چەسانەوە و فێڵ و تەڵەکەبازی دابنێ.

ئەحمەد موختار جاف، کارێکتەرێکمان بۆ خەلق دەکات کە ناچارین شوێنپێی هەڵگرین. نەک هەر نۆڤلێتی مەسەلەی ویژان، چیرۆکی کورد وەک نەتەوە ئاوا دەست پێدەکات (باوکم لە شەڕی گەورەدا شەهید کرابوو، ئیتر بێ کەس و بێ دەرەتان مابوومەوە، بەدیار دایکێکی هەژارەوە... مەسەلەی ویژدان: لاپەڕە 15). ئەرێ ئەوە سەرەتای چیرۆکێکی هونەرییە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم نووسراوە، یان سەرەتای چیرۆکی کورد خۆیەتی هەر لەو کاتەدا؟ ئەوە باوکی کوردە کە بە ڕاستی لە شەڕی گەورە یان شەڕی یەکەمی جیهانیدا شەهید کراوە و خۆی هەتیو بووە، ئەوە نیشتمانی کوردە لە ئەنجانی ئەو شەڕە گەورەوە کراوەتە چوار پارچە (پارچە پارچە کردنی نیشتمان بۆ نەتەوەیەک بە ڕاستی باب مردنە)، هەر پارچەی بێ ئیرادە کراوە و لەبن دەستوپێی خەڵکی دیکە نێژراوە. ئیدی لەو ڕۆژەوە کورد بێ کەس و بێ دەرەتان مایەوە. (بێ گومان ئەوە لە نەستی نووسەریشدا هەیە)، دەنا بە ڕووەکەی دیکەیدا سەرەتایەکی هێجگار سەرنجڕاکێشی چیرۆکەکەیە، ئەرێ کەسێکی بێ پشتوپەنا لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا چی بەسەر دێ؟ کێ پشت و پەنای بێکەسێکە؟ لێرەوە نووسەر ئەرکێکی قورس دەخاتە سەر شانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خۆی، ئەویش ناساندنی ئەو کۆمەڵگەیەیە لە ڕێگای فڕێدانی کەسێکی بێ پشتوپەنایەوە بۆ ناوی. یەکەم وانەی چیرۆکەکە ئەو ستەم و بێداییەی بازرگان و فەرمانبەرانی دەوڵەت و پیاوانی ئایینی دەیکەن، لەژێر سێبەری ئاییندا.

ئەوەی ئەحمەد موختار لەو کاتەدا دوای کەوتووە، ئەو ڕواڵەتبازییەی دینە یان ئەو نیفاقەیە کە تا ئەمڕۆ بەردەوامە. ئەریّ مەرجە ئەوانەی نوێژکەر و ئیماندارن ساختەچی یان درۆزن یان فێڵکەر نەبن؟ ئایا ئەو کەسانەی لە ڕێگای ئایینەوە سومعەیەکی کۆمەڵایەتی پەیدا دەکەن، شایانی متمانە پێکردنن؟ ئەریّ لە ڕێگای چییەوە متمانە بە ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بکەین؟ چۆن مافەکانی هاووڵاتی مەترسی لەسەر نامێنێ یان دەپارێزرێ؟

ئەو بەها مەزنانەی کە کۆمەڵگە، مزگەوت، خێزان، دیوەخان هەموو کایەکانی دیکە، ڕۆژانە وەک وانە دەیخەنە مێشکی هەر تاکێک، لە منداڵییەوە بەها ئایینیەکانن. ئەوە بەهایانەش پیرۆز و خاوێن و موبارکن. پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا دوای تێپەڕبوونی ئەو ماوە دووردرێژە خاوەنی ئەو بەهایانە نەبوونە جێگای متمانە؟ چۆن دەکرێ بازرگانێکی نوێژکەر فێڵ لە جوتیارە موشتەرییەکانی خۆی بکات کە سەر بە هەمان ڕێباز و ئایینن؟ چۆن دەکرێ بازرگانێکی حاجیی سەرڕاست نەبێ لەگەڵ هاوئایینەکانی خۆیدا؟ ئەوانە ئەو پرسیارانەن ئەحمەد موختار جاف، لە ڕێگای نۆڤلێتەکەیەوە لەپێش نەوەد ساڵەوە بەدوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕێ.

مەسەلەی ویژدان، هەوڵێکە بۆ جیاکردنەوەی ئەخلاق لە دین، ئەوەش گەورەترین کێشەی فکری بووە لەو سەد ساڵەی ڕابردوودا ڕووبەڕووی کومەڵگە موسڵمانەکان بووەتەوە، ناکرێ ئەوەش وەک کوفر و ئیلحاد سەیر بکرێ، ئەوەندەی هەوڵێکی جدییە بۆ ڕزگارکردنی ئایین لەوەی وەک ئاداتێک بۆ چەوسانەوە بەکار بێت، مەسەلەی ویژدان هەوڵێکە بۆ ئەوەی خوداپەرستی نەخرێتە خزمەتی بازرگانییەوە، ئیمانی خەڵکی بۆ هەڵخەڵەتاندنیان بەکار نەهێنرێت. لەلایەکی دیکەوە، بەها ئەخلاقییەکان پرینسیپێکی تاکەکەسین و ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆیان بە پەیوەندیی تاک و دەوروبەریەوە هەیە. یەکێک لە ئەرکە هەرە لەپێشەکانی ڕێنیسانس جیاکردنەوەی ئەخلاق بوو لە دین و تێشیدا سەرکەوتن. بەها ئەخلاقییەکان تاکەکەسی زیندوو دەکاتەوە وە ڕێز بۆ (تاک) دەگێڕێتەوە. بەرپرسیاریەتی دەخاتە سەر شان بەرامبەر هەموو ئەو بابەت و کێشانەی ڕۆژانە بەرەوڕووی دەبێتەوە. بەکورتی ئەخلاقی تاک ئەوەیە کە لەپێناوی جوانیدا گوڵەکان پان نەکاتەوە، نەک لەبەر لۆمەی کۆمەڵایەتی. درەخت



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نابڕێتەوە لە پێناوی پاراستنی ژینگە و ڕاگرتنی هاوسەنگیی سروشت نەک شتێکی دیکە. لەبەر هەستی ئینسانی و نەبوونی مافی کوشتن و گەورەیی مرۆڤ دەست بۆ گیانی هاوڕەگەزەکانی خۆی نابات، نەک لە ترسی چوونە سزا و دۆزەخ. کە دزی ناکات تەنیا لەبەر ئەوەیە کە ئەو دەیەوێت دەست بۆ شتێک نەبات کە مافی ئەو نییە، کە خۆی پەیدای نەکردووە، کە هی ئەو نییە، نەک لە ترسی سووتاندن و سزادانی ڕۆژی دوایی. لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، سیستمی مۆدێرن بەهۆی یاساوە ڕێگای چارەسەرکردنی هەموو کێشەکانی دیار کردووە، لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا هەموو خەتایەک دیار کراوە و سزاشی بۆ دانراوە. مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختار جاف، لە یەکەم ڕستەیەوە تا کۆتایی دەچێتە خزمەتی ئەو پەیامەوە.

*- ئەگەر ئەم مندااڵنە بنێری بۆ مەکتەب چاکتر نییە؟*

*- هەتیو دیارە تۆش بەهۆی ئەو کوێرە خەتەوە ئەحمەق بووی....*

(من کوڕی خۆم بۆچی ئەنێرم بۆ مەکتەب؟ بۆچی کافری بکەم وەکو گاورەکان لە هاوینا قاچ و سەریان ڕووت بکەن؟ ئێمە هەر چلۆن بووین ئەبێ وەها بین.. مەسەلەی ویژدان: لاپەڕە ٢٠)

*ئەوانەن پێشەنگەکانی چیرۆکی کوردی، بەهۆی دیالۆگێکی کورتەوە چیمان پێ دەڵێ؟*

*یەکەم:* ئاشکراکردنی شێوازی وتووێژی نەریەتی کەسایەتییەکی کوردی سەردەمەکەی خۆی، وتوتووێژێک کە هەم پرسیار دەکات، هەم وەڵام دەداتەوە، هەم هێرش دەکات و هەم نەریەت دەپارێزێ و هەم پارێزگاری لە بەرژەوەندییە بازرگانی و نەریتەکانی خۆی دەکات.

*دووەم:* مەسەلەی مەکتەب دەخاتە بەردەم بازرگانێک کە نزیکترین کەسە دەکرێ خوێندەواریی بخاتە خزمەتی خۆیەوە.

*سێیەم:* بازرگانەکە چونکە وەک بەشی هەرە زۆری کایەکانی دیکە نایەوێ تەنیا هەر لە ڕێگای (بازرگانییەکی پاکەوە!!) قازانجی دەست کەوێ، بەڵکوو ئایین دەخاتە خزمەتی کارەکەی و کەڵک لە نەخوێندەواریی مشتەرییەکانی و کۆمەڵگە وەردەگرێ.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**چوارەم:** لە ئەنجامی ئەو سێ خاڵەی سەرەوە، بۆ هێرشکردنە سەر دامەزراوەیەکی تازە کە قوتابخانەیە، ڕاستەخۆ قوتابخانە دەکاتە دوژمنی ئەخلاقی دینی و پەیوەندی دەکاتەوە بە ڕەوشت و نامووسی ئافرەت. ئەوەش ئەو چەکە کاریگەرەیە هەمیشە نەریتخواز و بازرگانانی ئایین دژی هەموو داهێنانێکی نوێ بەکاریان هێناوە، هیچ حزبێکی سیاسیی ئایینی، هیچ گرووپ و تاقمێکی نەریتی، هیچ سیحرباز و نوشتەکەرێک نەبووە ئەو چەکەی دژی مەکتەب و زانست بۆ بەلاڕێدابردنی خەڵک بەکار نەهێنابێ، بۆیە ئەوە ڕستەیەک نییە لە کۆنتێکستی چیرۆکێک وەرگیرابێ، بەڵکوو ئەوە ڕستەیەکە لە کۆنتێکستی میللەتێ وەرگیراوە و تا ئەمڕۆ باوەڕی پێیەتی. (بۆچی کافری بکەم وەکو گاورەکان لە هاوینا قاچ و سەریان ڕووت بکەن؟) لەپشت ئەو پرسیارە سادەیەوە، کە تا ڕۆژی ئەمڕۆ بازرگانانی دین بەو زمانە، بەو لۆژیکە قسە لەگەڵ (ئەوانی دیکە)دا دەکەن، چەند زانیارییەکی گرنگ ئاشکرا دەکات:

**یەکەم:** چوونە قوتابخانە و کافربوون دەخاتە یەک ئاست، خوێنەواری و ئایینگۆڕین وەک یەک تەماشا دەکات. واتا هەموو ئەوانەی دەچنە مەکتب کافرن.

**دووەم:** هەر لەو پرسیارەدا کە لە هەمان کاتدا وەڵامیشە، کافر و گاور دەخاتە یەک تای تەرازوویەکەوە. هەموو گاورێک (کە ئایینێکی دیکەیە) دەیانکاتە بێ باوەڕ و خودانەناس. ئەوەش وەک هەڕەشە دژی ئەوانە بەکار دەهێنێ کە دەچنە قوتابخانە.

**سێیەم:** مەکتەبلی و کافر و گاوریش (هاوینان قاچ و سەریان ڕووت دەکەن) قاچ و سەر ڕووتکردنیش گەورەترین نیشانەی پرسیار دەخاتە سەر ڕەوشت و نامووس، لەو شێوازی گوتنەدا.

ئەو پەیامە پڕ هەڕەشەیە سەد ساڵی تەواوە کۆمەڵگەی کوردی تۆقاندووە و ناتوانێ تەلیسمەکەی بشکێنێ. کۆمەڵگەی نەریتی (کورد بەتایبەتی) ئەوەندەی لە قاچێکی ڕووت دەترسێ، نیو ئەوەندە لە شەڕی ناوخۆ، کوشتاری داعش، بۆمبی ئەتۆمی ناترسێ.

ئەو کارێکتەرە بێکەسەی ئەحمەد موختار جاف خەلقی کردووە، دەیەوێ ژیان وەک خۆی ئەزموون کات، بەڵام لە هەموو کارکردنێکدا تووشی سەرسوڕمان دەبێت و وتە گرنگەکەی خۆی دووبارە دەکاتەوە..

*- قوربان لە خسووسی ویژدانەوە چی ئەفەرموویت؟*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

- ئەمە داخڵی ویژدان نییە!

- ئەی مەسەلەی ویژدان چییە؟

بۆچی ویژدان؟ بۆچی هەر پەنا بۆ ویژدان دەبات؟ ویژدان دەستەواژەیەکە لە فەرهەنگی ئاییندا ماناکەی دەدۆزینەوە. کۆمەڵگەیەک کە هێزی هەموو شانازی و بەهاکانی لە ئایین وەردەگرێ، هەموو ڕێوڕەسمێکی ئایینییە، شەرەف و ئاستی کۆمەڵایەتی و پلەی کەسایەتی، ئایین دیاریان دەکات.کەواتە بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیە بدوێی، دەبێ هەمان ئالیەتی خۆی بەرکابێنی ئەویش ئایینە، هەر لەبەر ئەوەیە نووسەر پەنای بۆ فەرهەنگی دینی بردووە. جگە لەوەش هیچ ئالییەتێکی دیکە نەبووە، نە یاسا و نە دادپەروەری. هەموو ئەوانە وایان کردووە کارێتەرەکەمان دوا چەک و پاکترین چەک بەکار بێنێ کە ویژدانە. چونکە کۆمەڵگەکەی ڕواڵەتبازە و هەموو بانگەشەکانی ڕواڵەتین، هەر لەبەر ئەوەیە کارێکتەرەکەمان هیچ سەرکەوتنێک بەدەست ناهێنێ، کۆمەڵگەش زۆر بێ ڕەحمانە دەیخاتە دەریای خیانەتەوە، ئەوەش زۆر بەڕوونی لە بەشەکانی داهاتوودا دەیبینین.

١٢ی حوزەیران(جوون)ی ٢٠١٧

---

## زمانی کوردی بۆ بەرگری و تەحەدا هەستایە سەر پێ و نەبەزی

**(١٠)**

*مەرجی سەرەکیی بەرزبوونەوەت بۆ مەقامی عالی: مەزەڕەت بۆ هاوجنسی خۆت، درۆزنی، خیانەت!*

*ئەحمەد موختار جاف ١٩٢٧*

سەرەتای سەدەی بیستەمم بە دنیا داناوە، دەبێ لەو سەدەیەدا دەروازەی دنیا لەکوێدا بووبێ؟ دروازەکەشی کۆمەڵەی گەلان بووە. بۆ چوونە ناو دنیا دەبێ تاقە پسوولەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکانت پێ بێ، کە ئەو کاتە پێیان



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگوت کۆمەڵەی گەلان (League of Nations). نە نەتەوە یەکگرتووەکان و نە کۆمەڵەی گەلان ئەو پسوولەیان نەدایە کورد. نەک هەر ئەوە، پێناسەی (نەتەوە Nation) یان لێ ستاندەوە، لە دەفتەری ئەو ڕێکخراوەدا دوو سیفەت هەبوون بۆ بە ئەندامبوون لەبەرچاو دەگیران، یەکەم دەبوو نەتەوە بی. دووەم کە نەتەوە بووی مافی بەدەوڵەتبوونت هەیە. ئەوکاتە دەتتوانی ببیە ئەندام لەو ڕێکخراوەدا. بە ڕای من ئێستا کورد مافی ئەوەی هەیە ڕاستەوخۆ سکاڵا لە دژی نەتەوە یەگرتووەکان بەرز بکاتەوە، کە ئێستا لە ژیاندایە و جێگرەوەی کۆمەڵەی گەلانیشە. چونکە لێستاندنەوەی پێناسەی نەتەوە نەک هەر کوردی لە بوونە دەوڵەت بێبەری کرد، بەڵکوو بە یاسای ئەو ڕێکخراوە زەبەلاحە مافی لەناوبردنی کورد بە کرداری درایە هەموو ئەو وڵاتانەی کوردیان تێدایە (ببوورن نانووسم تێدا دەژی، چونکە کورد نەژیاوە).

لەبەردەم ئەو دەروازەیەدا، کە هەموو مافێکی نەتەوەییان لە کورد ستاندبووەوە، زمانی کوردی بۆ بەرگری و تەحەدا هەستایە سەر پێ. هەستایە سەر پێ و تا ئەمرۆ دانەنیشتەوە. هەموو شتەکانی دیکە لە شوێنێکدا بەزیین (ساسیەت، حزب، جوگرافیا، شۆڕش و بەرگری،کولتوور) تەنیا زمانە نەبەزیوە و مایەوە و لەسەر پێی خۆی وەستا. لەو ڕاوەستانەشدا ئەدەبیات ڕۆڵی شێری بەردەکەوێ.

قسەی من لەسەر ئەحمەد موختار بەگی جاف و نۆڤلێتەکەیەتی، مەسەلەی ویژدان. ڕۆڵیان لە گەشەکردنی زمان و ئاراستەکردنی نەتەوەدا بە مەبەستی مانەوە، بە مەبەستی ڕەخنە لەخۆگرتن و خۆ دروستکردنەوە. ئەو بەشەی تەرخان دەکەین بۆ ڕەخنە گرنگەکانی لە سیستمی بەڕێوەبردنی فەرمانگە و کاروباری خەڵک:

(حەیوانە کێوی تەنها لە یەک پڵینگ ناترسێ با وجوودی حەیوانی، ئەوەندە عەقڵی هەیە کە هەموو پڵینگێک ئەیخوا.. مەسەلەی ویژدان: ٢٥) ڕاستە ئەو ڕەخنەیە لە خەڵکە، بەڵام نادادیی بەڕێوەبردنیش نیشان دەدات، لەو ڕستەیەوە دەچێتە هەناوی بەڕێوەبردنەوە.

لە درێژەی چیرۆکەکەدا تێ دەگەین کە کارێکتەری یەکەم ناوی زۆرابە و هەموو قسەکان لەسەر زاری ئەو بەیان دەکات. (هەڵسام لەگەڵ کاروان لە شار دەرچووم، ڕۆیشتم بۆ قەزایەکی تر...هەقیقەتەن جێگایەکی خۆش و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هەوایەکی لەتیف و باخ و باخچەیەکی جوانی بوو. ئەمما مەعەلئەسەف ناو کۆڵانەکانی لە کەماڵی پیسیدا بوو، پڕ بوو لە مەجاری و ئاوەڕۆ و زبڵ و پیسایی... لاپەڕە ٢٦)

زۆراب تا ئێرە هاووڵاتییەکی ئاساییە، دەیەوێ لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێ، ڕەخنەش بگرێ، بەڵام با ورد بینەوە بزانین سیستمی کۆمەڵایەتی و شێوازی حوکمکردن بەرەو کوێی دەبەن. ئەحمەد موختار لەو کاتەدا هەستی بەوە کردووە کە ئەوە سیستمی کۆمەڵایەتییە ئینسانەکان بەو شێوەیە پەروەردە دەکات کە دەیەوێ. زۆراب لە یەکەم هەوڵیدا بۆ کارکردن کێشەی بۆ دروست دەکەن و بەندی دەکەن، تا ڕێگای واستە و بەرتیل دەدۆزێتەوە، هەموو ئومێدی ئەو ئەوەیە لە سووچێک ئەرزوحاڵ بنووسێ، کە واستە دەکات بۆ خۆیان ڕێگای غەدر و خەتای نیشان دەدەن (دەرحاڵ ئەمرێکی نووسی کە بە غەیرەز زۆراب ئەفەندی ناو، کە ئەسڵەن خەڵکی ئێرەیە و ئێستا هاتووەتەوە و خەتی جوانە ئیستیدعا نووسین بۆ هەموو کەس مەمنووعە..لاپەڕە، ٣٠) دەبێ ئەوە بزانین لەسەرەتادا بەبێ بەرتیلدان ئەرزوحاڵی دەنووسێ لەسەر (خەت ناخۆشی زیندانی دەکرێ).

(دوو ئەرزوحاڵنووسی فەقیر کە دراوسێی دوکانم بوون و وەجهی مەعیشەتیان تەنها ئەرزوحاڵ نووسین بوو، بە ئەمری بەلەدیە مەنع کران، منیش هەر چەند قەلبەن موتەئەسیر بووم بۆیان کە نانم بڕین، ئەمما لەبەر ئەوە وەزعی موحیت وای تەقازی (پێویست) ئەکرد کە هەموو شەخس سەعادەتی خۆی لە فەلاکەتی هاوجینس و هاوزمانی خۆیدا ئەبینێ، منیش سەرفی نەزەرم کرد لە ویژدان و وتم بە جەهەننەم ئەمرن لەبرسا..لاپەڕە، ٣٠).

زۆر بە پێویستم زانی ئەو چەند دێڕە وەکوو خۆی بگوازمەوە، بیروڕاکانی ئەحمەد موختار جاف لەسەر پرۆسەی بە دڕەندەکردنی (مرۆڤ) هەمان ئەو بیروڕایانەیە کە کۆمەڵناسان و شارەزایانی بواری کۆمەڵناسی باسیان کردووە. سەرەتا پرسیاری هەرە سەرەکی زۆرابە فەندی (ئەی مەسەلەی ویژدان چییە؟) لەدوای چەوسانەوەیەکی قورس لەلایەن کاربەدەست و مەلا و بازرگانەکانەوە، لەدوای ئەزموون کۆکردنەوە، مەکینەی قیمەکردنی کۆمەڵایەتی دەیگەیەنێتە ئەو بڕوایەی بڵێ (هەموو شەخس سەعادەتی خۆی لە فەلاکەتی هاوجنس و هاوزمانی خۆیدا ئەبینێ)، ئەوە کاریگەریی دەوروبەرەکەیەتی لەسەری، بەو شێوەیە لێرەوە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەر کەسایەتی و بیرکردنەوەی کارێکتەرەکەی (زۆراب ئەفەندی)ی ئەحمەد موختار جاف دادێت، ویژدان دەخاتە ژێر پێوە. ئەو گۆڕانە لەسەر دوو ئاستە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**یەکەمیان.** لەسەر ئاستی واقیع و ئەویش بە گواستنەوەی تاعوونی گەندەڵی بۆ یەکە یەکەی هاووڵاتییان.

**دووەم.** لەسەر ئاستی هونەری چیرۆک، ئەو کارێکتەرە زیندووە و تامی ژیان دەدات بە خوێنەر، چونکە لە پرۆسەی نووسینی نۆڤلێتەکەدا گۆڕان بەسەر کەسایەتییەکەیدا دێت و پێدەگات. واتا لەسەرەتای چیرۆکەکە کەسایەتییەکی سادە و دڵپاک و دەستپاکمان هەیە، کە کێشەی ئەوەیە بۆچی خەڵک گوێ ناداتە ویژدان و خوێندەواری و پێشکەوتن. بەڵام لەدوای ئەو پەرگرافە کەسایەتیی زۆراب بەتەواوی دەگۆڕێت و سەرفی نەزەر لە ویژدان دەکات و دەڵێ بە جەهەنەم دەمرن لەبرسا. ئەو هونەرە، هونەری گەشەکردنی کەسایەتییەکانی ناو چیرۆک، یەکێکە لە بنەما هەرە سەرەکییەکانی چیرۆکی سەرکەوتوو، ئەو چیرۆکنووسانەی توانیویانە لەو خاڵەدا سەرکەوتوو بن لەناو چیرۆکنووسانی کورددا ژمارەیان زۆر نییە.

*ئەگەر هاوکێشەیەک بۆ سیستمی ئیداری لەسەر ئەو دیالۆگەی زۆراب ئەفەندی دروست کەین بەو شێوەیەیە:*

سەعادەتی شەخسی یەکسانە بە فەلاکەتی هاوجنس و هاوزمانەکانت، دەوروبەرەکە ئاوای دەوێت. پرسیارەکە ئەوەیە، ئەو هاوکێشەیەی ئەحمەد موختار جاف بۆ سەردەمەکەی خۆی نووسیوە، هاوکێشەیەکی ئەزەلییە بۆ هەموو سەردەمێک دەشێ؟ ئەرێ ئێستاش لە کۆمەڵگەی کوردیدا سەعادەتی شەخسی لەسەر فەلاکەتی هاوجنس و هاوزمانەکانمان وەستاوە؟ ئەوەی هانی زۆراب دەدات وا بیر بکاوە بەپێی نۆڤلێتەکە لەو چەند خاڵەدا کۆیان دەکەمەوە:

*یەکەم: ئەو غەدرە قورسەی لەسەرەتای کارکردنیەوە بەهۆی نیەتپاکی و ڕاستیی گوتنەوە لێی دەکرێ.*

*دووەم: ژیانی سادە و هەوڵدان بۆ کارکردنێکی بێ غەش، هەمیشە ڕووبەڕووی تەگەرەی دەکردەوە.*

*سێیەم: (زۆری وام دیبوو کە بەو هەموو جەهالەتەوە، من لەمان عالمتر بووم، وە مەقامی گەورەیان ئیشغال کردبوو،* مەسەلەی ویژدان.. لاپەڕە ٣١) واتا رکەبەری بەپێی سروشتی بەڕێوەبردنە، ئایا چوونەپێش و پۆست وەرگرتن بەپێی دڵسۆزی و جۆری کار و بەرهەمە، یان بەرژەوەندی و کاری مافیایی و ستەمکردنە. سروشتی بەڕێوەبردن جۆری ململانێکە دیاری دەکات.

*کاتێک دەیەوێ بەرز بێتەوە بۆ (جێگای عالی) کۆمەڵگە دوو مەرج بۆ زۆراب ئەفەندی و تەواوی خەڵکی دادەنێ:*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

***یەکەمیان**: ئەوەڵەن پارەت هەیە یا نا؟*

***دووەم**: مەزەڕەت بۆ هاوجنسی خۆت، درۆزنی، خیانەت!*

**پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە، ئەریّ دوای تێپەڕبوونی نەوەد ساڵی تەواو بەسەر نووسینی ئەم چیرۆکەدا، هێشتا ئەو دوو مەرجە بۆ تەرەقی و گەیشتن بە جێگای عالی وەک خۆیەتی؟ من سەرسامم کۆمەڵگەی کوردی چەند وردە لە بەرهەمهێنانەوەی خۆیدا (وەک خۆی)، بە ڕادەیەک لەو مەکینە کۆنەی هەیەتی تاکە بورغوویەکی لێ ون نابێ. ئەحمەد موختار جاف خۆی وەڵامان دەداتەوە (ئەمانە لەم موحیتەدا وەکو شەهادەتنامەی مەکتەب وایە...دەستم کرد بە درۆزنی و خیانەت و تەتبیقی ئەو پڕۆغرامە (بەرنامە) کە کابرا بۆی دانابووم. هەقیقەتەن لە مودەتێکی زۆر کەمدا موشاهەدەم کرد کە ئیحترامم قات قات زیادی کرد و هەموو کەس لە جاران زیاتر ئیعتیمادم پێ ئەکات. مەسەلەی ویژدان..لاپەڕە،٣١ - ٣٢).**

**ئەوەیە بەڵگەنامەی مێژوویی، ئەوەی وەک دۆکیومێنت ئەحمەد موختار جاف لەو چیرۆکەدا بۆی تۆمار کردووین هەموو مێژووی نووسراوی کورد بۆی نەگواستووینەوە. ئەوەیە گرنگیی ئەدەب. هەم سەردەمەکەی تۆمار دەکات، هەم زمان گەشە پێ دەدات، هەم هونەرێکی تازە دادەهێنێ. بۆیە ناکرێ ئەوەی بە سەدەیەک نووسین و خزمەت بەرهەمهاتووە بە کەم سەیر بکرێت و وەک هەر شتێکی زیاد بخرێتە لاوە.**

**دەکرێ ئەو چیرۆکە وەک مانفێستی رەخنەی کۆمەڵایەتی و ئیداری تەماشا بکرێ. کارێکتەری زۆراب لە ڕووی هونەری چیرۆکیشەوە یەکێکە لە کارێکتەرە هەرە کامڵەکان لە چیرۆکی کوردیدا. ئەو پیاوە سادە و دڵپاک و مرۆڤدۆستە دەگاتە ئەو باوەڕەی کە (واسیتەی تەرەقیی ئەم زەمانە، ناڕاستی و نەخوێندەواری و ساحیب پارەییە). ئەگەر ئەو وتەیە لەگەڵ قسەکانی سەرەتایدا بەراورد بکەین هەست بەو گۆڕانکارییە گەورەیە دەکەین بەسەر کەسایەتییەکەیدا هاتووە، ئەوەش هەمان ئەو گۆڕانەیەیە کۆمەڵگەی کوردی بەسەر ئەندامەکانیدا دەهێنێ لە درێژەی تەمەندا. ئەو گۆڕانەشە تا کۆتایی چیرۆکەکە بەردەوام دەبێت. ئەوەش تەنیا کەسایەتیی یەک کارێکتەر یان زۆراب نییە، بەڵکوو وێنەیەکی گشتییە بۆ کەسایەتیی کورد. هەر بۆ نموونە، دوای ئەوەی وەک بەرنامەی بۆ دانابوو جێگا و مەقامی بەرز بووەوە، دەستی کرد بە چەوسانەوە و ڕاووڕووت، لە شوێنێکدا دەستی کەشف دەبێت و لەسەر کار لادەبرێ، ئەوەش ڕێگایەکی دیکەی بە ڕوودا دەکاتەوە. لەسەر زمانی خۆیەوە دەنووسێ (لە دڵی خۆمدا**



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

قەرارمدا کە مەسەلەی میللەت بگرم بەدەستەوە و خۆم بکەم بە وەتەنی، ئەمجا دەستێ لیباسی سویلی (جلی ئەفەندی) زۆر جوانم لەبەر کرد و وەکو پیاوێک کە لە مەکتەبێکی عالی نەشئەتی کردبێ، خۆم بە لیباس ڕازاندەوە و باستۆنێکی (گۆچان) باشم گرت بەدەستەوە، جانتایەکم پڕ کرد لە کاغەزی سپی و کتێب.. مەسەلەی ویژدان..لاپەڕە، ٣٨). گواستنەوەی ئەو دیمەنانە بە وشە و ڕستە بەو زیندوویەتییە هەم لە ڕووی زمان و هەم لە ڕووی هونەرەوە بەهای خۆیان هەیە. ئەوە جگە لەوەی لە ڕووی فکر و خوێندنەوەی حاڵەتە کۆمەڵایەتییەکان نرخی هەر تەواو نابێ. چیمان پێ دەڵێ:

*یەکەم: بۆ خۆ پاککردنەوە و خۆبردنە پێش باشترین ڕێگا (مەسەلەی میللەتی بگری و خۆت بکەی بە وەتەنی).*

*دووەم: خۆکردنە وەتەنی پێویستی بە لیباسی جوان و گۆچانی باش و جانتا و کاغەزە.*

*سێیەم: هەموو ئەوانەش بۆ دروستکرنی کارێکتەری ڕواڵەتین. واتە کورد لە ڕووی ڕواڵەتەوە ئینسانی وەتەنی دەناسێتەوە (بە جل و گۆچان و جانتاوە) نەک شتێکی دیکە.*

بەشەکانی دواتری ئەم چیرۆکە، زۆراب ئەفەندی دەگاتە مەقامی عالی و دەبێتە خانەدان، پڕ لە زانیاریی ورد و فراوانە لەسەر هەموو گرووپەکانی کۆمەڵگە، سەیرانکەرەکان، تریاکخۆرەکان، عەرەقخۆر و دەروێش، عاریف. هەمووشیان لە ئاستێکی بەرزەوە کۆمەکیان بە فراوانیی ڕەهەندەکانی چیرۆکەکە کردووە. هەر بۆ نموونە، کاتێک زۆراب لەو دەشتودەرە داوا لە دەروێشێک دەکات لەگەڵی بچێت بۆ ماڵەکەی، کە بەو هەموو تەڵەکەبازییە دەستی کەوتووە، دەروێشەکە دەڵێ:

(هیچ وەقتێ باوەڕ ناکەم لەم جێگەیەی من خۆشتر بێت، چونکە ئەو فەڕەش و نوێنەی تۆیە موتڵەقەن هەقی غەیری وا بەسەرەوە. ئەو نانی تۆیە بە تەحقیق لە نەتیجەی زوڵمێکەوە پەیدا کراوە).

*ئەوەی دەربارەی ئەم چیرۆکەی ئەحمەد موختار جاف دەبێ بگوترێ:*

*یەکەم:* (لە ساڵی 1956دا ئەم دەسنووسەم لەگەڵ چەند یادگارییەکی کۆنی کەدا، لەناو ئەو کتێبانەدا کەوتەوە بەرچاو کە لەلایەن باوکمەوە کۆ کراونەتەوە و پارێزراون)، ئەوە ڕوونکردنەوەی دکتۆر ئیحسان فوئادە لەسەر ئەم



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چیرۆکە. لە ساڵی ١٩٦٨ پێشەکیی بۆ نووسیوە.

**دووەم:** (ئەحمەد موختار جاف ئەم سەرگوزشتەیەی لەدەوروبەری ساڵانی ١٩٢٧ - ١٩٢٨دا نووسیوە. دەسنووسەکە بە دەسخەتی مامۆستای شاعیر عەلی کەمال باپیر نووسراوەتەوە..دکتۆر ئیحسان فواد) دواتریش مامۆستا عەلی کەمال باپیر ئەو ڕایە پشتڕاست دەکاتەوە.

**سێیەم:** شتێک لە گومان لە ساڵی نووسینەکەیدا هەیە، یەکەم دکتۆر ئیحسان پشتی بە قسەی باوکی بەستووە و قسەکەی عەلی کەمال باپیریش نزیکەی دوای چل ساڵ لە نووسینەوەی کراوە، لەسەر دەسنووسەکەش ڕێکەوت نەنووسراوە.

**چوارەم:** زمانی ئەم چیرۆکە ڕەگی لەناو کولتوور و قەدی لەناو مۆدێرنەیە، بۆ یەکەم جار وشەی سینەمای بەکار هێناوە (خەریک بووم خۆم نەناسمەوە، هەر ئێوارەیەک لە ئوتێلێک وە هەر شەوەی لە سینەمایەک...لاپەڕە ٥٠).

لەبەر قسەی کەس نا، بەپێی بابەتی چیرۆکەکە، زمان و داهێنانەکەی، بەڵێ ئەم چیرۆکە لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا نووسراوە، بەشێکە لە پرۆژە گەورەکەی گەشەکردنی زمانی کورد کە بە لای منەوە لەلایەن مێجەر سۆنەوە سەرکردایەتی کراوە. بۆ ئەوەش ناچارم بگەڕێمە سەر ڕۆڵی سۆن و کوردی زانیینەکەی.

١٨ی حوزەیران(جوون)ی ٢٠١٧

---

## لە هەشتایەکان، کوردی نووسین و تەقەکردن لە بەعس هاوشان بوون

**(١١)**

مەبەستی سەرەکیم لە نووسینی ئەم وتارانە نیشاندانی ئەو فەرامۆشییە قووڵەیە کە ڕووبەڕووی زمانی کوردی بووەتەوە، لەکاتێکدا سیاسەتی خوێندن و ڕۆشنبیری و ئیداریی کوردستان بەدەست کوردەوەیە (هیچ نەبێ لە ڕواڵەتدا). ڕاستە زمانی کوردی لە زۆر کێشەی ئەستەمتر ڕزگاری بووە و بە سەلامەتی لێی دەرچووە. لە هەموو کێشەکانیش قورستر ئەو دیدە دوژمنکارانە بوو کە حکوومەتی بەغدا بۆ زمانی کوردی هەیبوو و لە هەشتایەکانی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

سەدەی ڕابردوودا گەیشتە لووتکە. هەمیشە زمانی کوردی کرابووە قوربانیی بیرکردنەوەی سەرانی بەغدا و پەیوەندییان بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕی کوردەوە. بە جۆرێک کوردی نووسین و تەقەکردن دژی حکوومەت و پێشمەرگایەتی هاوشان کرابووەوە. هەموو کوردیزان و کوردینووس و ئەدیبێکیان بە مەترسی دەزانی. ڕاستیشی بۆی چووبوون، ئەوانەی تفەنگیان هەڵدەگرت بە وازهێنان یان ڕێککەوتن لەگەڵیان کێشەکەیان کۆتایی دەهات، بەڵام بەرگریکارانی زمان و کولتوور هەرگیز کۆتاییان نەدەهات. زمانی کوردی قوربانییەکی هەرە لەپێشی ئەو دوژمنکارییە بووە کە تەواوی سەدەی ڕابردووی داپۆشیبوو. تێچووی ئەو سیاسەتە هەزاران هەزار قوربانی هەردوو بەرە و سەروەت و سامانی وڵاتێک بوو بە درێژایی سەدەی ڕابردوو، بە جۆرێک هەر ساڵە و جۆرە سیاسەتێک بەرامبەر زمان پەیڕەو دەکرا. هەر بۆ نموونە، لەکۆتایی حەفتاکاندا لەناکاو وانەی قوتابخانەکان کرایەوە عەرەبی، کە زۆر قوتابی هەبوون، بەتایبەتی ئەوانەی قۆناغی کۆتایی ئامادەیی کە یازدە ساڵی خوێندنی قوتابخانەیان بە زمانی کوردی بەڕێ کردبوو، لەناکاو، لە کۆتایی ساڵدا پرۆگرام گۆڕا، بە هەزاران قوتابی باجی عەرەبی نەزانین و سیاسەتی شێواوی زمانی و کولتوورییان دا. ئەو سیاسەتە دوژمنکارانەی بەغدا بەرامبەر بە زمانی کوردی ئاڵۆزی و شێواویەکی قورسی لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و ناو فەرمانگەکان و لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریش دروست کردبوو، بەڵام زمانی کوردی نەکەوت و بەهێزتر و جوانتر هەستایەوە.

لێرەدا پرسیارێکی گرنگ دێتە پێشێ، زمانی کوردی سەرەڕای ئەو هەموو گوشارانەی لەسەری هەبوون لەبەرچی نەکەوت، بەڵام ئەمڕۆ بە فەرامۆشکردن و خراپ بەکارهێنانی نەخۆش دەکەوێت؟

ئاسانە، زمانیش وەک مرۆڤ، وەک درەخت و ئاسک و باڵندە کائینێکی زیندووە، کائینی زیندوو چۆن گەشە دەکات ئاواش نەخۆش دەکەوێ، جەستە کە وردە وردە دەچێتە ناو سەرماوە خۆی بۆ بەرگریکردن ئامادە دەکات، بەرگەی شەپۆلی سەرما و گەرما دەگرێ، زمانیش هەر ئاوا کاتێک خۆی بۆ کێشەیەک ئامادە کردووە، کاتێک چووەتە جەنگێکەوە ئامادەیە و هەموو چەکەکانی خۆی بۆ بەرگری بەکار بهێنێت، کەواتە ناکەوێ، تەسلیم نابێ و نابەزێ، بەپێچەوانەوە کاتێک ئارامە و لای دۆستەکانیەتی و متمانەی هەیە، تا دوا پلە خۆی شل و خاو دەکاتەوە تا خزمەتیان کات، ئەو بە چ ڕا بزانێ دۆستەکانی خیانەتی لێ دەکەن؟ ئەو بە چ ڕا بزانێ خاوەنەکانی دەیخەنە ناو قوڕەوە؟ لەو کاتانەدا نەخۆش دەکەوێ. بە کورتی متمانە کێشە گەورەکەیە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دوژمنەکان کە متمانەمان پێیان نییە و هەمیشە لێیان بەپارێزین ناتوانن خەنجەرمان لێ بدەن، ئەوە دۆستەکانن کە متمانەمان پێیانە، ئەوان لە نائاگاییدا زەفەرمان پێ دەبەن. ئەوەش تەواو (سی ڤی)ی زمانی کوردییە. کاتێک دوژمنەکانی بەرەو ڕووی بوونەوە، لە قوتابخانەکان قەدەغەیان کرد، ئەدەبیاتیان لێ زەوت کرد، هونەریان بۆ نەهێشتەوە، ئەو هەموو هێزی خۆی کۆ کردەوە، تواناکانی خۆی خستە سەر یەک، گەشەی کرد و گەورە بوو. کاتێک کەوتە دەستی بەکاربەرەکانی، کاتێک کەوتە دەستی کەسوکاری خۆی (بێ گومان بەناو)، متمانەی پێیان کرد و تەسلیمیان بوو. ئەوان خاوەن ماڵەکانی، دەستوپێیان بەست، قوڕگیان گرت و ڕێی هەناسەدانیان لێ داخست.

بۆ سەلماندنی ئەوەش پێوستبوو گەشەکردن و هەستانە سەر پێی زمانی کورد بنووسمەوە. ڕاستە بۆ ئەوەش دەبوو بگەڕێمەوە ناو مێژوو، ئەوەش بەو مانایە نا من بێم و هەموو کون و کەلەبەرەکانی مێژووی زمانی کوردی بخەمە ڕوو، نەخێر، من بەشێکی زۆر کەمی گەشەی زمانی کوردی و کارێکتەرەکانیم بەسەر کردەوە، بەشێکی زۆر کەمی. دڵنیام زانا و فیداکاری زۆرم بەسەر نەکردوونەتەوە، هەندێکیان کە من ئاگاداری بەشێک لە کارەکانیانم، بەڵام سەرچاوەکانم لەبەردەستدا نەبوو، بەشێکیشیان بڕیارم داوە لە ڕێگای بەرهەمە کامڵەکانیانەوە، لە بواری دیکە، هەر لەو هەفتەنامەیە بچمەوە خزمەتیان.

*لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا نەمتوانی هاندەر و پشتیوانێکی وەک مێجەر سۆن لەبیر کەم.*

**مێجەر سۆن (Major Ely Bannister Soane 1881..1923)**

سۆن، پێش ئەوەی نووسەر یان ڕۆژهەڵاتناس بێ، پیاوێکی سیاسی بووە، لەپێناوە ئاڵای وڵاتەکەی لە تورکیا و ئێران و عێراق و کوردستان رووبەڕووی کێشەی قورس بووەتەوە. بەتایبەتی لە سەرەتاکانی شەڕی گەورەی یەکەم، لەگەڵ سیخوڕە ئەڵمانەکان تووشی شەڕی دەستەویەخە دەبێت و سەریش دەکەوێت. کەمالیستەکان زۆر بەگەرمی بەدوایدا دەگەڕێن و بانگەشەی بوونە دەوڵەتی کوردستانی بن دەستی تورکیا بە فیتی ئەو دەزانن (هەرچەند ئەوە پێشنیاری کۆلۆنێل ئەرنۆڵد ویلسن بووە. یاداشتەکانی مێجەر نۆئیل، وەرگێڕانی حەسەن جاف و حوسێن نێرگزەجاڕ، لاپەڕە: ١٢)، چەند جارێک لێپرسراوی سیاسیی حکوومەتی بەریتانیا بۆ خۆلادان لە کێشە لەگەڵ تورکیا خۆیان لە چالاکییەکانی مێجەر سۆن بێبەری دەکەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

خوێندنەوەی ڕۆڵی مێجەر سۆن (لە ڕووی سیاسییەوە) کارێکی گرنگ و ورد و پڕ بەرپرسیایەتییە، بەڵام هێجگار پێویستە، لە دڵەوە ئارەزوو دەکەم لێکۆڵەرێکی بواری مێژوویی- سیاسی بە پشتبەستن بە دوو سەرچاوە ئەو کارە بکا (ئەوەندەی من ئاگادار بم مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی کارێکی جوانی لەسەر کردووە)، یەکەم: کتێب و یاداشتەکانی مێجەر سۆن. دووەم: کار و هەڵسوکەوتەکانی چ لە کاتی سادەیی و ناوگۆڕینەکەی، چ لە سەردەمی حاکمیەتییەکەی. لەگەڵ ڕەنگدانەوەی کەسایەتیی ئەو پیاوە لە نووسینی هاوسەردەمەکانیدا بە ڕشتەی مرواریشەوە (چونکە لەوێشدا مامۆستای منەوەر و زانای بێ نەزیر عەلائەدین سەجادی چەند یادگارییەکی لێ گێڕاوەتەوە، من زۆر قەرزداری عەلائەدین سەجادیم، نیازمە ئەوەندەی بۆم بلوێ لە ژمارەکانی داهاتوودا بچمە خزمەتی، هەرچەندە ئەگەر کێوێک کتێبی دەربارە بنووسم قەرزی ئەو هەموو پێکەنین و زانیاری و حیکمەتەی نادەمەوە کە لەوپەڕی تاریکییدا پێی بەخشیوم).

(Michael M. Gunter) مایکل گیونتە پێی وایە کە سۆن لە سەردەمی حاکمیەتییەکەی (١٩١٩ بۆ ١٩٢١) کێشەی زۆری بۆ شێخ مەحموود دروست کردووە و ویستوویەتی بە شێوازی خۆی چارەسەر بۆ کێشەی کورد بدۆزێتەوە، کە لەگەڵ ویستی کورد یەکی نەدەگرتەوە.

مایکڵ ئیپێڵ (Michael Eppel) لە کتێبە بەناوبانگەکەی (A people without a State) (خەڵکانی بێ دەوڵەت) کە زانکۆی تەکساس لە ٢٠١٦ بڵاوی کردووەتەوە، نووسیویەتی (لە ئازاری ١٩١٩ مێجەر نۆئیل کە پشتیوان و هاوکاری شێخ مەحموود بوو جێی گیرایەوە بە مێجەر سۆن، کە نەیاری شێخ بوو).

سۆن، دەبارەی یەکەم سەفەری خۆی بۆ کوردستان ڕاپۆرتێکی ورد و پڕ زانیاریی نووسیوە، دەربارەی زمان و مێژووی خێڵە کوردەکان و دیاردە جوگرافی و هەرێمایەتییەکەی کوردستان. لەسەر قسەی خۆی (ئەوەش ئەنجامی مانەوەم بووە لە کوردستان بۆ ماوەی شەش مانگ)، لەم ماوەیەدا نووسەر خۆی گۆڕیوە و خۆی کردووەتە فارس، لەبەر چەندان هۆی جیاواز لەپێش هەموویانەوە (بەئاسانی دەتوانی بچیە ناو هەموو چینەکانی کۆمەڵگە و هەموو شوێنێکی وڵاتەکەیان). سۆن دەنووسێ (بەشی هەرە زۆری مانەوەم لە کوردستان لە سلێمانی بوو، پێش نیشتەجێبوونم لەوێ چوومە هەڵەبجە، کە عادیلە خانمی جاف لەوێ بوو، لەو ماوەیەدا عوسمان پاشا، مەحموود پاشا، تاهیر بەگ و ماجید بەگم لە ژیانێکی دۆستانەدا ناسین، سەرەڕای ئەوەش من نزیکەی ئەوەم ڕێک خستبوو



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کە لەوێ وەک نووسەری فارسیی عوسمان پاشا بمێنمەوە)، بەڵام گەیشتنی کەسێکی دیکە بۆ هەڵەبجە وەک پەنابەرێک کە لە سنەوە هاتووە، کارەکەی ئەوی تێک داوە، وەک بۆ خۆی دەڵێ (من ئەوم لە قوستەنتنییە (Constantinople) ئەستەنبوڵ دیتبوو، ڕوانینی بەرامبەر من شەیتانانە بوو، وای کرد ئەوێ جێ بهێڵم، ئی.بی سۆن: ٤ - ٦ - ١٩١٠ محەمەڕە). سۆن ئەوەی وەک پێشەکی بۆ کتێبەی ( Sulaimania a District of Kurdistan) نووسیوە.

هەموو مەبەستی من لە باسکردنی مێجەر سۆن، ئەو خزمەتە گەورەیەیە کە بە زمانی کوردیی کردووە، کە لە درێژەی وتارەکانی دیکەدا باسم کردوون، کە هەندێکیان بیری خۆمان بێنینەوە، وەکوو:

***یەکەم:*** سۆن لەپشت دەرکردنی ڕۆژنامەی (تێگەیشتنی ڕاستی)یەوە بووە لە ١ - ١ - ١٩١٨ تا ٢٧ - ١ - ١٩١٩ شەست و حەوت ژمارەی لێ دەرکردووە. لەژێر ناوی ڕۆژنامەکەدا نووسراوە (ڕۆژنامەیەکی سیاسی و ئیجتیماعی و خادیمی یەکبوون و سەربەستی کوردانە) تەنیا ئەو ڕستەیە بەسە بۆ ئەوەی سیاسەتی ئینگلیز لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ کوردستان بزانین. کە ئێستا کورد بۆ خۆی نەک (خادیمی) نییە، دوژمنی یەکبوون و سەربەستیی خۆیەتی.

***دووەم:*** سۆن کە بووە حاکمی سیاسیی سلێمانی، گرنگییەکی زۆری بە بواری کولتووری و ڕۆشنبیری دا، بەتایبەتی ڕۆژنامە و زمان. لە نیسانی ١٩٢٠ تا تەمووزی ١٩٢٢ سەد و هەژدە ژمارەی لە (پێشکەوتن) دەرکرد. هەر بۆ هەستکردن بە کوردیزانیی ڕۆژنامەنووسانی پێشکەوتن، ڕستەیەکی ڕۆژنامەکە دەنووسمەوە کە نزیکەی وەک ئاگاداری لە بەشی سەرەوەی هەموو ژمارەیەکدا دەیان نووسی (کڕیار بۆ هەموو شوێنێک، بە سێ مانگ یەک، بە شەش مانگ دوو، بە ساڵێک چوار ڕوپیە دەدا)، هەموو ئاگادارییەکە بۆ (ڕوپیەکەیە) کە تەنیایەک جار بەکاری هێناوە، بەڵام کاریگەریی سەد جاری هەیە.

***سێیەم:*** زمانی کوردیی کردە زمانی فەرمی، کە دەسەڵاتدارانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوای کوردستان دوای سەد ساڵ لە تێکۆشانی سیاسی و چالاکیی مەدەنی و هەتا شۆڕشی چەکدارییش ئەو مافە سادەیەی نەتەوەکەیان بۆ کورد نەسەلماند. (ئەوەیە جیاوازیی نێوان نەیاری زانا و دوژمنی دڕندەدا).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

چەندان کاری کولتووریی دیکە.خاڵێکی دیکەی کاریگەریی سۆن لەسەر گەشەکردنی زمانی کوردی،کوردی زانینەکەیەتی. هەر بۆ ئەو مەبەستەش دەبینین لە بەشی زۆری ژمارەکانی ڕۆژنامەی (پێشکەوتن)دا بابەتی خۆی بڵاو کردۆتەوە. ئێستاش چەند نموونەیەکی بەسەر دەکەینەوە:

لە ژمارە نۆزدەی ڕۆژی پێنجشەممەی ٢ی سپتێمبەری ١٩٢٠ بەناوی (سەد ساڵ لەمەوپێش) بە زنجیرە گەشتەکەی کلۆدیۆس ریچی بۆ کوردستان وەرگێڕاوە یان ئەوەندەی بە پێویستی زانیوە ئامادەی کردووە لە سەرەتاوە ئاوا دەست پێ دەکات: (سەد ساڵ لەمەوپێش قونسوڵێکی ئینگلیس لە بەغداد ناوی ڕیچ بو. لەبەر ئەوەی نەختێک نەخۆش بو. سەفەرکردنی کوردستانی بە باش زانی...لە پاشا سەفەر نامەیەکی نووسییەوە).

لە ژمارە ٢٣ ساڵی یەکەم، پێنج شەممە، ٣٠ سپتێمبەر بەشێکی دیکەی وەرگێڕاوە، با سەرنجێکی کوردییەکەی بدەین (پاشا فەرمووی کە لە شارەزوور هەنێ دێهات هەیە هەموو ئەفغانین و دیارە لەپاش کوشتنی ئازادخان هاتوونەتە ئێرە، هێشتا بە زمانی خۆیان قسە دەکەن، زۆر نەدار و بێ شتن، هەنێ ئەفشاریش لەو دەورە پەیدا دەبن.

خۆم تووشی یەکێک بووم، عیسا ئاغا ناو ئەفشار بوو، هەر چەن لە کوردستان گەورە بووە دیسان لە زمانی وا دەرکەوتووە کە کورد نەبوو. واقیعەن کوردی لەمەدا حاڵی ئینگلیزی هەیە. هەموو کەس دەزانێ کە یەکێک خۆی ئینگلیز نەبێ ناتوانێ چاک قسە بکات، کوردیش دیسان ئەم حاڵەی هەیە).

بۆ کوردی زانینەکەی خۆیشی نموونەیەکی کورت دەهێنمەوە، کە مامۆستا عومەر مارف بەرزنجییش لە وتارەکەیدا بۆ ئەم مەبەستە بەکاری هێناوە، کە وەک ئاگاداری بۆ زانینی (هەموو)، لە ژمارە ٤٥ی ساڵی دووەمی رۆژی پێنجشەممەی ٣ی مارچی ١٩٢١ دا بڵاوی کردووەتەوە:

(مەجیدی کوڕی عەلی ٢٧ ساڵەیە، دەستەپیاوە، سمێل پڕ و درێژە. ریشی تۆپە، مووی سوورە، پیاوی کوشتووە و هەڵاتووە، هەچکەس هەواڵی ئەو مەجیدە بدا کە بۆ کوێ چووە یا بیگرێت بیگەیەنێتە حکوومەت، سێ سەد - ٣٠٠ روپیەی دەدرێتێ. ٢٦ی فێبروەری ١٩٢١.. حاکمی سیاسی: مێجەر سۆن).



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەو ئاگادارییەدا تەنانەت یەک وشەی زیاد یان بێ مەبەستی تێدا نییە. ڕۆژنامەکەی مێجەر سۆن (پێشکەوتن) لە ژمارە ١٨ی ساڵی یەکەمی، ڕۆژی پێنجشەممەی ٢٦ ئۆگۆستی ١٩٢٠ دەربارەی (مەکتەب و خوێندن) دەنووسێ (هەرکەس دەیەوێ منداڵەکەی پاش نەکەوێ و بە سایەی خوێندنەوە گەورە بێ و باوک و دایکی و هەموو کەسوکاری خێری لێ ببینێ، سەعاتێ زووتر منداڵەکەی بێنێ بۆ مەکتەب، هەتا خوێندن تەواو نەکات وازی پێ نەهێنێ).

پیاوێک وەک حاکمی وڵاتێکی داگیرکەر دێت و پەرە بە خوێندن و زمانی کوردی دەدا، وەزارەتێکیش بە ناوی باڵاوە دوای سەد ساڵ لەو پیاوە دێت زانست دەکاتە مەلزەمە و زمانی کوردی نەفی دەکات.

١ی تەمموز(جوولا)ی ٢٠١٧

---

## چەند لە سەرۆک شارەوانییەکانی پایتەخت مێجەر سۆن دەناسن؟

**(١٢)**

### کێ دەسەڵاتی بەسەر رووخساری شەقام و بازاڕ و پاڕک و مزگەوت و فەرمانگەکاندا هەیە؟

زمان کۆتایی نایە، هەموو ڕۆژێ خوێنی تازەی دەوێ. ئەو زمانەی بەو زەحمەتە هەستا پێ، ئەو زمانەی لە سینگی ئەدەبیات و ڕۆژنامە و خەڵکەوە هاتە دەرێ و لەدایک بوو، ئەو زمانەی شیعری کلاسیکی و چیرۆک و ڕەخنەی پێ نووسرا، ئەو زمانەی بەرگریی کرد و نەبەزی، نەکەوت و مایەوە، ئەو زمانەی کەوتە فڕین و فەلسەفەی پێ نووسرایەوە و کەوتە دەستی تەکنۆلۆجیا و ڕاگەیاندن.

### کە کەوتە دەستی بێ ئەزموون و کوردی نەخوێن و کوردی نەنووس چی لێ هات؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە یەکەم وتارەوە تائێستا کە ئەوە یازدە بەشمان تێپەڕاند، تەنیا خەریکی ئەوە بووم ئەو زەحمەتە قووڵە، ئەو هەوڵ و ماندووبوونە بەسەرکەمەوە کە لە هەستانەوەی زمانی کوردیی بەخەرج دراوە. بێ گومان لە سەدا یەکیم نەنووسیوەتەوە. بەسەرکردنەوەی هەموو قۆناغەکان سەخت و دژوارە، ئەوەندەی بەسەریشم کردەوە تەنیا بۆ پەند و عیبرەت بووە. تەنیا بۆ بەرچاوخستنی ئەوانە بوو کە وا دەزانن ئەو زمانەیان هەروا بەئاسانی کەوتووەتە دەست، لەجیاتی خزمەتکردنی خەریکی سووکایەتی پێکردنین.

لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، زمان مەلۆتکەیەکە و دەبێ هەمیشە خزمەت بکرێ. ئەگەر هەر کەسێک لە ئێمە ساڵی یەک ڕۆژ یان هەفتەی یەک سەعات بۆ لێوردبوونەوە لەو زمانە دانێ کە گوێی لێ دەبێ یان دەیخوێنێتەوە، دەزانێ چ ناحەقییەکی قورس بەرامبەر بە زمانەکەی دەکرێ، ئەگەر وەک ئێستا خەمسارد بەرامبەری دانیشین، دڵنیام دوای چەند ساڵی دیکە زمانەکە وا دەشێوێ، ئیدی زمانی گۆران و شێخ محەمەدی خاڵ و تۆفیق وەهبی و ئەمین زەکی بەگ و شێخ نووری و هێمن و هەژار نامێنێ و دەبێتە پاتاڵێکی باغە، وشە پەیوەندیی بە وشەوە نامێنێ، بەیەکجاری ئامرازی پەیوەندی لەبەین دەچێت، ڕستە هیچ هەست و سۆزێک ناگوازێتەوە و دەبێتە توێکڵە پرتەقاڵی بەتاڵ. خزمایەتی لەنێوان وشە و ڕەگەکەی بەیەکجاری لەبیر دەچێتەوە، شتێک نامێنێ بەناوی ئاواز یان لەرینەوە و فۆنەتیکی وشەوە. چەند هاوار هاوار و مینگە مینگی بێسەروبەر تەواوی فەزای ماڵ و دەوروبەر داگیر دەکات.

## کامانەن ئەو جومگانەی زمان وێران دەکەن؟

ئەوە ناشارمەوە کە (تاک) سەرەتا و کۆتایی پاراستنی زمانە. تاکی کوردی بێ سەلیقە و درشتە و هەمیشە وا دەزانێ کە بە شەقام و تەمەندا تێدەپەڕێ، دەستێک هەیە لەدوایەوە پیسییەکەی کۆ دەکاتەوە، جگە لەوەی سەلیقەی درشتە و وردەکاریی ژیان شارەزا نییە، نە کار لەو ڕۆدا دەکات و نە دوێنێی لەبیرە و نە بەیانیشی بەلاوە گرنگە، لەبەر ئەوەی پەیوەندییشی بە هۆیەکانی بەرهەمهێنانەوە نەماوە یان لاواز بووە، بۆیە تواناشی بەسەر نهێنیی زماندا ناشکێ. بەلای کەمەوە نموونەی (تاکی) ئەمڕۆ کە هیچ نیازێکی نییە، لە هیچ ڕوویەکەوە دەسکاریی زمانی خۆی بکات و ئەگەر بکرێ تۆزێک پەروەردەی بکات، هەرگیز عەقڵی بۆ ئەوە ناچێ لەباتی ئەو وشە ناخۆشانەی لە هەڵەیەکی گەڕەکەکەی یان شارەکەی چووەتە سەر زمانی و لەدەوروبەری وشەی جوانتر هەن بەکاریان بێنێ. بۆیە ناکرێ پشت بەو (تاکە) ببەسترێ.

ئەو تاکە کەوتووەتە فەزایەکی دیکەی ژیانەوە، هەموو شتەکانی ڕۆژانەی بە ئامادەکراوی بەدەست دێنێ، بۆیە لە بواری کولتووری و زمانیشەوە دەبێ خزمەت بکرێ. وەک چۆن ژن و پیاوی ئەمڕۆ بۆ کێش دابەزاندن و خۆباریککردن دەچنە هۆڵی وەرزشی، چۆن کەس بۆ سەڵکەپیازێک ناچێتە دێبەرەکەی بەرماڵیان و دەچێتە دوکانەکەی سەری کۆڵان، بۆ هێلکەیەک ڕێگای سوپەرمارکێت دەگرێتە بەر، کەس خوری نارێسێ و بەرگن خۆش ناکات و تەون و هەلاجی ناکات، جلی نەرم و نۆڵی بەئاسانی دەست دەکەوێ. هەر ئاواش چاوەڕێیە، دەیەوێ زمانەکەشی هەروا بێ ماندووبوون و ئارەقەکردنەوە دەمەزەرد کاتەوە. لەو فەزایەدا هەموو کایەکانی دەوروپشتی ڕۆڵی مامۆستا بۆ ئەوە دەبینن.

هەموو کایەکان ڕاستەوخۆ کاریگەرییان لەسەری هەیە، چونکە زمانیش پێکهاتەیەکی جاڵجاڵۆکەیی هەیە. ئەو کایانەی کار لەسەر زمانی نەتەوە و تاکەکانی دەکەن بریتین لە دامەزراوە شارەوانییەکان و بەڕێوەبردن، پەروەردە و قوتابخانەکان، وەزارەتی خوێندنیی باڵا و زانکۆکان. بازرگان و کارگەکان، لە هەمووشیان کاریگەرتر دەزگاکانی ڕاگەیاندنە. هەموو ئەو دەزگایانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە هاووڵاتییانەوە هەیە.

بۆ ئەو بەشەی وتارەکە، سەرنجێکی خێرا لە دامەزراوەی پارێزگار و ئەنجومەنی پارێزگا و بەڕێوەبەری شارەوانییەکان و ئەوانەی ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە ڕێکخستنیی شارەوە هەیە، دەدەم. لەو وتارە ڕۆژنامەییەدا ناتوانم هەموو ئەو کارانە بەسەر بکەمەوە کە ئەو دەزگایانە دەیکەن، بەڵکوو تەنیا سەرنجێکی خێرا لەو شوێنانە دەدەین کە ڕۆڵیان هەیە لە تێکدانی میزاجی تاک و سەلیقەی گشتی. ئەو شوێنانەی ئەمانەتیان تەسلیم کراوە، بەرپرسن لە رووخساری شار و ژیانی مەعنەویی خەڵک. بۆ ئەوەش دەشێ بپرسین کێ دەسەڵاتی بەسەر شەقام و بازاڕ و پارک و مزگەوت و فەرمانگەکاندا هەیە؟ لەسەر چ متمانەیەک بەرپرسێکی شارەوانی دەسەڵات وەردەگرێ؟ بە کام یاسا زمان و کولتووری نەتەوەیەکیان دەدرێتە دەست؟ ئەو زمانەی بە ئازارەوە لەدایک بوو کە سەد ساڵی ڕێکە خزمەت دەکرێ، تەنیا بۆ ئەوەی هەستێتە پێ؟ چەند لە سەرۆک شارەوانییەکانی پایتەخت مێجەڕ سۆن دەناسن؟ برایانی شارەوان، بەڕێوەبەران و چاودێران کە تۆزقاڵێک لە خەمی ئەو شارەدان، دەزانن سیمای شارتان بە چ دەدردێک بردووە؟ ئەو شارەی بەعس تەسلیمی کردن، سیما و کولتووری کوردی زیاتر پێوە دیار بوو. ئایا ئێوە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان شەونخوونیتان بەرامبەر زمانی کوردی کێشاوە؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

من دڵنیام هەموو ئەوانەی پاراستنی زمان و کولتووری کوردیان لە ئەستۆیە، یەک تاقە وتاریان لەو یازدە وتارەی لەسەر حورمەتی زمانم نووسین، نەخوێندووەتەوە. دەشێ لە هەموو ژیانیشیاندا کتێبێکیان بەدەستەوە نەگرتبێ. لەو فەزا زوڵمەتەدا دەبێ زمان چی بەسەر بێت و بکەوێتە ناو چ ئیهانەیەکەوە؟ بەشێک لەو ئیهانانە:

*یەکەم:* ناوی بەشی هەرە زۆری شوێنە گشتییەکان عەرەبی یان بیانین، وەک ئەوەی زمانی کوردی شەرم و شوورەیی بێ.

*دووەم:* ناو بازاڕ و دار و دیواری شەقامەکان بە ڕستە و گوزارەی زمانانی دیکە پڕ کراوەتەوە وەکو (صح النوم و اللقمة الطيبة )دەیان و سەدان وشەی سەیر و سەمەرەی دیکە کە خاوەنەکانیان لە شارەکانی خۆشیان وا بە بێتامی بەکاریان ناهێنن.

*سێیەم:* تازەکردنەوەی قەیسەریی هەولێر. ڕاستە جوانییەکی تازەی بە بازاڕ بەخشی و فەزایەکی شیرینی بۆ گەشتیاران و خەڵکی بەگشتی ڕەخساند، نرخی دوکان و بازاڕەکەی چەندان قات بەرز کردەوە، بەڵام ئەو تازەکردنەوەیە هیچ دیدێکی کولتووریی لەپشتەوە نەبوو، هیچ نیشانە و ڕەمزێکی زمان و نەتەوەی تێدا بەکار نەهات، نەک هەر ئەوە، ئەو ناوە کوردییانەی هەبوون بەتەواوی سڕانەوە و بە هونەری هەزار ساڵ لەوەپێشی خەتی عەرەبی ناشیرین کران. لەباتی ئەوە دەکرا ڕێنمایی بدرێ بە دوکاندارەکان و خاوەنەکانیان کە بە ئەندازە و بە شێوەیەک کە خزمەتی شار بکات تابلۆی سەر رووکاری دوکانەکانیان بەکار بێنن.

*چوارەم:* زمان لە رووی مرۆییەوە ئەرکێکی هەرە گرنگی لەسەر شانە و وێنەی شار تەواو دەکات. دەکرێ بپرسین: زمانی فەرمیی ئەم هەرێمە چییە؟ زمانی کوردی وەک رووکاری سەرەکیی کولتووری هەرێم دانی پێدا نراوە؟ ئەرێ بە ڕاست هیچ یاسایەک هەیە متمانەی دابێتە زمانی کوردی؟ لەم هەرێمەدا چ زمانێک فەرمییە؟ کە زمانی کوردی فەرمییە، کامانەن ئەو یاسایانەی پشتیوانی یان پارێزگاریی لێ دەکەن؟ ئەو ئەرک و مافە چییە زمانی فەرمی لە ئەستۆی دەگرێت؟

*پێنجەم:* ئەو خاڵەش هەر بەشێکە لە خاڵی چوارەم و لەبەر گرنگییەکەی جیام کردەوە. ئەوەش هەر بە پرسیارێک دەست پێدەکەین، ئەرێ کاتێک هیندییەک، بەنگەلادشییەک، پاکستانییەک، عەرەبێک، سۆماڵییەک، ئینگلیزێک، رووسێک، تورکێک یان نیپاڵییەک دێتە کوردستان و دەمێنێتەوە و کاری هەیە، ئەوە بیانییەکەیە دەبێ بە زمانی خەڵکی هەرێمەکە قسە بکات یان خەڵکی هەرێمەکەیە کە دەبێ هەموو ئەو زمانانە فێر ببێ؟ پرسیارەکە روونتر دەبێ کە ئەوەشی بێتە سەر، کە ئەو میوانە هاتبێ لە کوردستان کار بکات و پارەی کارکردنەکەی بۆ وڵاتەکەی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بەرێتەوە، ئەو کەسە کار دەکات لە بانک یان سوپەرمارکێت یان نەخۆشخانە، یان هەر شوێنێکی دیکە، ئەو کەسانەی ڕێیان تێ دەکەوێ و خزمەتگوارییان پێشکەش دەکات کورد نین؟ ئەو کارکەرە بە چ زمانێک پەیوەندی دەکات؟ بێ گومان وەڵامەکە زمانی کوردییە. باشە ئەو زمانە لە کوێ فێر دەبێ؟ بەڵگەنامە و بڕوانامەی فێربوونی زمانەکە کێ دەیداتێ؟ کامانەن ئەو قوتابخانە و پەیمانگایانەی کە بەڵگەنامەی فێربوونی زمانی کوردی دەدانە دکتۆرێکی عەرەب یان فارس، کە بیسەلمێنێ زمانی کوردی دەزانێ و لە نەخۆشەکەیان دەگەن، کاتێک نەخۆشەکە بۆ لەوزەتێن دەچێتە لای ئەو نەشتەرگەریی مایەسیری بۆ ناکات؟ هەڵەتێگەیشتنی تاکە یەک وشەش لەو کاتەدا چ کارەساتێکی لێ دەکەوێتەوە؟ ئەندازیاری تورک کە سەرپەرشتیی کۆمەڵە کرێکارێکی کورد دەکات، بە چ زمانێک لەگەڵیان دەدوێ؟ کام یاسا مافی قسەکردنی ئەو کرێکارانە بە زمانی خۆیان دەپارێزێ؟ هەر ئەندازیار و دکتۆر و مامۆستایەکی بیانی ئەگەر ڕێزی زمانی هاوەڵ و مشتەری و قوتابییەکانی نەگرێ، هەرگیز حورمەتی وڵاتەکەش ناگرێ. تەنیا لەو وڵاتەی مندا دەکرێ دکتۆرێکی زانکۆ بە عەرەبی وانەکەی بڵێتەوە، کتێب و پرۆگرامەکەش ئینگلیزی بێ، قوتابییەکانیش تەنیا کوردی بزانن. لە فەزای ئەو زانکۆیەدا بە ناو سێ زماندا کە هیچ کۆیان ناکاتەوە، چ زانیارییەک دەگوازرێتەوە؟ لەو حاڵەتدا چی ڕوو دەدات:

*یەکەم:* شکۆی زانست و زانکۆ و خوێندن دەشکێت و هیچ ئیعتیبارێک بۆ فێربوون و لێکۆڵینەوە نامێنێ.

*دووەم:* زمانی فێربوون کە گوایە لەو وڵاتەدا کوردییە، توانا و(بوون) و شکۆی دەچێتە ژێر پرسیارەوە. ئەگەر بابەتەکەت بە زمانی ئینگلیزییە ئەو قوتابییانەت بە چ پێوەرێک وەرگرتووە کە توانای دروستکردنی تاکە یەک ڕستەی سادەیان بە زمانی ئینگلیزی نییە! مامۆستایەک کە تەنیا زمانی عەرەبی دەزانێ، چۆن دەتوانێ بابەتەکانی یاسا بە زمانی ئینگلیزی بڵێتەوە؟

*سێیەم:* زانکۆیەک کە نەتوانێ لەنێوان کتێب و مامۆستا و قوتابییدا زمانێکی هاوبەش بدۆزێتەوە، چ بڕوانامەیەک دەداتە قوتابییەکانی؟ نمرە لەو کاتانەدا چ ئیعتیبارێکی هەیە؟

کاتێک حکوومەت و بەرپرسانی وڵات، هیچ سیاسەتێکی زمانیان نییە، پاشاگەردانی تەواوی کایەکانی وڵات دادەپۆشێ. دەسەڵاتی هەرێم لە هەموو شارەکان و لەماوەی حوکمی خۆیدا تەنیا وەک شۆڕشگێڕ بانگەشەی بۆ زمانی کوردی کردووە، بەڵام وەک سیاسەتێکی کولتووری- زانستی کەمترین گرنگیی پێ نەداوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بابەتی ئەمڕۆمان لەسەر قورسی و گرنگیی بەرپرسیاریەتیی پارێزگا و شارەوانییەکانە لەبەرامبەر زماندا. کە من دڵنیام هەمەکارەکانی ئەو بوارە هەرگیز بیریان لە شتێکی ئاوا نەکردووەتەوە. ئەگەر یەکێک وەک شۆڤار ئەو بابەتەیان بۆ نەبا، سەد ئەوەندەی دیکەش بنووسین ئاگاشیان لێ بێ نازانن بیخوێننەوە. هەموو ئوتێلە پلە یەکەکانی وڵات گەڕام تاکە یەک ڕێنمایی یان مینیۆم نەدی بە کوردی نووسرابێ، هەر هەموویان بە عەرەبی، بە تورکی، بە فارسی، بە ئینگلیزی و فەڕەنسیش ڕێنماییان هەیە، بەڵام هیچکامێکیان هەرگیز بیریان نەکردووەتەوە تاکە یەک لاپەڕەش بۆ ئەو کوردانە بە زمانی کوردی پڕ بکەنەوە کە هەموو خێر و بێری ئەو وڵاتە بۆ ئەوانە.

*لەو بوارەشدا دوو نوکتەتان بۆ دەگێڕمەوە، کە بۆ گریانیش دەشێن:*

***یەکەمیان:*** لەگەڵ سینەماکارێکی بەناوبانگی کورد، ڕۆژێک ناچار بووین لەو هەولێرە سەر لە چەند ئوتێلێکی باڵابەرز و کەپووبەرز بدەین. لە هیچ کامیان تاکە یەک وشەشیان بە کوردی نەبوو، دەفتەرچەی ڕێنمایی زۆر شیک و جوانیان بە ئینگلیزی بۆ هێناین، کە گوتم لە ئینگلیزی تێناگەم، زۆر بە شەرمەوە داوای لێبوردنیان کرد، خێرا دەفتەرچەیەکی جوانتریان بە زمانی عەرەبی بۆ هێنام. دووبارە گوتم لەوەش تێناگەم، بە زمانی کوردی نیتانە؟ وەک باسی زمانی بۆق و قرژاڵم کردبێ گوتی: ئێستا بانگی بەڕێوەبەرەکەمان دەکەم. کوڕێکی لوبنانی، ئینگلیزی و فەڕەنسی زان هات و لێم پرسی: ئەرێ ئەگەر لە یەکێک لەو دەفتەرچانە زانیارییەکان بە زمانی کوردیش بنووسن حکوومەت ناتانگرێ؟ ئەو خێرا گوتی ئێمە شتی نایاسایی ناکەین، تا ئێستاش ڕسکێکی وامان نەکردووە، بۆیە نازانم هەڵوێستیان چی دەبێ. منیش وەک ئێوە لەباتی ئەوەی بگریەم، پێکەنیم.

***دووەم:*** بە کارێک لە سلێمانی بووم، دیسان لە ئوتێلێکی پانوپۆڕ، کە ئەوانیش دار و بەردیان هەر عەرەبی و ئینگلیزی بوو، بە وریایی خۆم زانیم یەکێک لە کچەکانی پێشوازی کوردە و بە کوردی قسەم لەگەڵ کرد، ئەویش دڵی نەشکاندم بە کوردی وەڵامی دامەوە، دوای تاوێک لەپەناوە بە چرپەوە پێی گوتم (لەبەر چاوی ئەوانی دیکە بە کوردی قسەم لەگەڵدا مەکە با نەزانن کوردم، بۆ کارەکەم باش نییە، پێیان ناخۆشە). لە دەڵکیش (چوونە دەرەوە) و (هاتنە ژوورەوە) بە تورکی و ئینگلیزی نووسرابوو. منیش دیسان پرسیم لۆ؟ ئەوانیش فەرامۆشکارانە گوتیان (کۆمپانیاکە تورکی بوو). گۆمەکە قووڵە، بۆ هەفتەی دادێ.

١٠ی تەمموز(جوولا)ی ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## دەبێ لەخۆمان بپرسین، ئایا لە ئاستێکداین زمانمان هەبێ؟

**(١٣)**

زمان تا ئەمڕۆ باشترین هۆکاری دەربڕین و گوزارشتکردنە لە خۆ. ئەرێ هەموو کەسێک دەتوانێ گوزارشت لە خۆی بکات؟ ئەرێ هەموو نەتەوەیەک دەتوانێ خۆی دەبڕێ؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە پەیوەندیی بە هەردوو ئاستی زمانەوە هەیە: ئاستی کەسەکی و ئاستی نەتەوەیی.

بۆ یەکەمیان، هەزاران کەس لەدایک دەبن و دەشمرن، بێ ئەوەی ببنە خاوەنی زمانی خۆیان. کامانەن ئەوانەی لەو ڕۆژهەڵاتەدا دەتوانن گوزاشت لە خۆیان بکەن. لەکاتێکدا هەموومان دەزانین ئێمە لەسەر خاکی تەڵقین دەژین. تەڵقین بە مانا فەرهەنگی و دینییەکەی نا. تەڵقێن بە مانای ڕێنماییکردن و ئیرشادکردن بەبێ ئەوەی گوێگر پرسیاری هەبێ، لەو فەزایەدا گوێگر تەنیا دەتوانێ فێر بێ، ئەویش لە سنووری وتار و تەڵقینەکەدا. کەسی تەڵقیندراو پرسیاری نییە، لێکدانەوە و وردبوونەوە نازانێ، کەواتە زمانی نییە. ڕاستە سەرچاوەی تەڵقین ئایینە، کە ئیمان و بیروباوەڕە و ئیمان و بیروباوەڕیش ئەگەر پرسیاریشی تێ بکەوێ، بۆ درێژەدان و چەسپاندنی زیاتری عەقیدە و بیروباوەڕەکەیە، بۆ دووبارەکردنەوەی تەڵقینەکەیە بە شێوەیەکی دیکە. ئەوەش وەک خۆی گواستراوەتەوە بۆ سەرجەم کایەکان، مامۆستای ڕۆژهەڵاتی هەتا لەناو پۆلیشدا پرسیار قبووڵ ناکات، شاعیرەکان لە شێوەی تەڵقیندا شیعرەکانیان دەخوێننەوە. ڕۆشنبیرەکان، خوێنەرەکان لە کۆڕ و سیمینارەکان تەڵقین دەدەن، هەر ئەو تەڵقینەشە خوێنەر لە کائینیکی بیرکەرەوە دەگۆڕێت بۆ دەروێش و هەوادار. سیاسییەکان، جەماوەر ڕێنمایی و تەڵقین دەدەن.

### کەواتە زمانمان بۆ چییە؟

کولتووری تەڵقیندان تاکە هۆکاری نەبوونی پرسیار و نەبوونی زمانە. خۆ هەر مرۆیەک توانیی بۆڵەبۆڵێک لە زاریدا دروست بکات و برسێتی و تینوێتیی خۆی بەیان بکات ئەوە خاوەنی زمان نییە. (چونکە هەموو گیاندارێک دەتوانێ ئەو دەنگانەی غەریزە بەیان دەکەن، دەربڕێ) ئەوانە خاوەنی زمانن کە وتووێژی قووڵ دەکەن و بیروڕا



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

دەگۆڕنەوە و گومان دەکەن، تۆن و وشەی خۆیان هەیە. هەر ئەوانەش لە زمانی خۆیان دەپرسنەوە. ئەو کەسانەی ئەو هەموو وێرانەی زمانە لەسەر شەقام و ناوپۆل و سەر شاشەکان دەبینن و نیگەران نابن و دەنگیان لێ نایە، ئەوان هەرگیز خاوەنی زمانی خۆیان نیین.

*تێبینی:* دەبوو ئەو ڕوونکردنەوەیەم زووتر نووسیبا: لەدرێژەی ئەم وتارەدا زۆر جار وشەی زمان دووبارە دەبێتەوە، لە هەموو جارەکاندا مەبەستم زمانی قسەکردنە، واتا (language) نەک ئەو زمانەی لەناو دەمدایە (tongue)، چونکە ئەو (زمان)ەی لەناو دەمدایە بەبێ (زمانی قسە پێکردن) لە سیپاڵێک زیاتر نییە.

زمان لە ئاستی نەتەوەییدا جارێک مەبەستە (اللغه)یە، کە هەم ناسنامە و هەم بناغەی یەکگرتوویی و هەستی هاوبەشە، هەم زمانێکی مەجازیی فراوانترە و ئەرکیشی قورسترە. پرسیارەکە لێرە دووبارە دەبێتەوە، ئەرێ کورد زمانی نەتەوەیی هەیە؟ ئەرێ ئەو زمانە زمانێکی عەمەلیی خاوەن پێگەی خۆیەتی؟ ئەرێ ئەو زمانە ئاستی کۆمەڵایەتیی نەتەوە ناهێنێتە خوارێ؟ ئەرێ ئەو زمانە ئەو خزمە ناتەواو و شەلاتی و هیچەیە کە ناکرێ پیشانی بدەی و شانازیی پێوە بکەی؟ ئەو پرسیارانە ئەو کەسانە دەبێ وەڵامی بدەنەوە کە شاریان بە زمانەکانی دیکە وێران کردووە، کە سەرلەبەر ناو و تابلۆکانی شاریان کردووە بە زمانانی دیکە؟

## زمان و بازرگانی

بازرگانی ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و دیاری هەبووە لە بەرەوپێشچوون و گەشەکردن و ناساندنی زماندا. لە سەردەمی سۆمەرییەکانەوە (٣٦٠٠ پێش زایین) کە سەرەتاکانی دەرکەوتنی نووسینیش هەر بۆ ئەو سەردەمە دەگەڕێتەوە، زمان وەک دەلالەت و ناسینەوە بەکار هاتووە، لەسەر فەردە و سندووقەکانی کەلوپەلی بازرگانی، بە زمانی خۆیان ناوەکانیان دەنووسی. لەو ڕێگایەوە زمانەکەیان لەگەڵ کەلوپەلەکانیان دەچووە هەموو شوێنێک. لەسەردەمی نوێشدا بڵاوبوونەوەی زمانی ئینگلیزی بە هەموو جیهاندا، بەرزکردنەوەی ئەو زمانە بۆ پلەی یەکەم لە بەکارهێناندا ئەگەر بەشێکی شانازییەکەی بۆ داگیرکارییەکانیان و بەشێکی دیکەی بۆ داهێنان و زۆریی سەرچاوەکانی زانست و ئەدەب بەو زمانە بگەڕێتەوە، ئەوە بەشێکی گەورەی بەر بازرگانی دەکەوێت. ئەو قسەیە بۆ هەموو زمانەکان ڕاستە، لەوانە عەرەبی بە پلەی یەکەم و دوای ئەویش فارسی و تورکی.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لەناو هەموو نەتەوەکان و هەموو چین و توێژەکان، هەر لە زانا و شارەزا و دکتۆر و مامۆستاوە تا چەرچی و بازرگان هەوڵیان داوە زمانی نەتەوەکەیان بڵاو بکەنەوە و شانازیشیان پێوە کردووە. لە هەموو ئەوانەدا کورد تایبەتە، بازرگانی کورد کە کەلوپەلی ناردووە بە زمانی بێگانە لەسەری نووسیوە، بە بیانووی ئەوەی دەبێ ئەوان بزانن بیخوێننەوە، چ ئەو کاتەی کەلوپەلی هاوردە کردووە هەر بە زمانی بێگانە لەسەری نووسیوە، گوایە ئەوانەی دەینووسن زمانەکەی ئێمە تێناگەن.

بازرگانی نەک دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی زمان، بەڵکوو هەیبەتێک و شەهامەتێکی دیکە دەداتە زمان و هەنگاوی یەکەمیشە بۆ بەکارهێنانی زمان لە بواری دیبلۆماسیدا.

بازرگانی کورد هەرگیز وەک کارێکی نیشتمانی سەیری پیشەکەی خۆی نەکردووە. بۆ خۆیشی بەلایەوە سەیرە گەر بڵێی (بازرگانی پیشەیەکی نیشتمانییە)، چونکە بازرگانی کورد بە یەک ئاراستە بیری کردووەتەوە ئەویش قازانجە بە هەر شێوەیەک بێ، هەتا رووتانەوەش. بۆیە نەپرژاوەتە سەر ئەوەی کارەکەی وەک رێگایەک بۆ خزمەتکردنی دەوروبەرەکەی سەیر بکات. هەر ئەوەش وای کردووە تەسلیمی هەموو ئەگەرێک بێت. ئەو گاڵتەیەی بازرگانی کورد لە رێگای یاریی (لەعابەوە) بە منداڵی کوردی کردووە، هیچ دەسەڵاتێکی داگیرکەر پێی نەکردووە. ناشیرینترین و خراپترین و بێ زەوقترین گۆرانیی عەرەبی بۆ منداڵانی چوار پێنج ساڵانەی کورد دەخستە سەر ئەو یارییانەی کە دەیانزانی منداڵان حەزیان لێیەتی.

***لە رێگای ئەوانیشەوە دەبوو خێزان بەدەست زیقە و هاواری گۆرانییەکانی ئەو لەعابانەوە هەراسان بێ.***

ئێستا دژایەتیکردنی زمانی کوردی لە رێگای بازرگانییەوە چووەتە ئاستێکی زۆر بەرزتر، گرنگترین زنجیرە کۆمپانیای کوردستان، کە لق و دامەزراوەکانی بە هەموو شار وشارۆچکەکانی کوردستاندا بڵاو بووەتەوە، لە سەدا نەوەدی کڕیارەکانی کوردن، کەچی یەک تاقە ئاگاداری بە کوردی نانووسن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کەس نازانێ زمانی شەخسیی ئەو کۆمپانیایانە چییە؟ کەس نازانێ دەبێ چۆن بیاندوێنی؟ لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو کۆمپانیایانە زۆرترین و باشترین زەویی کوردستانیان داگیر کردووە. بەردەست و کارگوزارانی پێشوازی هەر هەموویان بە هەموو زمانێک قسە دەکەن، کوردی نەبێ. کەس بیری لەوە نەکردووەتەوە کە ژنێکی خۆشناو یان روو سوورێکی شارنشین کە ڕێگای کەوتە ئەو شوێنانە دەبێ بە چ زمانێک قسە بکات. وەک نەزان و جەستەیەکی نامۆ سەیری دەکەن، کە دەشێ بشزانن ئەو وڵاتە هی ئەو ژنەیە.

بازرگانی کوردستان هەتا ئێستا تێگەیشتنێکی نەتەوەیی بۆ کارەکەی نییە، واتا هەگیز هەست ناکات کارەکەی پەیوەندیی بە ماهییەتی نەتەوەکەیەوە هەیە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بە ئازادی کار دەکات هەمان ئەتەکێتی قاچاغچییەتی هەیە، هەر بە خەیاڵی قازانج و دەسکەوتی بەپەلە و کاتیی تەماشای کارەکەی دەکات. هەر لەبەر ئەوەشە هەرگیز بیر لە کوالیێتی و دروستکردنی متمانە لەگەڵ بەکاربەرەکانی ناکاتەوە، بە تەواوی بەپێچەوانەی سەنعاتکاری کوردەوە کە هەمیشە بیری لای چۆنیەتیی کارەکەی بووە. گرنگترین قسەی سەنعاتکاری کورد کە بۆ ئێمە مابێتەوە ئەوەیە کە بە کریارەکانیان دەگوت (کارەکە بۆ خۆم دەکەم نەک بۆ تۆ). بازرگانی کورد بە پێچەوانەوە بێ متمانەیی لەگەڵ کڕیارەکانی گەیاندە خاڵی سفر. هەر بۆیە یەکەم خاڵی هاوبەش لەنێوان خۆی و کڕیارەکان کە (زمانە) بەتەواوی سڕییەوە. نەیویست جگە لە وێنای (ڕاوکەر و نێچیر) هیچ پەیوەندییەکی دیکە بە کڕیارەکانیەوە ببەستێتەوە. هەرگیز بیری لەلایەنی کولتووریی کارەکەی نەکردەوە. هەرگیز بیر لەوە ناکاتەوە کە کەلوپەلەکانی ئەو دەیانفرۆشێ لە هەموو شتێک زیاتر دەستاودەست دەکەن و لەو ڕێگایەوە دەتوانێ پەرە بە زمانی زگماکیی وڵاتەکەی خۆی بدات، جگە لەوەش کەلوپەلەکانی لە داهاتوویەکی نزیکدا دەچنە ناو کولتوور و دەبنە بەشێک لە فەرهەنگی وڵات.

ئەو سیفەت و پێناسانە هەردوو بەرەی پارەداری کورد دەگرێتەوە، چ ئەوانەی دەچنە وڵاتان و کەلوپەل و پێداویستیی خەڵک دێنن، چ ئەوانەی لە ناوخۆدا خەریکی دروستکرنی مۆڵی گەورە و کۆمپانیا و بەنزینخانەن.

***گرووپی یەکەم*** ئەو بازرگانانەی لەدەرەوەی وڵات کاڵا دەهێنن پێیان دەگوترێ بازرگانی نێودەوڵەتی، لەگەڵ خۆیان هەر چی ناوی سەیر و سەمەرەی عەرەبی و تورکی و فارسی و زمانانی دیکەشیان هێناوەتەوە و لە کۆمپانیا گەڕ و گولەکانی خۆیان نا. هەرگیز بیریان لەوە نەکردەوە ناوی کۆمپانیاکانیان بەقووڵی دەچێتە ناو زمان و سەر



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

زاری خەڵک. ئەوە هیچ کە نەیانهێشت هیچ مۆرکێکی کوردی بچێتە سەر کاڵاکانیان، لە وڵاتی چینەوە کاڵایان بە مۆرکی سعوودی و عەرەبییەوە بۆ هێناینەوە، لە هیندستانەوە بە ناوی تورکی و فارسی کەلوپەلەکانیان داپۆشی، تەنیا بە هۆی نزمیی کوالێتیان دەزانرێ ئەو کەلوپەلانە بۆ کوردستان دەچن. ئەگەر پێویستیان بە گۆرانییەک بووبێ تا بیخەنە سەر ئامێرێک، بەدوای گۆرانیی تورکی و فارسی و کاولیی عەرەبیشدا گەڕاون، تەنیا بیریان لە زمانی کڕیارەکانیان نەکردووەتەوە.

**گرووپی دووەم**، ئەو کۆمپانیا زەبەلاح و بەنزینخانە و مۆڵانەی هەتا لە ناولێنانیشدا زۆر بە توندی دوژمنایەتیی زمانی کوردییان کردووە، بازرگانی ناوخۆ، نامەوێ ناوی هێندێکیان ریز بکەم بۆ ئەوەی ریتم و مۆسیقای وشە و ڕستەکانم تێک نەچێ، دەنا دەبوو لەسەرروو هەموویانەوە ناوی ئەو زنجیرە بەنزینخانەیە بێنم کە لە هەموو شارەکاندا هەزاران مەتر زەویی داگیر کردووە و بەنزینی خراپ دەداتە خەڵک، بەهۆی پارەی کوردی هەژارەوە، کەپووی منداڵەکانی لە عاسمانە، کەچی ناشیرینترین ناوی خستووەتە سەر زاری خاوەن تەکسی و شوفێران. خەڵکی لەگەڵ ناوهێنانیدا جگە لەوەی دڵیان ڕەش دەبێ، هەرگیز خۆریشیان بیر ناکەوێتەوە.

ئەوپەڕی غەمباریم بەرامبەر پارەدارانی کورد ئەو کاتەیە، کە ئەوەم بیر دەکەوێتەوە، کە دەوڵەتی ئیسرائیل لەسەر عەقڵ و بەرنامە و پارەی بازرگانەکانی دروست بووە.

دەشێ بەشێک لە خوێنەران بپرسن، بازرگانی چ پەیوەندییەکی بە زمانەوە هەیە؟ بۆ ئەو ئەرکە بخەینە سەر شانی ئەوان؟ وەڵامی ئەو پرسیارە ڕاستییەکە کە ئەمڕۆ هەموومان پشتمان تێ کردووە، نامانەوێ و لە خۆمانی دوور دەخەینەوە ئەویش (رووحیەتی نیشتمانییە) ئەویش (ئینسان پەروەرییە) ئەویش (دڵسۆزییە بۆ کارەکەت)، کە رووحیەتی نیشتمانیمان نەبوو، کە زمانەکەمان خۆشنەویست، نەتەوەکەشمان خۆش ناوێ و وڵات پڕ دەکەین لە کەلوپەلی ماوەبەسەرچوو. بە دەرزییەک چاوی سی و شەش کەس کوێر دەکەین، کە هەستی نیشتمانیمان نەبوو پلاکی کارەبا، پانکە و ئامێری ئەلیکترۆنی بە دوو ڕۆژ لەکار دەکەون و وڵات لێوڕێژ دەکەن لە زبڵ و مریشکی بۆگەن و دەرمانی ئێکسپایەر. تەنیا زانستی (کیمیا) دەزانێ لە چەند ساڵی داهاتوودا ئەو هەموو نایلۆن و کەلوپەلە بێ کەڵکەی فڕێ دەدرێ، ژمارەی تووشبووان بە شێرپەنجە چەند خێرا بەرز دەکاتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**نوکتەیەکی پڕ گریان**:

خاوەن کارگەیەکی چینی هاتبووە کوردستان، تا ڕای خەڵکی لە کاڵای چینی بزانێ. خەڵکی هەموو گلەیی ئەوەیان کردبوو کە کەلوپەلی چینی زوو لەکار دەکەوێت و بەرگەی چەند ڕۆژێک ناگرێ. کابرای چینی کە خۆم ئامادەی دانیشتنەکە بووم، گوتی: "ئێمە بۆ هەموو کاڵایەک دوازدە پلە یان نمرەمان هەیە، یەکەمیان بێ سنوور بەکار دێ، هەتا دوازدەهەم وردە وردە کوالێتیی دێتە خوارێ، بۆ نموونە گڵۆپی پلە دوازدە بۆ حەفتا و دوو سەعات یان کەمتر کار دەکات، ئەوە بۆ ئەو گرووپ و کۆمپانیایانەیە کە کارێکی ماوە دیاریکراویان لە دارستان یان لە ئەشکەوتێک هەیە و بۆ ماوەیەکی زۆر کەم بەکاری دەهێنن. بۆ قەڵەمیش هەروا، قەڵەم جافی پلە دوازدە تەنیا چەند مەترێک دەنووسێ (ئاخر توانای قەڵەم بە مەتر دیار دەکرێ) بۆ کۆنفرانس و کۆبوونەوەی گەورە بە دروستکردنی دەدەن، بەڵام شەڕی بازرگانی کورد لەسەر ئەوەیە کە دەبێ کاڵاکانیان بە پلە یان نمرە سێزدە دروست بکەین (کە لە دنیادا ئەو پلەیە نییە)، ئەوەش تاکە داهێنانی بازرگانی کوردە، ئەوجار بڕیار دەدەین کە بۆیان دروست نەکەین. کەسێک کە زمانەکەی خۆی خۆش بوێ نەک بازرگانیی پێوە بکات، هەرگیز قەڵەمی نمرە سێزدە بۆ قوتابییانی وڵاتەکەی ناهێنێ. قوماشی عەمبارپۆ ناکاتە تەنوورە و کراسی قوتابییانی وڵاتەکەی. کەسێک نووسینی کوردی بەلاوە مەبەست بێ، هەرگیز دەرمانی ئێکسپایەر بە نەخۆش نافرۆشێ. ئەو ئەندازیارەی ئاماژەی نەخشەکانی بە کوردی دەنووسێ هەرگیز بناغەی ئاپارتمانەکان لەسەر زبڵ ڕۆنانێ. پەرلەمانێک یاساکانی بە کوردی دەرکردبا، ئاگای لە هەستی نەتەوەکەی با، وسرودی ئەی ڕەقیبی یاساغ نەکردبا، هەرگیز پەکی نەدەکەوت. پرسیاری گرنگ ئەوەیە، چی بکەین بۆ ئەوەی زمانمان هەبێ؟ زمانمان چۆن لە لەناوچوون بپارێزین؟

٢٤ی تەمموز(جوولا)ی ٢٠١٧



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## چی بکەین زمانەکەمان لەناو نەچێ؟

(١٤)

ژیانی زمانیش وەک ژیانی مرۆڤ وایە، پلەبەندیی تایبەت بەخۆی هەیە، ژێر هێڵی هەژاری، هەژاری، ناوەندی، باش، زۆر باش. بۆ ئەوەی بگەیە پلەی باش یان زۆر باش، ماندووبوون و کاری بەردەوام و بیرکردنەوەی بەردەوامی گەرەکە. بۆ هاتنەخوارەوە بۆ پلەی هەژاری و ژێر هێڵی هەژاری، تەنیا تۆزێک فەرامۆشکردنی دەوێت. ئەو زمانەی لەو سەردەمەدا دادەکشێ بۆ ژێر هێڵی هەژاری، هەرگیز ناتوانێ هەستێتەوە، چونکە چەند هۆکارەکانی خزمەتکردنی زمان پێشکەوتوون، هۆکارەکانی لەناوبردنیش پیشکەوتووترن، هێرشی یان شەڕی سپی زمانەکان بۆ سەر یەکتری، ئەمڕۆ لە هەموو کاتێک ترسناکتر و خوێناویترە.

فەزاری زمانی کورد، هەروەک خودی کورد سەیر و سەمەرەیە، لە سەردەمی جینۆسایدی زمان و هێرش بۆ سەری، خزمەت دەکرێت و پێش دەکەوێ و دەگەشێتەوە، لە سەردەمی شۆڕشگێڕان و دەسەڵاتی خۆیدا فەرامۆش دەکرێ و دوا دەکەوێ و بریندار دەکرێ. لایەنە هەر نزیکەکانی زۆرترین زیانی لێ دەدەن.

### ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندن و زمانی کوردی

ڕاستە کۆمەڵگە زمان دەخولقێنێ، بەڵام لە ڕێگای کاری فکری و ڕۆشنبیرییەوە پەروەردە دەکرێت و دەکەوێتە سەر پێ. وەک لە بەشەکانی پێشتر زانیمان ئەدیب و نووسەرانی کورد چ خزمەتێکی گەورەی زمانی کوردییان کردووە. ئێستا چۆن؟ ئێستا دەزگا ڕۆشنبیرییەکان، بەتایبەتی ئەو دەزگا بەرپرسانەی بۆ ئەم هەبەستە دامەزراون، ئایا ئەو دەزگایانە بەرنامەیەکیان هەیە بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی؟ ئایا بەرامبەر ئەو پێشیلکاری و زێدەڕۆییانەی دەکرێنە سەر زمانی کوردی، هەست بە بەرپرسیاریەتیی دەکەن؟



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

لە کوردستاندا دەزگای ڕۆشنبیریی ڕواڵەتی هێجگار زۆر هەن، لەسەروو هەموویانەوە وەزارەتی ڕۆشنبیری. هەیکەلی ئەو وەزارەتە بەشێوەیەک داڕێژراوە کە لە هیچ شوێنێکی کارکردنیدا ڕێکەوتی ڕۆشنبیری ناکات. بەشێوەیەک ئەو کەسانەی سەرقاڵی کاری ڕۆشنبیرین، هەرگیز هەست بە وجوودی ناکەن. نە کارت پێیان دەبێت و نە کاریان پێت دەبێ، ئەگەر بەهۆی هەندێ کاری ڕۆتینییەوە نەبێ. تەلەڤزیۆن و ڕادیۆکان کە بە سەدانن، هەر چۆنێک زمان بەکار دێنن و بە هەر شێوەیەک زێدبیرۆیی دەکەنە سەر هەستی زمانناسیی گشتی، ئەو وەزارەتە لە دوور و نزیک پەیوەندیی پێیانەوە نییە. تەنیا سەرقاڵی بەخێوکردنی عەقڵیەتی حزبە و لەو بوارەدا پێشەنگی وەزارەتە حزبییەکانی دیکەیە. لەکاتێکدا ئەو وەزارەتە دەستی کراوەیە کە لەو بێ ئیشییەی ئێستایدا، فشار بخاتە سەر کەناڵەکان کە ئەوەندەی داعش زیانیان بە هەستی نەتەوەیی و زمانەکەی گەیاندووە.

## بۆچی ڕاگەیاندن بووەتە بکوژی زمان؟

دیوی هەرە کارا و دیاری ڕاگەیاندن ئەمڕۆ ڕۆژنامە و ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە، لە بەشە سەرەتاییەکانی ئەم وتارانە لەوە دوام، کە چۆن زمان لەسەر دەستی ئەدیبەکان، ئەوانیش بە کارکردنیان لە ڕۆژنامە پێشەنگەکان، بەتایبەتی (تێگەیشتنی ڕاستی) و (پێشکەوتن) چ خزمەتێکی گەورە کرا. دواتریش ئەو شۆڕشەزمانی و ڕۆژنامەگەرییەی (پیرەمێرد) لە سلێمانی و موکریانییەکان لە هەولێر بەرپایان کرد. شوکری فەزڵی و عەلی کەمال باپیر و مستەفا پاشای یاموڵکی و جەمال عیرفان و جەمیل سائیب و دەیان گەورە ئەدیبی دیکە، لەو ڕۆژنامەنووسانەن کە پێش ئەوەی ڕۆژنامەنووس بن، ئەدیب و خوێندەوار و زمانزان بوون. ڕۆژنامەکانیان بەڵگەی شارەزایی و دڵسۆزیی ئەوانە، سەرەڕای ئەوەی سەردەمی ئەوان، زانیاری کەم بوو، زۆر بە زەحمەتیش دەستیان دەکەوت، سەرەڕای سادەیی تەکنیکی ڕۆژنامە، هۆکارەکانی پەیوەندیش لەوپەڕی سستی و لاوازیدا بوون، سەرەڕای دەیان کێشەی قورستر، ئەو پێشەنگانە چەکی هەرە گرنگی ڕۆژنامەنووسییان پێ بوو. چەکی هەرە گرنگی ڕۆژنامەنووس دەسەڵاتیەتی بەسەر زماندا، شارەزایی فراوان لە نووسین و ڕستەسازیدا، دەوڵەمەندیی لە رووی زانیاریی گشتییەوە. جگە لەو پێداویستییانەی ڕۆژانە بۆ ڕۆژنامەنووسێک دەبێتە زەروورەت، وەک شارەزایی لە تەکنۆلۆژیا و زمانەکانی سەردەم.

ڕۆژنامەنووسە پێشەنگەکان (بۆ ئەو کاتە وشەی ڕۆژنامەنووس بەکار دێنم، چونکە ئەو کاتە ڕۆژنامە تاکە هۆکاری ڕاگەیاندن بووە)، هەر هەموویان، بە تەواوی شارەزای زمانەکانی ناوچەکە بوون. ئەوەندەی زمانی دایکیان،



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

شارەزای زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی بوون. مەرجی زمانزانیی ئەوان هەر زانینی ئەلفوبێی زمانەکە و وشە و ڕستەکانی و قسەکردن نەبووە بە ڕەوانی. مەرجی زمانزانینیان، شارەزاییان بووە لە قووڵایی ئەدەب و کولتوور و ڕۆشنبیرییان. نەک هەر ئەوە، ڕۆژنامەنووسە پێشەنگەکان چەند لەسەر ئاستی کورد وەک ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیر ناسرابوون، ئەوەندەش لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریی هەموو زمانەکان و خەڵکەکەیدا ناسرابوون.

لەو کاتەوە تا ئێستا مێژوویەکی دوور و درێژمان هەیە، بەڵام بەدرێژایی قۆناغەکە ئەدیبەکان نیگایەکیان هەر لەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکان بووە، تا سەرەتای نەوەدەکان، قەڵەمی ڕۆشنبیرەکان بەسەر لاپەڕەکانی ڕۆژنامەکانەوە دیار بووە. دواتر وردە وردە دۆستایەتیی ئەدیب و نووسەران لەگەڵ ڕۆژنامە کاڵ دەبێتەوە، تا دەگاتە ئاستی نەمان. لەو ڕۆژانەدا ئەگەر پەیوەندییەکیش مابێ، ئەوە پەیوەندیی میوانە لەگەڵ دۆستێکی کۆن، ئەوەش لەبەر چەند هۆیەک:

**یەکەم:** ئەدیب و نووسەران نەیانتوانی یان هەڵی ئەوەیان دەست نەکەوت لەگەڵ ڕەوتەکەدا بڕۆن و کەڵک لە شێوازی تازە و تەکنۆلۆژیای تازە وەرگرن و بە سوودوەرگرتن لە زانیاری و زمانزانینەکەیان، ڕێگا لەو دوورکەوتنەوە گەورەیە بگرن، کە لەنێوان ئەدیب و ڕاگەیاندندا دروست بوو.
**دووەم:** حوکمی زەمەن یان حوکمی تەمەن، ڕۆژنامە و ڕاگەیاندنی سەردەم پێویستیان بە خوێنی تازە و گەرم و گەنج بوو.
**سێیەم:** دوورکەوتنەوەی حزبەکان لە بەرژەوەندیی نەتەوە و خاک و گرنگیدانیان بە بەرژەوەندیی حزبی و زۆر جار شەخسیش.
**چوارەم:** گۆڕانی ئاڕاستەی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامە لە بابەتی جدی و پڕ مەعریفە، بۆ بابەتی سادە و ڕۆژانە و زۆرجار گاڵتەبازاڕییش.

هەموو ئەوانە و چەندان هۆکاری دیکە (لەپێش هەموویانەوە دوژنایەتیکردنی سەرسەختانەی کتێب لەلایەن ڕاگەیەندکارانەوە)، کاریگەری ڕۆژنامەنووس یان ڕاگەیاندکاری لە کەسایەتییەکی خاوەن فکر و هەڵوێست و بیرکردنەوەی تایبەت گۆڕی بۆ کاریگەرێکی قسەکەر یان هاوارکەری بێ زانیاری و بێ کەسایەتی، کە زۆرجار وەک لیبووکێک دەردەکەون. لە باشترین حاڵەتدا، لە کەناڵە پڕۆفیشناڵ و فراوانەکان، زانیاری و شارەزایی هەمەلایەن



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

و کوردیزانین گۆڕدراوەتەوە بە ئینگلیزی زانینێکی سەقەتی ئەکسنت کوردی، کە ئەو ئینگلیزیزانینەی ئەمڕۆ کراوەتە مەرج بۆ ئەو کەسانەی لە ڕاگەیاندن یان لە دەزگا پارەدار و کۆمپانیا زەبەلاحەکان کار دەکەن، هیچ پەیوەندیی بە ڕۆشنبیری و شارستنی و ئاستی مەعریفیی نەتەوە و وڵاتی بەریتانیاوە نییە، تەنیا گوتنەوەی چەند دەنگ و وشە و ڕستەی ئینگلیزییە. هەموو ئەوانەش لەسەر حیسابی زمانی کوردییە، کە گوایە خزمەتەکەیان پێشکەشی ڕۆڵەکانی ئەو زمانانە دەکرێت.

ئەگەر بڕیارە ڕۆژنامە و ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی گشتی چاودێر بن بەسەر دەسەڵاتەوە، ئەی کێ چاودێر بێ بەسەر ئەو هەموو زێدەڕۆییەی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامە، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنەکان کە دەیکەنە سەر زمانی کوردی؟ سەیر و سەمەرە لە وەڵامەکەدایە، وەزارەتی ڕۆشنبیری دەبێ چاودێر بێ بەسەر هەموو کایە ڕۆشنبیرییەکانەوە، لەکاتێکدا ئەو وەزارەتە چەند مێز و کورسییەکە بۆ جێکردنەوەی چەند پۆست و پلەیەک و هیچی دیکە. کەواتە چۆن دەکرێ متمانە بە گرووپێک بکرێ کە بۆ ئەو مەبەستە ئامادە نەکراون.

مەترسیی هەرە گەورە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندندایە، لەناو ئەواندا ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بە پلەی یەکەم. تا ئێستا وتە بەناوبانگەکەی ئەحمەد مەتەر، شاعیر میسری، لە شوێنی خۆیدایە (ئەگەر ویستت شتێک بشاریەوە، بیخە ناو کتێبەوە) مەبەستەکە ڕوونە، کەس کتێب ناکاتەوە، مەبەست بابەتەکانی نووسین بە هەموو بەشەکانییەوە. هەر لەبەر ئەوەشە کاریگەرییان لەسەر دەوروبەری کەمترە، ئەویان یەکەم. دووەم ئەوانەی دەخوێننەوە (خوێندەوار) کەمتر بابەتەکان وەک خۆیان وەردەگرن، واتا هەڵەکان بەئاسانی قبووڵ ناکرێن، بەڵام کەناڵە دەنگییەکان، بەتایبەتی تەلەڤزیۆن لەسەر هەموو ئاستەکان و لە هەموو کاتێکدا سەیر دەکرێن و گوێیان لێ دەگیرێ، دووبارەبوونەوەشیان کاریگەریی قورس دەخاتە سەر بەکاربەرەکانی، بەتایبەتی منداڵ و هەرزەکار و خەڵکی سادە. وەک کرم دەچێتە ناو نەخشەی بیرکردنەوە و پرۆگرامی زمانی منداڵەوە و دەبێتە خاوەن ماڵ. ئەو زمانە شەقوشڕ و بازاڕییەی ئێستا لاوانی پازدە و شازدەساڵ قسەی پێ دەکەن، ئەوە بەرهەمی بەرنامە ژەهراوییەکانی دەساڵ لەوەپێشە. ئێستا کە ئاستی زمانی بەرنامە و فیلمەکانی کەناڵەکان چەند پلەی دیکە هاتوونە خوارێ، دەبێ منداڵ و هەزەکارانی ئەمڕۆ لە لاوییاندا چ زمانێکی سەقەت بەکار بهێنن! هەر کەناڵێک هەست بەو بەرپرسیارییە قورسە نیشتمانی و ئینسانییە نەکات کە لەسەر شانیەتی، هەرگیز هەست بە گرنگیی زمان ناکات، هەرگیز هەست



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

بە نەوەی نوێ ناکات. ئەگەر دەمانچەیەک یان ساروخێک کەسێک بکوژێت و ماڵێک وێران کات، ئەوە راگەیاندنی نابەرپرس نەوەیەک وێران دەکات.

سەبارەت بە کورد، ئەوە حاڵەتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە، هیچ دەزگا و فەرمانگەیەک بۆ ئەوە دروست نەکراوە نەوەی تازە بنیات نێ، وەک ئەوەی وێرانکردنی نەوەی داهاتوو ئەرکێکی نیشتمانی بێ.

دەبێ ئەوانەی لە بواری میدیا یان کولتوور کار دەکەن، باش لەوە حاڵی بن کە ئەوان بێ سانسۆر دەچنە هەموو ماڵێکەوە، وتووێژی ڕاستەوخۆ لەگەڵ یەکەیەکەی کۆمەڵگەدا دەکەن. دەسکاریی شتێکی بە بەها دەکەن، کە ئەویش بیرکردنەوەی ئینسانەکانە، گرنگترین شوێنی مرۆڤ بیرکردنەوەیەتی، بۆیە دەسکاریکردنی بیرکردنەوە لە دەسکاریکردنی گورچیلە و جگەر مەترسیدارترە. لە هیچ وڵاتێکدا بەبێ پرینسپ و بەرنامەیەکی تۆکمە، هیچ دەزگا و کەسێک بۆی نییە کار لەو بوارەدا بکات. سانسۆر و تەسکردنەوەی بواری میدیا و ڕاگەیاندن چەندە خراپە، میدیای بێ سانسۆر و ڕێکنەخراو دوو ئەوەندە خراپترە، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیی بە زمانەوە هەیە.

هەموو بوارەکانی میدیا و وەزارەتی ڕۆشنبیری، نوێنەرایەتیی سیاسەتی حکوومەت دەکەن لەو بوارنەدا. ئەوەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە حکوومەت ئەوەندەی لەو وەزارەتەوە خوێندبێتمانەوە هیچ سیاسیەتێکی ڕۆشنبیریی دیاریکراو و هەستپێکراوی نییە. لەو حاڵەتدا، یەکەم قوربانیی بێ بەرنامەیی زمانە. ئیشکردن لەسەر هەموو کایەکان بە فەرامۆشکردنی زمان، وەک پاراستنی کەوڵ و ئێسقانی شێرێکە، لە کاتێکدا لە خوێن بەتاڵ کراوەتەوە و دڵیان فڕێ داوە. دەسەڵاتی ئێمە لە رووی سیاسی و ئەمنییەوە هەرچەند بەهێز بێ، بەبێ گرنگیدان بە زمان، بێ خوێن و دڵە و ئایندەی نەوەی داهاتووش لێڵ دەبێ.

فەرامۆشکرنی قووڵی زمانە لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و نەبوونی فەلسەفەیەکی ڕوونی زمان و زمانی نەتەوەیی لەلایەن حکوومەتەوە ئەو پاشاگەردانییەیە. دەیان هۆکاری دیکە وادەکات کە وەزارەتێکی وەک خوێندنی باڵا، زمانی کوردی بە هەتیو بزانێ و وەک منداڵێکی هەتیو گوێی بگرێت و فڕێی بداتە دەرێ.

لە هەموو هۆکارەکانیش گرنگتر، دوژمنایەتیکردنی کتێبە لە لایەن هەموو کۆمەڵگەوە، بە دامودەزگای فەرمی و



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

نافەرمییەوە. حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە پرۆگرامی کارکردنیدا بەرنامەیەکی جدی، یان فەلسەفەیەکی دیاریکراوی ڕوونی نییە، تا کاری لەسەر بکات.

دوژمنایەتیکردنی بێ ئەندازەی کتێب لەلایەن کۆمەڵگەوە بە هەموو کایەکانییەوە، فەرمی و نافەرمی، ئایینی و عیلمانی، زمانی خستووەتە خانەیەکی ئەوەندە نزمەوە، کە نەک وەزارەتی خوێندنی باڵا، هەتا کەناڵێکی لاکۆڵانیش دەتوانێ گاڵتەی پێ بکات.

کۆمەڵگەی کوردی، کۆمەڵگایەکی قسەکەرە نەک بیرکەرەوە، یان خوێنەر، یاخود گوێگر، بۆ قسەکردن لەسەر هەر بابەتێک سەدان کەست دەست دەکەوێ، وەک ئەوەی ئێستا لە کەناڵە گاڵتەپێکەرەکان خەڵک ڕۆژانە دەیبینین.

ئەوەش نوکتە گریاناوییەکە: من ئەوە چەند ساڵێکە گوتموومە کە بەشداریی بەرنامەی تەلەڤزیۆنی و چاوپێکەوتن ناکەم، بەڵام ڕۆژانە پەیوەندیم پێوە دەکەن، کە دەڵێم زۆر باشە من ڕازیم با بەرنامەکە دیاریکراو بێ و لەسەر بابەتێک بێ، بۆ ئەوەش دەبێ (فڵان و فڵان کتێب) بخوێننەوە، لەدوای باسی کتێب، نە پەیوەندی دەکەنەوە و نە سەردان. بۆیە ئێستا خۆم بە کتێب پاس دەکەم، هەر کەناڵێک پەیوەندی دەکات، من (کتێبیان پێوە دەنێم) ئەوانیش دوور دەکەونەوە.

***ئەگەر ئەو دوژمنایەتییە سەرتاپاگیر نییە، بۆچی سەرەڕای ئەوەی کە:***

*یەکەم: ژمارەی مامۆستایانی کوردستان زۆر زیاترە لە سەد هەزار مامۆستا.*

*دووەم: ژمارەی قوتابییانی زانکۆ چەندان قات لەو ژمارە زیاترە.*

*سێیەم: ئەدیب و نووسەر تەنیا بە لیستی ڕێزلێنان نزیکەی ١٠ هەزار بوون.*

*چوارەم: فەرمانبەر و کارمەندی ڕۆشنبیریش حسێب ناکرێن.*

لەگەڵ هەموو ئەو ژمارانەدا، تا ئێستا تیراژی کتێب تەنیا هەزار دانەیە و ئەویش بە زەحمەت ساغ دەکرێتەوە.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

هێشتا وەڵامی پرسیارەکەم نەداوەتەوە، چۆن زمان لە لەناوچوون دەپارێزین؟

٣٠ی تەمموز(جوولا)ی ٢٠١٧

## چۆن زمان لە لەناوچوون بپارێزین؟

(١٥ و کۆتایی)

بە هەر چوارده بەشەکەی پێشوو، چارەکێکی ئەو وێرانەیەم نەخستووەتە ڕوو کە خۆمان بەسەر زمانەکەماندا هێناوە.

ڕاستە بە پشتگیری و شەرعییەتی نێودەوڵەتی و نەتەوەیەکگرتووەکان و حیلفی ناتۆ و تەواوی دەوڵەتە بەهێزەکان و وڵاتانی ئەنجومەنی ئاسایش و سوپاکانیان، گەورەترین شانازی و شەڕیان سڕینەوەی کورد و لەناوبردنی زمانەکەی بووە. با بزانین چ شەڕێک بەو گەرموگوڕیە بۆ ماوەی زیاتر لە سەد ساڵ کۆدەنگیی جیهانیی لەسەر بووە؟

لە نیسانی ساڵی ١٩٢٤ز دا، ئەنجومەنی بەرزی نیشتمانیی تورک، یەکەمین دەستووری تورکیای پەسند کرد، لە مادەی هەشتا و هەشتەمی دەستوورەکەدا هاتووە (هەموو دانیشتووانی تورکیا بەبێ جیاوازیی ئایینی و نەژاد، گشتیان تورکن)! بەپێی مادەی دووەمی ئەم دەستوورە، زمانی تورکی بە تاکە زمانی فەرمیی دانپێدانراوی تورکیا دادەنرێ. کتێبی بەستانداردکردنی زمان و ئەلفوبێی کوردی. دکتۆر ڕەفیق سابیر..لاپەڕە ٧٦).

ئەوە تەنیا دەستووری تورک نەبووە، ئەوە دەستوور و ئیمان و عەقیدەی عەرەب و فارسیش بووە. بۆ سەد ساڵی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەواو کورد و زمانەکەی لەژێر فشارێکی توندی نەتەوە هاوسێ و هاوئایینە ڕواڵەتەکانیاندا بووە. بەپشتیوانیی تەواوی دنیا، شەرعییەتی نەتەوەیەکگرتووەکان، ئەوەش بۆ ئەبەد زاکیرەی کوردی وەک نەتەوەیەکی یەکگرتوو و خاوەن بەرژەوەندیی هاوبەش سڕییەوە.

ئەگەر زانا و پێشکەوتووخوازانی کورد ئەوەندەی ماسییش زاکیرەیان هەبایە، دەبوو هەتا سەد ساڵێکی دیکە باسی یاسا و شەرعییەتی دەولی و دەستووری ئەو دەوڵەتانە نەکەن، چونکە تەواو ئەوە ئەو چەکە بوو کە کوردی پێ سەربڕا. دەشێ ئەو فشارە قورسە جیهانییەی لەسەر کورد بووە، پەیکەری عاقڵی و شێوازی بیرکردنەوەی بەتەواو شێواندبێ. دەشێ هەر ئەو شێوانەش بووبێتە هۆی ئەوەی کورد هەرگیز بیرکردنەوە و بەرژەوەندییان دژی یەکتر ببینن. لە هیچ فەترەیەکی مێژووییدا نییە کورد (بەگشتی) خاڵێکی هاوبەشیان نیشانە کردبێ و هەموویان بەرەو ڕووی چووبن، نەخێر لەژێر ئەو فشارە بێ وێنەیەدا، دید و بیرکردنەوەیان بەرامبەر یەکتر بەتەواوی شێواوە، هیچ ئومێدێکیش نییە تەکنۆلۆجیا و پێشکەوتن بە فریایان بکەوێ.

بەشێکی سەرەکیی ئەو پاشاگەردانییەی لە ڕووی زمانەوە تووشمان بووە، ئەو فەرامۆشکردنە قووڵەی زمان پەیوەندیی بە شێواویی بیرکردنەوەمانەوە هەیە. ئەوەش بابەتێکە پەیوەندیی بە ستراکچەری زمان و بیرکردنەوەوە هەیە (هیچ بیرکردنەوەیەک بەبێ زمان وجوودی نییە) ئەوەش بابەتێکی تایبەتە و کەمێک لە بابەتەکەی ئێمە جیاوازە.

***لەو هەموو فشار و شێواویی بیرکردنەوەیەدا چۆن زمانەکەمان بپارێزین؟***

***هەندێک ڕێگا و شێواز هەن بە شێوەیەکی گشتی بۆ پاراستنی زمان بەکار دێن.***

***یەکەمیان:*** هاندانی نەوەی نوێ بۆ قسەکردن بە زمانی نەتەوەییان یان دایکیان بە ڕەوانی. یارمەتیدانیان بۆ بەکارهێنانی زمانێکی بێ خەوش. واتا خاوێنکردنەوەی زمانەکە بۆیان، خزمەتکردنی زمانەکە لە ڕووی فەرهەنگی و وشەسازی و گونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنی سەردەم.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**دووەم:** گۆڕینی کەتەلۆگ و دەفتەرچەی ڕێنمایی و زانیاریی گشتی بۆ سەر زمانەکە. بەشێوەیەک کە وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی ڕۆژ بێت. نابێ لەناو هیچ ئوتێل و مۆڵ و مارکێتەکان، بە هیچ بیانوویەک زمانەکە بکرێتە دەرەوە.

**سێیەم:** نووسینەوەی دۆکیومێنت و بەڵگەنامەکەکان بەو زمانە.

**چوارەم:** نووسینەوەی ئەدەبی نەتەوەیی و زانستی زمان بە زمانەکە و خوێندنی لە قۆناغەکانی خوێندندا.

**پێنجەم:** نووسینەوەی مێژووی زارەکی بە زمانەکە. ئەوەش کارئاسانی دەکات بۆ گواستنەوەی هەزار وشە و دیاردەی زمانی. سەرەڕای ڕزگارکردنی سامانی نەتەوەیی کولتووری لە لەناوچوون.

(گوگڵ هەلی بەکارهێنانی ٣٦ زمان دەدات بە بەکاربەرەکانی، واتا هەر کەسێک دەتوانێ لەنێوان سی و شەش زماندا، زمانێک هەڵبژێرێ و بەکاری بێنێ. لەوانەش ٢٨ زمانیان ئەورووپی یان ڕەسەن ئەوروپین. فارسی و تورکی و عەرەبییش لەناو ئەو زمانانەدان. ئەوەش بەکارهێنانی زمانە لە بەرزترین پلەدا لە بەکارهێنانی سەردەمدا، هەلی لەناوچوونی ئەو زمانانەی گوگڵ بەکاریان دەهێنێ سفرە. هەموو ئەو زمانانەی لە لیستی گوگڵدان، سەرەڕای ئەوەی ئەو زمانانەن کە دەسەڵاتی ئیداری و سیاسییان هەیە، لە هەمان کاتدا زمانە خزمەتکراوەکانیشن.

*بنەمای بەهێزی زمانی کوردی لە دوو خاڵدا کۆ دەکەینەوە:*

***یەکەم:** ڕەگوڕیشە تۆکمە و بەهێزەکەی. لق و زارە جیاوازەکانی، مێژوویی، ئەزموونی دەوڵەمەندی.*

***دووەم:** کەللەڕەقیی بەکاربەرەکانی، قبووڵکردنی هەموو شتێک لەپێناو پاراستنی زمانەکەیاندا.*

ئەوی ماوە ئەو پێشنیاز و بەرنامەیەیە کە دەبێ سەرەتا ئەنجومەنی هەر شارێک لە کوردستان پەسندی کا، دواتر لایەنەکانی پەیوەندیدار ناچار بکرێن بە جێبەجێکردنیان. ترس و گومانم لەوە هەیە، کە بەشی زۆری ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانییەکان نەخوێننەوە و بە ساڵیش کتێبێک بەدەستەوە نەگرن. هەر لەبەر ئەوەشە ئەو قوڕەی بەسەری ئێمەیاندا کردووە، ئەوەندە خەستە. دیسانەوە گومان لە کوردیزان و کوردی گوتنەکەشیانم هەیە، بەڵام بەرپرسیارییەتییەکەیان ئەو ئەرکەیان دەخاتە ئەستۆ، کە یاسای پاراستنی زمان دەرکەن، نەکردنی بە خیانەت دەزانم. کردنیشی خۆپاکردنەوەیە لەو فەرامۆشکارییانەی تا ئێستا کراون.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

## پێشنیازەکان بۆ شارەوان و ئەنجومەنی شارەوانییەکان:

### یاسای پاراستنی زمان یان مافەکانی زمانی نەتەوەیی:

**یەکەم:** ڕێسا و یاسایەکی ڕوون و ئاشکرا پەسند بکرێ، کە تەجاوزکردنە سەر زمانی کوردی ڕاگرێ. زمانی کوردی بە ڕەسمی بکرێتە زمانی شار و فەرمانگەکانی، حورمەت بۆ قسەپێکردن و نووسینی بگێڕدرێتەوە. (ئەگەر ڕایەکی دیکەشیان هەیە با دیسانەوە بە فەرمی و بەئاشکرا بە یاسای بکەن، وەک ئەوەی زمانی دووەمە یان سێیەمە، مافەکانی بە یاسا دیاری بکرێ، دەشێ لە شارێکەوە بۆ شارێک بگۆڕێت) ئەو کاتەش لەقەدەر ئەو مافەی ئەوان بۆمان دیاری دەکەن، لاقمان ڕادەکێشین.

**دووەم:** پاککردنەوەی سیمای شار لەو جەهالەت و زبڵەی بەسەر تابلۆی دوکان و مۆڵ و شوێنە گشتییەکانەوەن. بەجۆرێک سیمای شار تێکچووە، کە هیچ زبڵخانەیەک هێندە ژەهرڕێژ نییە.

**سێیەم:** زمانی لێک تێگەیشتن:

*- کە زمان بە فەرمی دیاری دەکرێ، مافەکانیشی بە وردی دەنووسرێتەوە. سادەترین مافی زمانی فەرمانگە و نووسینگە و شوێنە خزمەتگوزارییەکانە، وەکوو:*

*- دەبێ دکتۆر و ئەندازیار و بەڕێوەبەری ئیداریی کۆمپانیاکان، هەتا کرێکار و خزمەتگوزاریش، هەڵگری هەر ڕەگەزنامەیەک بن، زمانی فەرمیی ئەو وڵاتە بە قسەپێکردن و نووسینەوە بزانن.*

*- دکتۆر و وانەبێژانی زانکۆ، بە هیچ بیانوویەک لە زانینی زمانی کوردی نابوێردرێن، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، بەشێک لەو پاشاگەردانییەی زانکۆ ئەهلییەکانی گرتووەتەوە، نەزانینی زمانی کوردییە لەلایەن مامۆستایانەوە (ناکرێ مامۆستای عەرەب، قوتابی کورد، وانەی ئینگلیزی، بەبێ ئەوەی هیچیان زمانی ئەوی دیکە بزانن) جگە لەو مامۆستایانەی کە بەتایبەتی بۆ گوتنەوەی زمانەکانی خۆیان هاتوون. بۆ نموونە، مامۆستایەکی ئینگلیزی فۆنەتیکی زمانی ئینگلیزی بڵێتەوە، ئەوە لە شوێنی خۆیدایە.*

**چوارەم:** بە یاسا (پەیمانگای فێرکردنی زمانی کوردی) بە بیانییەکان بکرێتەوە و ئاستی خوێندنی تێدا دیاری بکرێ. هەر (جۆر) کار و پیشەیەکە، ئاستی خۆی بۆ دەستنیشان بکرێ. بۆ نموونە، کارگوزارێک دەکرێ یەک کۆرس بەشداریی پێ بکرێ، ئەو بابەتانەی پێ بگوترێ کە لە کارەکەیدا پێویستن (وەک هەنگاوی سەرەتا).دکتۆرێک کە تێگەیشتنی لە نەخۆشەکانی زۆر پێویستە، دەبێ سێ ئاست یان کۆرسی زمان بخوێنێ، چونکە هەڵەتێگەیشتنی یەک



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

وشە دەشێ ژیانی کەسێک بخاتە مەترسییەوە. هەرچەندە لە هەموو وڵاتانی دنیادا ئاستی خوێندنی زمان بۆ هەمووان وەکوو یەکە، (بێ گومان پرۆگرامی ئەو جۆرە پەیمانگایانە دەبێ هەمەلایەنە بێ و لەلایەن پسپۆڕانەوە ئامادە بکرێت).

**پێنجەم**: دەبێ هەموو تەلەڤزیۆن و هۆیەکانی ڕاگەیاندن شارەزای بواری زمانیان هەبێت و لەسەر هەر هەڵەیەک بەتوندی سزا بدرێن. ئەو کارەساتەی تەلەڤزیۆنەکان بەسەر زمانی کوردییاندا هێناوە، ئەگەر بەرپرسانیش فەرامۆشی کەن، مێژوو فەرامۆشی ناکات (ئەوەش لە بیهێزیی ئیمانەوەیە).

**شەشەم**: هەموو ئەو کەسانەی لە کەناڵەکانەوە بەخراپی زمان بەکار دێنن و تۆن و وشە و ڕستەیان تەواو نییە، بەبێ ئەوەی خزمەتی زمانەکەیان بکەن و لە هەڵە و ناتەواوی خاوێنی کەنەوە، لەسەر هەڵەی زمانی سزای مادی بدرێن و بەپێی قورسیی هەڵەکە، سزاکە قورستر بکرێت.

**حەوتەم**: ئەو قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆیانەی بەناوی تایبەت و وڵاتانی جۆراوجۆر دەکرێنەوە (ئینگلیزی، فەرەنسی و ئەڵمانی و تورکی)، ناکرێ بە هیچ بیانوویەک خۆیان و قوتابییەکانیان لە فێربوون و قسەکردن بە زمانی کوردی ببوێرن. هەڵەی هەرە گەورە ئەوەیە لەو قوتابخانانەدا ئاڵای ئەو وڵاتانە هەڵبدرێت کە هاوکاریانن و لەوەش کوفرتر ئەوەیە وێنەی سەرکردە نارەسەنەکانیان هەڵواسن، چونکە ئەو قوتابخانانە هەرچەندە نزیک بن لە دەوڵەتانی دراوسێ، جێگای سەفارەت ناگرنەوە. تەنیا سەفارەتەکان ئازادن وێنەی سەرکردەکانیان و ئاڵای وڵاتەکەیان هەڵواسن، ئەوەش دوای ئەوەی کە ئاڵا و ناو و سیستمی وڵاتی خانەخوێ قبووڵ دەکەن.

### ئەوپەڕی بێ ئینتیمایی، ئەوپەڕی نابەرپرسیاریەتی:

قوتابخانەیەک لەسەر خاکی تۆ بکرێتەوە، بە ئاڵا و کەلەگای سەرکردەکانی خۆیانەوە، بە بیانووی وانە و پرۆگرامەوە زمانی وڵاتەکەی خۆیان بەسەر منداڵانی وڵاتەکەتدا بسەپێنن، زمانی (دایک)یش یاساغ کەن، دان بە نەخشەی وڵاتەکەتدا نەنێن، ئەوەش تەنیا ئەو وڵاتانە توانیویانە بیکەن کە بە هێزی سوپا و تانک و شەڕ و کوشتار وڵاتێکیان داگیر کردووە.

**هەشتەم**: ناکرێ زمانی دایک یان زمانی نەتەوە وەک هەر بابەتێکی (کۆمەڵایەتی و پەروەردەیی) ئجتیهادی شەخسی یان (گرووپ و وەزارەتێکی) تێدا بکرێ. دەستبردن بۆ زمانی نەتەوە بە بیانووی نمرە یان ئاستی خوێندنەوە، دەبێ بکرێتە بابەتی ڕاوێژ و موناقەشەی گشتی و ئەنجومەنی پارێزگاکان بڕیاری لەسەر بدەن.



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

**ئێستا کاتی ئەوەیە هەمووومان بیر بکەینەوە کە بۆچی:**

**یەکەم:** وەزارەتێک جورئەت بکات سنوور بۆ زمانی نەتەوەکەی دانێ، کە هێشتا زمانەکە لەژێر مەترسیی لەناوچووندایە؟ مەترسی بە تەواوی مانایەوە، هێشتا بەرنامەیەکی تۆکمە بۆ پاراستنی نییە، هێشتا زمانەکە مشتوماڵ نەکراوە، هێشتا ئیعتیباری ئیداریی لە زمانە باڵادەستەکان وەرنەگرتووەتەوە، هێشتا بەڵگەنامەنووس و یاسانووس و زانستنووس پشتی پێ نابەستن، شەرەفی زمانی یەکەمیان نەداوەتێ. هێشتا سەردار و سەرچڵی پارەدار و بەخۆداڕیاو، وا دەزانێ زمانەکە ئاستێکی نزمی کۆمەڵایەتیی هەیە و ئەگەر کەسوکاری بە کوردی بخوێنن، هەم چارەنووسی کارکردنیان و هەم پایەی بەرزی کۆمەڵایەتییان دەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. لە کاتێکدا زمانەکە هێشتا برینی قووڵی ژێرپێکەوتن و شەڕە نایەکسان و نابەرامبەرەکانی پێوەیە و خوێنیشیان لێ دەچۆڕێ، لەو کاتەدا سەرچاوەی مەعریفەی زماناسی و خزمەتکردنی کولتوور زمانەکە خانەنشینیان کات، لەبەر دەرگا بیخاتە لیستی چاوەڕوانییەوە.

**دووەم:** کاری هەرە لەپێشی ئەو وەزارەتە بەرنامەڕێژی و کارکردنی بەردەوامە بۆ سارێژکردنی برینە قووڵەکان، ئەو زمانە و ڕێوشوێن دانانە بۆ هەموو دەزگاکان، تا پشت بە زمانەکەیان ببەستن.

**سێیەم:** دڵنیایی زانستی بداتە زمانەکە و شوێنی شایانی خۆی لەناو زمانەکانی ناوچەکەدا بۆ بکاتەوە، چونکە زمانەکانی ناوچەکە جوگرافیای بەکارهێنانی زمانی کوردی (کوردستان) بە ناوچەی (بێ زمان) یان بۆشایی زمانی دەزانن و گەرای خۆیانی تێدا بڵاو کردووەتەوە و هەمیشە ئامادەی ترووکانن.

ئەوە وەزارەتی خوێندنی باڵایە دەبێ بە هەموو توانای خۆیەوە (ئیعتیباری زانستیی) بۆ زمانی کوردی دروست بکاتەوە.

**چوارەم:** دەکرا یەکەم پێشنیازی وەزارەتی خوێندنی باڵا، پارێزگاری و پاراستنی زمانی کوردی بێ. دەبوو پڕۆژەیەکی تێر و تەسەل بۆ چۆنیەتیی پاراستن و پێشخستنی زمانی نەتەوەکەیان لە بەرنامەی حکوومەتدا جێی کردبایەوە، حکوومەتیان ناچار کردبا بەرنامەی تایبەت و بودجەی تایبەت بۆ خزمەتکردنی زمانی نەتەوەیی



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

تەرخان کردبا. دەبوو ئەو وەزارەتە یاسای (پاراستنی زمانی نەتەوەیی) دارِشتبایە.

## ئەنجام..

ئەگەر ئەنجامگیرییەکی کورتی هەموو بابەتەکە بکەین، لەو پازدە بەشەدا، وتارێکی تایبەتی دەوێت، بۆیە چاو لە ئەنجامەکەی دەپۆشم و یەک خاڵی گرنگ لەباتی ئەوە دەنووسم:

ئەگەر نەتەوەیەک زمانی خۆی بزانێ و لە خەمی زمانی خۆیدا بێ، ئەگەر دەسەڵات زمانی کوردی بە زمانی فەرمیی خۆی بزانێ، ئەگەر کاربەدەستان هەموویان نەبووبانە بازرگان، هەرگیزاو هەرگیز وەزارەتێک بوێریی ئەوەی نەدەکرد زمانی کوردی خانەنشین بکات.

٦ی ئاب(ئاگۆست)ی ٢٠١٧

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز

*کۆکردنەوە و یامادە کردنی رەحمان نەقشی*

*رێبەندانی ٢٧١٨ی کوردی = فێبریوێری ٢٠١٩ی زایینی*



کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org

کتێبخانەی دیجیتاڵی
www.rabari.org